KURDISTAN



# بەشێک لە دیمانە وتارەکانی

## هاوڕێ پێشەوا عەلیپوور

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

سەرچاوە
Serchawe

# پێڕست:

١- ڕێکخراوی لاوان هەر ڕێکخراوێکی سادە نەبوو، بەڵکوو ئیرادەیەکی ئینقلابی و نەتەوەیی بوو............ دیمانە ..... ٣
٢- لە بەهاری پراگەوە تا سەهۆڵبەندانی خۆرهەلات............................................................ ٧
٣- چەند وێستگەیەکی مێژوویی حیزبی دێموکرات لە دوای هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی.......................... ١٠
٤- گیارەنگ لووتکەی بەرزی تێکۆشان.................................................................. ٣٢
٥- هەڵبژاردنەکانی ئێران؛ لە سڕینەوەی بیری جیاواز هەتا تیرۆریستی نێوان مۆرەکانی ڕێژیم........................ ٣٤
٦- مێژووی ئالا و پێشمەرگە.......................................................................... ٣٩
٧- حیزبی دێموکرات و قەڵەمبازێکی مێژوویی بۆ ئامانجێکی لەمێژینە.............................................. ٤٣
٨- دەنگی لاوانی کورد لە کۆڕ و کۆمەڵە نێونەتەوەییەکان دەبیین.................................. دیمانە ..... ٤٨
٩- قرتاندنی باسکەکانی ئۆختاپووسی ڕۆژهەلاتی نێوەڕاست و پێشگرتن بە ملهوڕییەکانی.............................. ٥٣
١٠- وەڵامێک بۆ کارو چالاکییەکانی ڕحمان نەقشی..................................................... ٥٦

## وتارو پەیامەکان:

١١- پەیامی سکرتێری گشتیی یەکیەتیی لاوان سەبارەت بە مووشەکبارانی قەڵای دێموکرات.............................. ٥٨
١٢- پەیام لەناو جەرگەی "ئامەد"ی باکووری کوردستان لە کۆنگرەی لاوانی هەدەپە................................ ٦٠
١٣- وتاری کرانەوەی یەکەمین دیبەیتی لاوانی کوردستان................................................ ٦٢
١٤- پەیامی پیرۆزبایی و سپاسگوزاری یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ یەکیەتیی نێونەتەوەیی لاوانی سوسیالیست.................................................................................. ٦٥
١٥- پەیامی دوایین فێرگەی حدک و پێشوازی لە یەکگرتنەوە.............................................. ٦٨
١٦- پەیام بەبۆنەی شەوی لەدایکبونی دوکتور قاسملوو لە مەڵبەندی ٤ی کوردستان.............................. ٧٣
١٧- مێژووی دامەزرانی یەکەمین ڕێکخراوەکانی لاوانی جیهان و لاوانی کورد.................................. ٧٧
١٨- پەیام بە بۆنەی ڕۆژی جیهانیی لاوان.............................................................. ٨٠
١٩- پەیامێک لە دووهەمین ساڵیادی شەهیدکرانی ژینا ئەمینی و پشتیوانی لە مانگرتنی ٢٥ی خەرمانان............ ٨٤



سەرچاوە
Serchawe

## ڕێکخراوی لاوان هەر ڕێکخراوێکی سادە نەبوو، بەڵکوو ئیرادەیەکی ئینقلابی و نەتەوەیی بوو



**پێشەوا عەلیپوور: ئێمە پێمان وایە قۆناغی لاوی، قەرزە لەسەر شانمان و دەبێ ئەو قەرزە بە تیکۆشان بە خاک و خەڵک بدەینەوە...**

**ڕۆژی ٢٢ی خاکەلێوە، ساڵوەگەری دامەزرانی ڕێکخراوی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە، ئەم ڕێکخراوەیە کە مێژوویەکی دوورودرێژی لە خەبات و تێکۆشاندا هەیە، توانیویەتی وەک توێژێکی چالاک کاریگەریی بەربڵاوی لەسەر بزووتنەوەی مافخوازیی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا هەبێ. لە یادی ئەم ڕۆژە مێژووییەدا ماڵپەڕی "کوردستان و کورد" وتووێژێکی لەگەڵ پێشەوا عەلیپوور سکرتێری گشتیی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێک هێناوە.**

**کوردستان و کورد: یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان یەکێک لەو ڕێکخراوانەیە کە مێژوویەکی دوورودرێژی هەیە و بە مێژووی ڕزگاریخوازیی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەستراوەتەوە، دەکرێ سەرەتا بە ئاوڕدانەوەیەک لە ڕابردوو باسێک لە مێژووی دامەزرانی یەکیەتیی لاوان بکەن؟**

**پێشەوا عەلیپوور: یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە ساڵی ١٣٢٢ بەناوی سازمانی جەوانانی کورد لە شاری مەهاباد لەلایەن پۆلێک جەوان و ڕۆشنبیری ئەو سەردەم بە ئیلهام وەرگرتن لە لاوانی کۆمۆنیستی شۆڕەوی دامەزرا،**

تەنیا ڕێکخراوێکی سادەی لاوان نەبوو، بەڵکوو ئیرادەیەکی ئینقلابی و نەتەوەیی بوو کە خەونی گەورەی ڕزگاریی هەبوو و تێدەکۆشا لەو مەیدانەدا لاوان لەگەڵ پرسە نەتەوەییەکان ئاشنا بکا و هاوکات بە مەبەستی پێشەنگایەتیی خەباتی نەتەوەیی پەروەردەیان بکا. لەو نێوەدا تووشی تەنگ و چەڵەمەش هاتووە، لە قۆناغێکدا سازمانی جەوانانی کورد تێکۆشانی خۆی تێکەڵ بە کۆمەڵەی ژێ کاف دەکات و ئیتر لەو سەردەم تا ئێستاش بەشێکی دانەبڕاوی تێکۆشانی حیزبی دێموکراتە لەنێو لاواندا و شانبەشانی ئەو حیزبە بۆ ڕزگاری خەبات دەکا و لە جەریانی هێرشەکانی کۆماری ئیسلامی بۆسەر خەڵک و هەروەها حیزبی دێموکرات، ئەندامانی ئەم ڕێکخراوەیە داکۆکیکاری خاک و خەڵک بوون و تێچووشیان داوە.

**کوردستان و کورد:** تویژی لاوان بە هۆی تایبەتمەندیی قۆناغیی تەمەنیان دینامیکترین و ڕادیکاڵترین توێژی کۆمەڵگەن، زۆرترین توانای بردنە ژێر پرسیار و گۆڕانخوازییان هەیە، بە ڕای ئێوە لاوان لە ئێران و بە تایبەت ڕۆژهەڵاتی کوردستان تا چەند توانیویانە لەم چوارچێوەیەدا خۆیان پێناسە بکەن؟

**پێشەوا عەلیپوور:** هەروەک ئاماژەتان پێکرد لاوان توێژێکی ئەکتیڤ و هێزیکی تایبەتن لە گۆڕانکارییەکاندا و بە دڵنیاییەوە بە درێژایی مێژوو لاوان دەوریان هەبووە لە ئاڵوگۆڕە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکاندا، نموونەی بەرچاوی ئەم کاریگەرییەی لاوان لە دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان دەر دەکەوێ کە ڕێبەرانی کۆمار لەسێدارە دەدرێن، بەڵام ئەوە لاوانی گۆشکراوی بیری کۆمارن دێن و جارێکی دیکە سازمان و ئۆرگانیزمی حیزبی دروست دەکەنەوە و درێژە بە تێکۆشان دەدەن، لە قۆناغێکی دیکەدا ئەوە هەر لاوانن کە بە وەرێخستنی بزووتنەوەی چەکدارانەی ٤٦ - ٤٧ فەزای سیاسیی ڕۆژهەڵات لە پەسیڤ بوون دەرباز دەکەن و ماوەی ١٨ مانگ گۆمی مەندی ڕۆژهەڵاتی ناڤین دەشڵەقێنن.

بە درێژایی تەمەنی کۆماری ئیسلامییش لاوانی کورد لە هەموو سەنگەرەکاندا پێشمەرگانە ڕووبەڕووی کۆماری ئیسلامی وەستاونەتەوە و بە ژینگەپارێزی و زمانپارێزی ناسنامەی کوردیان پاراستوە؛ کەواتە توانیویانە خۆیان پێناسە بکەن و لە بەهێزکردنی هۆوییەتدا باش چوونەتە پێشێ تا ئەو جێیە کە تازە کەس نەتەوەی کوردی لە ڕۆژهەڵات پێ ئینکار نەکرێ.

**کوردستان و کورد:** دەگوترێ لاوان وەک توێژێکی چالاک و پڕ ئێنێرژی کە دەتوانن زۆرترین کاریگەرییان لەسەر گۆڕانکارییەکان هەبێ، بەڵام جموجۆڵ و چالاکیی لاوان لە ئاستی پێویست و چاوەڕوانییەکان نییە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئایا ئێوەش وا بیر دەکەنەوە، ئەگەر بەم جۆرەیە بۆچی؟

**پێشەوا عەلیپوور:** ئەمڕۆکە لاوان لە ڕۆژهەڵات بە پێکهێنانی کەمپەینی جۆراوجۆر توانیویانە لە ئاست سانسۆری میدیایی دەسەڵاتی ناوەندگەرا بوەستنەوە، ئەوەتا دەبینین پەتای کۆرۆنا کە تەواوی دنیای داگرتووە و ئێرانیش وەک وڵاتێکی



سەرچاوە Serchawe

دواکەوتــوو لە کەرتــی تەندروســتی، کوردســتانی هەڵاواردووە؛ ئەوە لاوانــی کــوردن کە ڕووبەڕووی هەڵاواردنــی نەتەوەیــیش بــوونەوە و هەروەهــا دەســتیان داوەتە دەســتی یەک بــۆ پاراســتنی ژیــانی هاونیشــتمانییان و شــەقامەکان پــاکژ دەکەنەوە و هەڵمەتی هۆشیاری بۆ خۆپارێزی لە کۆرۆنا بەڕێوە دەبەن، لە هەمــان کاتــدا لە ڕێگەی کەمپەینەکــانەوە یــارمەتیی خەڵکی کەمداهات و بێداهات دەدەن. ئەمە زەقترین تێکۆشانی لاوانی کوردە لەم سەردەمەدا کە دەوڵەتــان بەدەست پەتــای کۆرۆنــاوە دەناڵێنن.

**کوردستان و کورد**: ئێوە وەک ڕێکخراوێک کە خاوەن مێژوویەکی دەیان ساڵەن، چەنده توانیوتــانە لە پێوەنــدی لەگەڵ لاوان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان شوێندانەر بن و چییتان بۆ لاوان لە کوردستان کردوە؟

**پێشــەوا عەلیپــوور**: ئێمە لە یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتــی کوردســتان تێکۆشــاوین لە ڕێگەی دەزگــای میــدیایی و دنیای مەجازییەوە لاوانی کورد ئاشنا بکەین بە خەباتی خۆمان و هەروەها لە ڕێگەی تەشکیلاتەوە هانــدەر و پاڵپشتی ئەو ناسیۆنالیزمە مەدەنییە بین کە شکڵی گرتوە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و نووکە ڕمبەکەشی بەدڵنیاییەوە لاوانن.

**کوردستان و کورد**: ئێوە وەک یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان تا چەند توانیوتانە پرسی لاوانی کورد بە تــایبەت لاوانــی ڕۆژهەڵاتــی کوردســتان کە ســاڵانە ڕووبەڕووی چەنــدین کێشــە و گرفــت و زوڵــم و زۆری لە لایەن کۆمــاری ئیسلامیی ئێران دەبنەوە بگەیەننە کۆڕ و کۆبوونەوە و ڕێکخراوە جیهانییەکان؟ ئایا تا چەند پەیامەکەیان وەرگرتوە؟

**پێشــەوا عەلیپــوور**: لاوانــی کــورد لە ڕۆژهەڵات لە جەریــانی خەبــاتی خۆیانــدا تووشــی تەنــگ و چەڵەمە دەبــنەوە و ئەمەش دەچێتە خانەی نرخ بــۆ ئــازادی، بەڵام ئەو ئــامانجانەی ئێمە لە هەڵاواردنــی نەتەوەیــی و ڕوانینــی ئەمنیەتیــی ناوەنــد بۆســەر کوردستانی دەبینین و لاوانی کوردی تووشی کەند و کۆسپی زیاتر کردوە، بێگومان ئەرک دەخاتە سەر شانی ئێمە. ئێمە بە ئەرکی خۆمــان زانیــوە ببینە دەنگی لاوانی کورد لە کۆڕ و کۆمەڵە نێونەتەوەییەکانــدا و هەوڵمــان داوە پرســی کۆڵبەران و قوربانییانی مین و مەوادی موخەدیر کە سیستماتیک بەسەر جەوانانی کورددا دەسەپێنرێ بهێنینە گۆڕێ، کەیسی مافی مرۆڤ و زینــدانییانی سیاسی و دۆخی ژنــانیش ئەو پرسانەن کە لێیــان خافڵ نەبــووین و لە هەر مەیــدانێکی نێــونەتەوەیی بۆمــان کرابێ هێناومانەتە گۆڕێ و نوێترینیان ناردنی قەتعنامەیەکە لە لایەن یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بــۆ کــۆنگرەی داهــاتووی لاوانــی ئینتێرناسیۆنال سۆسیالیست کە لەوێ زیــاتر باســی ڕەوشــی کــورد و لاوانــی کــورد لە ئێران دەکرێت و بەخۆشییەوە تا ئێستا پشتیوانی و ئیجماعێکی نێونەتەوەیی لاوانی وڵاتــانی دیکەی لەســەرە و ئەوان هەنگــاوێکیش لە ئــێمە زیــاتر داوای پشــتیوانی بــۆ لاوانــی ڕۆژهەڵاتــی کوردســتان دەکەن و لەم بــارەوە داوای چــاودێری و بەدواداچــوونی ڕاستەوخۆی نەتەوە یەکگرتووەکان کراوە بۆ پرسەکانی کورد و لاوانی کورد.

**کوردستان و کورد**: پێتان وایە لاوان بۆ زیاتر کاریگەری و شوێندانەرییان لە کۆمەڵگە دەبێ چیی بکەن و هەروەها ئێوە وەک ڕێکخراوی لاوان لەم پێوەندییەدا چ ئەرکێکتان لەسەر شانە؟

**پێشەوا عەلیپوور**: ئێمە پێمان وایە قۆناغی لاوی، قەرزە لەسەر شانمان و دەبێ ئەو قەرزە بە تێکۆشان بە خاک و خەڵک بدەینەوە و لاوانی ڕۆژهەڵات کەمیان لەخۆ مایە دانەناوە و لەم بارەوە بۆ لێ فێربوون دەبن و توانیویانە کاریگەرییان هەبێ لەسەر گەشەی شعووری نەتەوەیی و ئاگاهیی نەتەوەیی، ئێمەش بەڵێن دەدەین تێبکۆشین لە پێناو بەنێونەتەوەیی کردنی تێکۆشان و بەنێونەتەوەیی کردنی ڕەنج و مەینەتییەکانیان.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٩ی ئەپریلی ٢٠٢٠

---

## لە بەهاری پراگەوە تا سەهۆڵبەندانی خۆرهەڵات




**(کاریگەریی کەسایەتی دوکتور قاسملوو لەسەر ڕێبازی حیزبی دێموکرات)**

ڕوون و ئاشکرایە کە کەسایەتیی دوکتور قاسملوو لە مێژووی جووڵانەوەی نەتەوەی کورد و حیزبی دێموکراتدا، شوێندانەرییەکی تایبەتی هەبووە و ئێستاش ئەو کاریگەرییانە لە ڕەفتاری سیاسیی حیزبی دێموکرات و کادرەکانی ئەم حیزبەدا ڕەنگدانەوەی هەیە، بێگومان ڕێبەری کردنی قەیران و مودیریەتی سیاسی و فکریی ئەو حیزبە، لە جەنگەی تۆفانی ئایدۆلۆژیا چەقبەستوو و داخراوەکان لە دەورانە جۆراوجۆرەکانی مێژوودا و، تێئۆریزە کردنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد و خەباتی حیزبی دێموکرات، لە دیارترین تایبەتمەندییەکانی دوکتور قاسملوو بوون کە بە خوێندنەوەی دەقیق و ورد لە سەردەمی خۆی تێکۆشا لە بازنەی ئایدیای داخراوی زاڵی ئەو سەردەمدا قەتیس نەبێ و بە تێگەیشتنی دەقیق لە دۆخی کورد و خەباتی حیزبی دێموکرات، فۆرموولی نوێ بهێنێتە گۆڕێ و هەروەها سەربەخۆیی بڕیار، سەربەخۆیی تاک، ڕێزگرتن لە دێموکراسی و ئازادی لە دیارترین تایبەتمەندییەکانی دوکتور قاسملوو بوون کە پێداگر بووە بۆ نەهادینە کردن و بە کولتوور کردنیان لە سیستمی حیزبی و لە نێو بزووتنەوەدا.

دوکتور قاسملوو لە سەردەمێکدا کە بۆ خوێندنی ئاکادێمی دەچێتە فەڕانسە، بیری ئازادیخوازی و پاراستنی کەرامەتی ئینسانی و دێموکراسی دەکاتە سەرلەوحەی تێکۆشانی خۆی و بە وتارێکی ئاگرین لە ئاکسیۆنی ئێعترازیی لاوان و

خوێندکارانی ئێرانی لە پاریس - لە سەر دیفاع لە ئازادیی ڕۆژنامەگەری و ئازادیی ڕادەربڕین، دژی ڕێژیمی شا کە بە بیانووی هەوڵی تێرۆری شا بەرتەسک کرابوونەوە- قۆناغێکی نوێ لە خەبات و تێکۆشانی خۆی دەست پێ دەکا. ئەم هەڵوێستەی دوکتور قاسملوو دەبێتە هۆکاری ئەوەی لە لایەن سەفیری ئێران لە فەڕانسە داوای دەرکردنی بکرێ لەو وڵاتە و هەر بۆیە ساڵی ١٣٢٨ی هەتاوی (١٩٥٠ی زایینی) بە ناچار فەڕانسە بەجێ دەهێڵێ و بە کەلکوەرگرتن لە بوورسی "یەکیەتیی نێونەتەوەیی خوێندکاران" دەچێتە چێکۆسلۆڤاکی و لە پراگ خوێندنی ئاکادێمی درێژە دەدا و دەبێتە مامۆستای زانکۆ.

ئەو قۆناغەی ژیانی دوکتور قاسملوو لە پراگ وەک وێستگەیەکی تایبەتیی تێکۆشانی دێتە ئەژمار، لە لایەک پلەی دوکتورا لە خوێندن بەدەست دەهێنێ و دەبێتە شارەزای بواری ئابووریی سۆسیالیستی و ئابووریی سەرمایەداری و، لە لایەکیش بیر لە جێخستنی ئازادی و دێموکراسی لە سیستمی سۆسیالیستییدا دەکاتەوە، لەوێیە کە وردە وردە خوێندنەوەی نوێ بۆ سۆسیالیزم دادەڕێژێ و یەکەمین چەخماخەی ئەو داڕشتنەوەی، بە مەحکووم کردنی هێرشی ئەرتەشی شۆڕەوی بۆ سەر پراگ لێ دەدا.

لە سەردەمێکدا کە دۆخی سیاسی لە چێکۆسلۆڤاکی ئاڵوگۆڕێکی نوێی بە خۆیەوە دەدی و کرانەوەی سیاسی و بزووتنەوەیەکی ئازادیخوازانە بە دەستپێشخەریی ئەلێکساندێر دۆبچێک، کۆمەڵگەی ئەو وڵاتەی گرتەوە و لە ئاکامدا دەستی حیزبی کۆمۆنیستی لە کۆنترۆڵی کۆمەڵگە کورت کرد، ترسێک هەناوی شۆڕەوی و وڵاتانی دیکەی سۆسیالیستیی داگرت کە لە ئیدارەی کۆمەڵگەکانیاندا ماهیەتی تۆتالیتێریان هەبوو. ترس لە تەشەنە سەندنی ئەو ئازادییانەی چێکۆسلۆڤاکی بۆ نێو وڵاتانی ژێر دەسەڵاتی بیری سۆسیالیستیی شۆڕەوی بە واتای کۆتایی حاکمیەتی سۆسیالیزمی مەوجود و بەڕێوەبەرانی ئەم بیرە بوو، هەر بۆیە تەحەمولیان نەکرد و هێرشیان کردە سەر ئەو وڵاتە و ئەوەی لە ساڵی ١٩٦٨ پێی دەگوترا "بەهاری پراگ"، کەوتە ژێر زنجیری تانکەکانی سۆسیالیستە کەونەکان و ئەمەش دوکتور قاسملووی دێموکراتی هان دا کە بە جورئەتەوە ئەم حەرەکەتەی شۆڕەوی مەحکووم بکا، دیارە ئەم هەڵوێستەی دوکتور قاسملوو بە پێچەوانەی ئەو ڕەوتە ڕۆشنبیرییە سۆسیالیستییە زاڵەی کۆمەڵگەی کوردی بوو. ئەم بوێرییەی دوکتور قاسملوو لە هەڵوێست و سەربەخۆیی لە بڕیار دانی، جارێکی تر دوکتور قاسملوو تووشی کێشە دەکا و لە سەر داوای حیزبی توودە لە چێکۆسلۆڤاکیی ژێر دەسەڵاتی شۆڕەوی دەر دەکرێ.

چاودێری و لێکۆڵینەوەی وردی دوکتور قاسملوو لە سەر دۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتیی دەورانی شەڕی سارد لە وڵاتانی ژێر دەسەڵاتی شۆڕەوی بە ئیدارەی سۆسیالیستیی داخراو، ئەو ڕێبەرە هان دەدا کە بیر لە ڕیفۆرمێکی جددی بکاتەوە لە سیستمی سۆسیالیزمدا، بە جۆرێک کە شیاوی کۆمەڵی کوردەواری و کۆمەڵگەی کوردستان بێ و ئازادی و دێموکراسیی تێدا جێگیر بکرێ، بەڵام بە داخەوە دواکەوتوویی کۆمەڵگەی کوردی و لەوان سەیرتر چەقبەستوویی ڕۆشنبیران و سیاسییەکانی ئەو



سەرچاوە Serchawe

سەردەم و نەبوونی خوێندنەوەی دروستی ئەو چینە لە ڕووداوەکان و ئاگادار نەبوونیان لە زاتی سۆسیالیزمی مەوجوود، بوون بە لەمپەر بۆ ئەوەی ئەو بابەتە فکرییە بە ئاسانی نەگاتە نێو کورد و نەتوانێ چەکەرە بکا. دوای شۆڕشی گەلانی ئێرانیش بە ئاشکرا بوونی خەباتی ڕەوتی دیکەی غەیری حیزبی دێموکرات و باندۆری گوتاری سۆسیالیستیی ئەو سەردەم لەسەر ڕێبەران و پێشەنگەکانی ئەو ڕەوتە نوێیە و هەروەها نەبوونی دەرکی دروستیان لە واقعیات و نێوەرۆکی ئەو سۆسیالیزمە تۆتالیتێرەی شۆڕەوی، وای کرد کە ڕەوتی نوێش بکەونە بەرەی دژی دوکتور قاسملوو و حیزبی دێموکرات و ئەو حیزبەیان بە کۆنەپارێز ناو دێنا و سیاسەتی ئەو حیزبەیان پێ کلاسیک بوو. هەمووی ئەمانە لە کاتێکدایە کە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ئورووپا لە جەریانی شەڕی سارددا تەجروبەی تاڵیان هەبوو لە تەراتێنی پۆتینی سۆسیالیستیی شۆڕەوی بەسەر ئازادییەکانیاندا و، هەر بۆیەش زوو وەخۆ کەوتن و ئەو چەشنە لە سۆسیالیزمیان قەبووڵ نەکرد و لە هەناوی سۆسیالیزمدا بە دوای ئازادی و دێموکراسییدا دەگەڕان، کە بێگومان ئەمە خەونی دوکتور قاسملووش بوو کە لە نزیکەوە چاودێریی دۆخی ئەو وڵاتانەی کردبوو.

بەهەموو ئەو کێشە و لەمپەرانەشەوە دوکتور قاسملوو لە سەختترین قۆناغەکانی جیهانی و ناوچەیی و کوردستانی، هەم حیزبی دێموکراتی ڕێبەرایەتی کرد و هەمیش وەک کەشتیوانێکی لێزان، بزوتنەوەی کوردی لە تۆفانی ململانێی هزری و سیاسیی سەردەم بە باشی ڕێبەرایەتی کرد.

لە ئاکامدا دوکتور قاسملوو لە ساڵی ١٣٦٢ی هەتاوی (١٩٨٤ی زایینی) و لە جەریانی کۆنگرەی شەشی حیزبی دێموکرات لە ناوچەی گەلاڵەی باشووری کوردستان، خوێندنەوەی نوێی لە سۆسیالیزمی سەردەمی جیهانی دوو جەمسەری، لەژێر ناوی "کورتە باس" دەهێنێتە گۆڕێ کە تێیدا پێداچوونەوەی بە سۆسیالیزمی مەوجوددا کرد و لە بیری ستالینی دای‌ماڵی و هەروەها لە خوێندنەوەی چەپی کلاسیک جیای کردەوە. لەو خوێندنەوەیەدا بۆ سۆسیالیزم هەر چەشنە دیکتاتۆرییەتێک ڕەد دەکرێتەوە و جێگە و پێگەی ئازادی و دێموکراسی بەرز دەنرخێندرێ. ئەمە لە کاتێکدایە کە سۆسیالیزمی سۆڤیەت هەناسەی ئازادیی لە ڕۆژهەڵاتی ئورووپا بڕیوە و سیستمی تۆتالیتێری بەسەر ئەو کۆمەڵگەیانەی ژێردەستی خۆیدا سەپاندوە، بەهەموو ئەوانەشەوە لە کوردستان بەشێک هەر سوور بوون و هێشتاش سوورن لەسەر بە بنەماگرتنی سۆسیالیزمی ساردی شۆڕەوی.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٢ی جوولای ٢٠٢٠

# چەند وێستگەیەکی مێژوویی حیزبی دێموکرات لەدوای شۆڕشی ١٣٥٧



## بەشی یەکەم

### ئاماژە:

**خەبات و فیداکاریی خەباتگێڕانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ وەدیهێنانی مافە نەتەوایەتییەکانیان بەدرێژایی سەدەی بیستەم بەردەوام بووە. بەڵام لەو پرۆسەیەدا تەنیا دوو جار ئاڵوگۆڕی سیاسیی ئەوتۆ هاتۆتە پیش کە کورد توانیبیتی لە بەرژەوەندیی خۆی بیقۆزێتەوە. یەکەم دەرفەت بەدوای شەڕی دووهەمی جیهانیدا بوو کە دامەزرانی حیزبی دێموکرات و کۆماری کوردستانی لێ کەوتەوە و حیزبی دێموکرات توانی مۆدێلێکی مۆدێرن و پێشکەوتوو لە حوکمڕانیی نەتەوەیی پێشکێش بکا. دووهەم دەرفەتیش لەپاش شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧ی ئێران هاتە پێش کە بووژانەوەی حیزب و دەسپێکی قۆناغێکی دیکەی خەباتی بەدوادا هات. بەڵام بەداخەوە گوتاری ئاشتیخوازیی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد بە ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەلایەن دەسەڵاتی ناوەندییەوە بە سیاسەتی سەرکوت و هێرش و پەلامار بۆ لەبن دەرهێنانی ئەو جووڵانەوەیە وەڵام درایەوە.**

**لەم نووسینەدا کە لە سێ بەشدا بڵاو دەبێتەوە، وەک پانۆڕامایەک، ئاوڕ لە چەند وێستگەیەکی مێژوویی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە دوای شۆڕشی ١٣٥٧ی گەلانی ئێران و سیاسەت و هەڵوێستی ئەم حیزبە لەهەمبەر ڕووداوە سیاسییەکانی ئەوکاتدا دراوەتەوە:**

## بەشداریی کورد لە شۆڕشی گەلانی ئێران

لە ساڵەکانی پێش ١٣٥٧ی هەتاوی، گەلانی وەزاڵەهاتوو لە ستەمی ڕێژیمی پاشایەتی کە چەقۆ گەیشتبوو سەر ئێسکیان، لە شار و ناوچە جیاجیاکان ناوەناوە بێزاریی خۆیان لە ڕێژیمی شا دەردەبڕی، بەشێکی زۆر لە ئێرانییەکان لەژێر فەرمانی خومەینیدا خۆیان ڕێکخستبوو و ئامادەی شۆڕش بوون.

بە سەرنجدان بە ڕابردووی دووروردرێژی ستەمی بنەماڵەی پەهلەوی، هەر لە شەهیدکردنی سمایل ئاغای سمکۆ و ڕووخاندنی کۆماری کوردستان و شەهیدکردنی پێشەوای کوردان و هەروەها سەرکوتی بزووتنەوەی ٤٦-٤٧، نەتەوەی کوردیش بۆ کۆتاییهێنان بەو ڕێژیمە ئامادەی ڕاپەڕین بوون. بەتایبەت کە گەلی کورد لە کوردستانی ئێران زیاتر لە سێ دەیە بوو خاوەن ئەزموونی سیاسی و حیزبایەتی بوون.

لەو سەر و بەندەدا و لە سێ ڕۆژانەی کۆچی دوایی کاک عەزیز یوسفی، ئەندامی پێشووی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکرات، ڕۆژی ١٧ی جۆزەردانی ساڵی ١٣٥٧، خۆپیشاندانێکی بەرین لە مەهاباد بەڕێوە چوو. ئەم خۆپیشاندانە دەسپێکی زنجیرە خۆپیشاندانەکانی خەڵکی کوردستان بوو بەدژی ڕێژیمی شا. لەو بارودۆخەدا ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکرات لە گەرمێن، بە تێگەیشتنی ورد و هەمەلایەنە لە ئاڵوگۆڕەکانی ئەو سەردەم، بەشێک لە ڕێبەرایەتی و کادرەکانی خۆی لە پاییزی ١٣٥٧ی هەتاوی، لەژێر ناوی کۆمیتەی زاگرۆس ناردەوە نێو خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و دەستیان بە ڕێکخستنەوەی ڕیزەکانی حیزب و جەماوەر کرد.

ڕێکخراوەکانی لاوان و ژنان سەرلەنوێ بووژانەوە و ئیتر پۆلپۆل خەڵک پەیوەستی ڕیزەکانی حیزبی خۆیان دەبوون.

### گرتنی پادگانی مەهاباد

شۆڕش دژی ڕێژیمی شا لە سەرکەوتندابوو، لەگەڵ ئەوەیکە ٢٢ی ڕێبەندانی ١٣٥٧، شۆڕشی گەلانی ئێران سەرکەوت و کۆتایی بە دەسەڵاتی پاشایەتی هات، بەڵام بەشێکی بەرچاو لە مۆڵگە سەربازییەکان لە شار و ناوچەکانی ئێران هێشتا لەدەست پاشماوەی ڕێژیمی پاشایەتیدا بوون. حیزبی دێموکرات ڕۆژی ٣٠ی ڕێبەندانی ١٣٥٧ بە یارمەتیی ئەفسەرانی شۆڕشگێڕی ئەرتەش، دەستی بەسەر پادگانی مەهاباددا گرت و کۆتاییان بە دەسەڵاتی نگریسی پاشایەتی لەم ناوچەیە هێنا.

## میتینگی جەماوەری حیزبی دێموکرات لە شاری مەهاباد

لە یەکەم ڕۆژ و حەوتووەکانی دوای سەرکەوتنی شۆڕش و لە کاتێکدا کوردستان ڕووی ئازادی بەخۆیەوە دەدی و حیزب و ئۆرگانەکانی بەرەو سەقامگیری دەچوون، ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بەرنامەیدا بوو کە لە میتینگێکی گەورەدا دەستپێکردنەوەی خەباتی ئاشکرای خۆی بەڕەسمی ڕابگەیەنێ.

ڕۆژی ١١ی ڕەشەمەی ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی، پتر لە سەد هەزار کەس لە شار و ناوچە جیاجیاکانی کوردستان ڕوویان کردە شاری مەهاباد، ئەو جێگایەی کە حیزبی دێموکرات، یەکەمین جار کۆماری کوردستانی لێ دامەزراندبوو.

هەتا چاو هەتەری دەکرد هەر جەماوەر بوو، دەرزیت حەوادابا وەعەرز نەدەکەوت، خەڵک دوای چاوەڕوانییەکی زۆر، تامەزرۆی میتینگی حیزبی خۆیان بوون. بەڵێ ئێرە وێستگەی ئاشکرابوونی قۆناغی نوێی خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستانە.

میتینگ بە پەیامی مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە، بەرپرسی کۆمیتەی ڕێکخراوی حیزب لە مەهاباد دەستی پێ کرد و پاشان دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات وتارێکی مێژوویی پێشکێشی جەماوەر دەکا.

دوکتور قاسملوو لە پەیامەکەیدا، مانیفێستی دەوڵەتێکی دێموکراتیک و ئازاد وێنا دەکا. ئەو باس لە ئاشتی و برایەتیی گەلان و ئازادیی ئایینەکان دەکا و بە بەرجەستەکردن و بەرزنرخاندنی ڕۆڵی جەماوەر خاوەنە ڕاستەقینەکانی حیزبی دێموکرات وەبیر خەڵک دەهێنێتەوە.

جۆش و خرۆشێکی لەڕادەبەدەر لەنێو جەماوەر دیارە، دوکتور قاسملوو بەردەوام دەبێ لە وتاردان و چوارچێوەی قەوارەی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دیاری دەکا. ئیتر ئەوجار جەماوەر کەیف خۆشن، لە دێوەزمەی پەهلەوی ڕزگارییان بووە و بەرەو بەهاری ئازادی دەچن. دڵیان لە جۆشە و ئەسرینی گەشیان دێتە خوارێ، دڵیان خۆشە بە ڕەنگی بەهارێ.

## شەڕی یەکەمی شاری سنە

هەموو ئەو دڵخۆشییە زۆری نەخایاند کە قرمژنی تۆپ و تفەنگەکانی پادگانی سنە لە شەقامەکاندا زرینگایەوە و



سەرچاوە Serchawe

شەقامەکانی شاری سنەیان بە خوێنی خەڵکی مەدەنی سوور کرد.

خەڵکی شاری سنە هەوڵیان دا وەک خەڵکی هەموو ناوچەکانی دیکەی ئێران دەست بە سەر پادگانی شاردا بگرن کە هێشتا پاشماوەکانی ڕێژیمی پاشایەتی تێیدا جێگیر بوون، بەڵام پادگان نەک هەر تەسلیم نەبوو، بەڵکوو بەرەنگاری خەڵک بۆوە و، لە ئاسمان و زەوییەوە خەڵکی سیڤیلیان کردە ئامانج.

ڕێژیمی تازە، بە بڕیاری خومەینی بە شێوەیەکی چاوەڕواننەکراو پشتگیرییان لە وەدەست هاتنی پادگان کرد لەبەرانبەر خەڵکدا! لە پادگانەوە تۆپ و هاوەن و دۆشکە ئاراستەی شار کران و لوولەی چەکەکانیان ڕوو لە خەڵک و ماڵ و حاڵیان کرد، لە ئاسمانەوە بە فڕۆکە شاریان بۆردومان دەکرد. لەو شەر و پەلامارەدا بە سەدان کەس شەهید و بریندار بوون.

حیزبی دێموکرات لە سێهەم ڕۆژی شەڕدا بە هەستکردن بە بەرپرسیاریەتی لەبەرانبەر خاک و خەڵکی کوردستان، هێزێکی پۆشتە و پەرداخی پێشمەرگە و چەندین کامیۆن خواردن و جلوبەرگی بۆ یارمەتیدانی خەڵکی سنە بەڕێ کرد. بەڵام ڕێگە لە هاوکاری و پشتیوانیی حیزبی دێموکرات گیرا.

سەرەنجام بە هاتنی هەیئەتێکی دەوڵەت بۆ شاری سنە و دانیشتن لەگەڵ کەسایەتییەکانی وەکوو مامۆستا شێخ عێزەدین حوسێنی و کاک ئەحمەد موفتیزادە و نوێنەری لایەنە سیاسییەکان، گەمارۆی سەر پادگانی سنە کۆتایی هات.

ئاکامی ئەو عەمەلیاتە جیا لەوەی کە ماهییەتی دژە ئینسانی ڕێژیمی نوێی دەرخست، ناکامی لایەنە بەشداربووەکان، خەساری سەدان شەهید و برینداریشی بۆ خەڵکی شاری سنەی قارەمان بەدواوە بوو، کە نەورۆزەکەیان خەڵتانی خوێن کرا.

## چوونی هەیئەتی حیزب بۆ لای خومەینی

سەرباری هەموو نیازخراپیی ڕێژیمی نوێ، بەڵام حیزبی دێموکرات وەک حیزبێکی بەرپرسیار لە چارەنووسی خەڵک، وازی لە هەوڵە ئاشتیخوازانەکانی لە پێناو وەدیهێنانی داخوازە ڕەواکانی کورد نەدەهێنا. هەربۆیە ڕۆژی ٧ی خاکەلێوەی ١٣٥٧، هەیئەتێکی حیزبی دێموکرات بە سەرپەرەستیی دوکتور قاسملوو بەرەو تاران وەڕێ کەوتن و لە شاری قوم چاویان بە خومەینی کەوت. بەڵام خومەینیی سەرمەست لە سەرکەوتنی ئینقلاب، وەڵامی داخوازییەکانی هەیئەتی حیزبی دێموکراتی نەدایەوە و هەیئەتی حیزبی دێموکراتی حەواڵەی سەرۆکوەزیر کرد کە ئەوکات مێهدیی بازەرگان بوو.



سەرچاوە Serchawe

دوکتور قاسملوو لەدیدار لەگەڵ مێهدی بازەرگان پشتیوانیی حیزبی دێموکراتی لە دەوڵەتی کاتی ڕاگەیاند و داوای کرد کە هەیئەتی حیزب لە ڕێگای رادیۆ و تەلەفزیۆنەوە داخوازییەکانی گەلی کورد بۆ گەلانی ئیران شی بکەنەوە و هەروەها داوای کرد کە بەمەبەستی گونجاندنی داخوازییەکانی خەڵکی کوردستان لە یاسای بنەڕەتیدا، ڕێگا بدرێ کە نوێنەرانی خەڵکی کوردستانیش لە نووسینەوەی ئەو قانوونە بەشدار بن.

هەر لەو دیدارەشدا دەستەی نوێنەرایەتی حیزب گەڵاڵەیەکی لە ماف و داخوازییەکانی گەلی کورد پێشکەش بە سەرۆکوەزیر کرد. بەڵام هەموو ئەو هەوڵانە لەسۆنگەی سیاسەتی دوژمنکارانەی ناوەندەوە ناکام مانەوە.

## ڕێفراندۆم بۆ دیاریکردنی جۆری ڕێژیم

بە هەموو ئەو هەڵسوکەوتە نادێموکراتیکەوە، سەرەنجام ڕۆژی ١٠ی خاکەلێوە بە ڕۆژی ڕێفراندۆم بۆ دیاریکردنی جۆری سیستمی حکومەتی نوێ دیاری کرا. بەڵام چ ڕێفراندۆمێک؟ بەرگی دەنگدان هیچ مۆدێلێکی بۆ هەڵبژاردنی شێوەی حوکمڕانی نوێ تێدا بەدی نەدەکرا! نێوەرۆکی ئەو ڕێفراندۆمە لەو پەندەی کوردەواری دەچوو کە دەڵێ: "کەوت دەوێ ئەوە سمۆرە، سمۆرەت دەوێ ئەوە سمۆرە"

حیزبی دێموکرات کە هەر ئەوکات ماهییەتی نادێموکراتیک و دژە ئینسانی ڕێژیمی نوێی ناسیبوو، پێی وابوو ئەم ڕێفراندۆمە دێموکراتیک نییە و مەجالی هەڵبژاردنی جۆری حوکمڕانی لە خەڵک ستاندۆتەوە. هەر بۆیە ئەوکات ئەم پرسە گورگانەی ڕێژیمی بایکۆت کرد.

## میتینگی نەغەدە

خومەینی لە تاران وردە وردە بناغەی حکومەتە ئیسلامییەکەی بە هەڵاواردنی نەتەوەکانی دیکە پتەو دەکا و لە کوردستانیش حیزبی دێموکرات خەریکی ڕێکخستنی جەماوەری تینووی ئازادییە.

وەک نەریت کە حیزب لە شار و ناوچە جیاجیاکانی کوردستان کۆبوونەوەی بۆ ئەندامان و لایەنگرانی خۆی پێک دەهێنا و سیاسەتەکانی خۆی لەمەڕ ئیدارەی ئێران و کوردستان بۆ خەڵک شی دەکردەوە، ٣١ی خاکەلێوەی ١٣٥٨یش بە بەشداریی هەزاران کەس پێکهاتوو لە کورد و ئازەری، لە یاریگای وەرزشی نەغەدە ئامادە بوون تاکوو نێوەرۆکی پەیامی حیزبی دێموکرات لە میتینگی مەهاباد بکەنە دەستمایەی پێکەوەژیانی ئاشتییانە.

پێش دەسپێکی وتاری سکرتێری گشتیی حیزب، کۆمەڵێک مۆرەی بەدناوی حکوومەتی پاشایەتی و دەمڕاستی ڕێژیمی تازە بەدەسەڵات گەیشتوو، لە چەند شوێنی جیاواز ڕوو بە جەماوەر تەقە دەکەن و میتینگی حیزبی دێموکرات تێک دەدەن. شەڕێکی چوار ڕۆژە لەنێوان کورد و ئازەری هەڵدایسێ کە بە سەدان کەس لە نەتەوەی کورد و ئازەری دەبنە قوربانی. ئەم شەڕە نەخوازراوە بە دەستێوەردانی ئەرتەش و بە دژی نەتەوی کورد شکایەوە، بەڵام تا ئەمڕۆکەش ئاسەواری ئەم ئاژاوەگێڕییە بەسەر هەردوو نەتەوەی کورد و ئازەرییەوە ماوە.

## ئاژاوەگێڕیی دوژمن و ئاشتیخوازیی حیزب

تا دەهات کوردستان زیاتر دەکرا بە مەیدانی ئاژاوەگێڕی. بەکرێگیراوانی ڕێژیمی نوێ بە مەبەستی بەلارێدابردنی ویست و داخوازییە ڕەواکانی کورد دەستیان لە هیچ نەدەپاراست، حیزبی دێموکرات و سەرکردایەتیی سیاسیی کورد ئەوکات بە دەرکی حەساسیەتی دۆخەکە و بەرپرسیاربوون لەبەرامبەر ئەم قۆناغە لە مێژوو، بەردەوام هەوڵیان دەدا لە ڕێگای دیالۆگ دۆخەکە هێور بکەنەوە و ئیزن نەدەن ڕەوایی دۆزی کورد بکەوێتە ژێر هێژمونی کەشی ئینقلابیی تاران و هەروەها ئاژاوەگێڕان لەکوردستان. بۆ ئەمەش حیزبی دێموکرات دەرگای دیالۆگی بەڕووی تاراندا دانەخست و بەردەوام بوو لە شیکردنەوەی ویست و داخوازییە ڕەواکانی کورد لەگەڵ تاران.

## هەڵبژاردنی مەجلیسی خیبرەگان و بەشداریی حیزبی دێموکرات

ڕێژیمی نوێ هەنگاو بە هەنگاو خۆی سەقامگیر دەکرد. ڕۆژی ١٢ی گەلاوێژی ١٣٥٨ وەک ڕۆژی هەڵبژاردنی مەجلیسی خیبرەگان دیاری کرا، دیارە وەک ڕێفراندۆمەکە ئەمەشیان شتێکی نوێ و تاقینەکراوە بوو، بەهەرحاڵ هەڵبژاردن لەسەرجەم پارێزگاکاندا بەڕێوە چوو و کاربەدەستانی ڕێژیم هەموو هەوڵی خۆیان دا کە نوێنەرانی کورد بە تایبەت دوکتور قاسملوو لەم هەڵبژاردنەدا دەنگ نەهێننەوە.

خەڵک چوونە سەر سندووقی دەنگدان و نوێنەرانی خۆیان هەڵبژارد. دوکتور قاسملوو بە ١١٣،٣٧٧ دەنگ، بە نوێنەری پارێزگای ورمێ بۆ مەجلیسی خیبرەگان هەڵبژێردرا.

## فتوای جیهاد و نیازناپاکیی خومەینی لە دژی نەتەویە کورد

**هەڵبژێرانی دوکتور قاسملوو بە نوێنەری مەجلیسی خیبرەگان، ڕێژیمی تووشی هیستریا کرد،**

دەسەڵاتی نوێی تاران تەحەمولی دەنگی ئازاد و نوێنەرێکی دێموکراتی نەکرد. هەر بۆیە لە ڕێگای بەکرێگیراوان و دەست و پێوەندییەکانییەوە، دەستی کرد بە ئاژاوەنانەوە لە کوردستان، تاکوو بەو بیانووە هێرش دەست پێ بکا. سەرەنجام ڕۆژی ٢٣ی گەلاوێژی ١٣٥٨ بە هێرش بۆ سەر شاری پاوە، ڕێژیم زەنگی شەڕی سەرتاسەری لە کوردستان لێدا.

لەگەڵ ئەمەش ڕۆژی ٢٨ی گەلاوێژ بۆ کوبوونەوەی نوێنەرانی هەڵبژێردراوی مەجلیسی خیبرەگان دیاری کرابوو، دکتور قاسملوو بە نیەتی پاراستنی متمانەی خەڵک و وەک نوێنەری هەڵبژێردراوی خەڵک بڕیاری دابوو کە لەو کۆبوونەوەدا بەشداریی بکا، بەڵام کۆمیتەی ناوەندیی حیزب کە نیازەکانی پشتی ئەم کۆبوونەوەی بۆ ڕوون ببۆوە، نەیهێشت دوکتور قاسملوو بچێتە یەکەم کۆبونەوەی مەجلیسی خیبرەگان.

مەجلیس لە کاتی دیاریکراودا کۆ بۆوە و هاوکات لەو ڕۆژەشدا خومەینی فتوای جیهادی لە دژی میللەتی کورد دەرکرد. چەند ڕۆژ دواتر کە ئەندامانی مەخلیسی خیبرەگان چووبوونە لای خومەینی، خومەینی پەردەی لەسەر نیازە خراپەکانی هەڵدایەوە و بە هێنانەگۆڕی باسی کوردستان و دوکتور قاسملوو گوتبووی: "ای کاش آمده بود، من خیال داشتم اگر بیاد همینجا نگرش دارم" [بریا هاتبا، ئەگەر هاتبا نیازم وابوو لێرە ڕایگرم].

دیارە ئەو ڕاگرتنە ئەگەر ئێعدام نەبا حەتمەن زیندانی هەتاهەتایی دەبوو. ئەمە ماهییەتی ڕێژیمێک بوو کە خۆی لەبەرانبەر یاسا و هەڵبژاردنەکانی خۆشیدا بە بەرپرسیار نەدەزانی. دوای ئەو فتوا نگریسەی خومەینی، کوردستان شەڕی بەسەردا سەپا و تێکۆشانی حیزبی دێموکرات یاساغ کرا. ئیتر کەس گومانی نەما لەوەیکە ڕێژیمی ئیسلامی بڕیاری داوە کورد قەڵاچۆ بکا.

## هێرش بۆ سەر باڵوێزخانەی ئامریکا و هەڵوێستی حیزبی دێموکرات

لەو سەروبەندەدا خوێندکارانی پێڕەوی خەتی ئیمام، هێرشیان کردە سەر باڵوێزخانەی ئامریکا لە تاران و کارمەندانی باڵوێزخانەیان بە بارمتە گرت، ڕێژیم هەوڵی زۆری دا کە ئەم کردەوەیە بە خۆڕسک نیشان بدا، بەڵام پڕوپاگەندەی بەربڵاوی دامودەزگا میدیاییەکەی و هەروەها شاگەشکەبوونی سەرانی ڕێژیم بەم کردەوەیە، دەری خست کە ئەم شاکارە بە پیلانی خۆیان بەڕێوە چووە. دیارە ئەو ڕووداوە زۆر لایەنی ئۆپۆزیسیۆنی دژە ئیمپریالیزمیشی شاگەشکە کرد. لەونێوەدا حیزبی دێموکرات بۆچوونێکی جیاوازتری هەبوو، حیزبی دێموکرات بە دەرکی دروست لە دۆخی ئەوکات، ئەو کردەوەی بە یاساشکێنی و دەرچوون لە ڕێوشوێنە یاساییە نێونەتەوەییەکان ناو برد و مەحکوومی کرد.



سەرچاوە
Serchawe

## بەشی دووهەم

# خۆڕاگریی کوردستان

هەر لە ڕۆژ و مانگەکانی سەرەتای دامەزرانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەنێو هەموو ئەو کێشە گەورە و بچووکانەی کە ڕێژیمی نوێ لە ئاستی نێودەوڵەتیدا بۆخۆی دروستی کردبوون و نیشانی دابوو کە تێگەیشتنی دروست و واقعبینانەیان لە ئیدارەی وڵات و سیاسەت نییە، لە نێوخۆی وڵاتیش بە ئاگر و ئاسن وەڵامی ویست و داخوازییەکانی گەلانی ئێرانیان دەدایەوە. بەڵام لەو نێوەدا ئەوە کوردستان بوو کە قورس و قایم ڕاوەستا.

سێ مانگ هێرش و شەڕی نابەرامبەر دژی کوردستان و خوڵقاندنی جینایەت و کارەساتگەلی وەکوو قارنێ و داگیرکردنی شارەکانی مەهاباد و سەردەشت و بۆکان و...، بە خۆڕاگری و تێکۆشانی پێشمەرگانە وەڵام درایەوە؛ کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکرات ئەوکات لە بەیاننامەیەکدا بڕیاری خەباتێکی درێژخایەنی پارتیزانیی لەدژی کۆماری ئیسلامی ڕاگەیاند.

لە جادەی سەردەشت - پیرانشار پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات زەبرێکی گورچووبڕیان لە سپایەکی پۆشتە و پەرداخی ڕێژیم دا و جودا لەوەی تانک و تۆپی ئەو هێزە تێک شکان، بە دەیان کەسیش لە هێزەکانی ڕێژیم کوژران. حەماسەی قارەمانەتیی پێشمەرگە و ئەو سەرکەوتنە گەورەیە، شار بە شار و دێ بە دێ دەنگی دایەوە.

کوردستان یەکپارچە ببوو بە مەیدانی بەرەنگاری، خەڵکی مەهاباد لە خۆپیشاندانێکی جەماوەریدا وەفاداریی خۆیان بۆ حیزبی دێموکرات و بزووتنەوەی میللی دێموکراتیکی کورد دووپات کردەوە، ئەو دوو حەماسەی شاخ و شار، گوڕوتینێکی نوێی بە تێکۆشان دا.

شارەکان یەک لەدوای یەک لەدەست داگیرکەر ڕزگار کران و بنکەکانی حیزب جارێکی دیکە لە مەهاباد و بۆکان و... دەستیان بە تێکۆشان کردەوە.

**لەیەک ڕستەدا ویستی خەڵک بەسەر ئاگر و باڕووتدا سەرکەوت.**

**پەیامی حیزبی دێموکرات بۆ ئاشتی**



سەرچاوە Serchawe

لە جەنگەی ئەو سەرکەوتنانەدا، کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکرات، ٢٠ی خەزەڵوەری ١٣٥٨ نامەیەکی سەرئاوەڵەی ڕوو بە گەلانی ئێران و حیزب و لایەنە سیاسی و پێشکەوتووەکان و کەسایەتییە سیاسی و ئایینییەکان بڵاو کردەوە و ڕایگەیاند کە "ئێمە ئەو نامەیە لە هەلومەرجێکدا دەنووسین کە لە ڕاستیدا جگە لە هەندێ شاری کوردستان، سەرانسەری کوردستان کەوتۆتە بەردەستی پێشمەرگە کوردەکان". لە درێژەی ئەو پەیامەدا هاتبوو کە "ڕاوەستانی ئەو شەڕە بە قازانجی هەموو خەڵکی ئێرانە و بۆ پاراستنی دەسکەوتەکانی شۆڕش پێویستە".

## حیزبی دێموکرات لەو نامەیەدا چوار مەرجی بۆ ئاگربەست دانابوون کە بریتی بوون لە:

- دابینکردنی ئازادییە دێموکراتیکەکان لە کوردستان و سەراسەری ئێران و هەروەها ئازادکردنی تێکۆشانی حیزبی دێموکرات.
- کۆکردنەوەی پاسدارە لاوەکییەکان لە سەرجەم کوردستان کە مایەی دووبەرەکی و ئاڵۆزی بوون.
- کورتکردنەوەی دەستی ئەرتەش لە دەستوەردان لەکاروباری نێوخۆ و دیاریکردنی ئەرکیان تەنیا وەک پارێزەری سنوور.
- ئازادکردنی زیندانییە سیاسییەکان و ڕاگرتنی حوکمی ئێعدامی خەباتکاران.

## وەڵامی خومەینی بە نامەی حیزبی دێموکرات

ئەم نامەیەی حیزبی دێموکرات کە لە پێگەی هێزەوە بڵاو بۆوە، دۆخەکەی گۆڕی. سەرەنجام ئەو ئاخوندەی کە سێ مانگ پێشتر فتوای جیهادی لەدژی کورد دا، دانی بە شکستی خۆی دانا و ڕۆژی ٢٦ی خەزەڵوەر لەپەیامێکدا داوای لە هەموو لایەک کرد کە لوولەی چەکەکانیان ڕوو لە دوژمنی هاوبەش بکەن و بەڵێنی دا کێشە و گرفتە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانی کوردستان چارەسەر بکا. ئەو هەروەها بەڵێنی دا هەیئەتی دەوڵەت ڕاسپێری کە لەگەڵ نوێنەرانی خەڵکی کوردستان وتووێژ بکەن. خومەینی لە پەیامەکەیدا، گرووپێکی لەژێر ناوی "بەدخواهان" وەک تاوانبار بە تێکدانی نێوانی نەتەوەی کورد و دەوڵەتی ناوەندی، ناساند.

بەڵام لە ڕاستیدا مەبەستی خومەینی لەو پەیامە و ڕاگرتنی شەڕ تەنیا ئەوە بوو کە کات بکڕێ بۆ ئەوەی هێزە چەکدارەکانی خۆیان ڕێک بخەنەوە و جارێکی دیکە هێرش بکەنەوە سەر کوردستان.

## وەڵامی حیزبی دێموکرات بۆ پەیامی خومەینی

حیزبی دێموکراتی کوردستان ئەوکات لە سیمیناریکی تەشکیلاتیی تایبەتدا ئەم پەیامەی هەڵسەنگاند و بەشداربووانی

سیمینارەکە پێیان وابوو کە بۆ ڕێگریکردن لە کوشتاری خەڵک پێویستە حیزبی دێموکرات پێشوازی لەو پەیامە بکا. ئەوە بوو کە دوکتور قاسملوو ڕۆژی ٢٩ی خەزەڵوەر لە میتینگێکدا لە شاری مەهاباد ئامادەیی حیزبی دێموکراتی بۆ وتووێژ و چارەسەری ئاشتییانەی پرسی کورد نیشان دا و تەنانەت لە وتارەکەیدا وشەی "لبیک"ی وەک وەڵام بۆ پەیامی خومەینی بەکار هێنا کە ئەوپەڕی نیازپاکی بوو. ئەمەش بوو بە سەرەتایەک بۆ دامەزراندنی دەستەی نوێنەرایەتیی گەلی کورد کە پێک هاتبوون لە: مامۆستا شێخ عێزەدین حوسێنی وەک سەرۆک، حیزبی دێموکرات وەک وتەبێژ و کۆمەڵە و چریکە فیداییەکانی گەلی ئێران - لقی کوردستان وەک ئەندام.

ئەم دەستەیە گەڵاڵەیەکیان لەبارەی خودموختاریی کوردستانی ئێران ئامادەکرد، بەڵام هەیئەتی تایبەتیی دەوڵەت بۆ وتوویژ لەگەڵ دەستەی نوێنەرانی کورد، قەت ئامادە نەبوو بە شێوەیەکی جیددی لەگەڵ نوێنەرانی کورد دابنیشێ و ڕا و سەرنجەکانی سەبارەت بەم گەڵاڵەیە بهێنێتە گۆڕێ. هۆکارەکەشی ڕوون بوو کە تاران بەدوای وتووێژەوە نەبوو، بەڵکوو وەدوای کات کڕین بۆ سەقامگیری ڕێژیمی نوێ و تەیارکردنی هێزە چەکدارەکانی بوو.

## هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمار و هەڵوێستی حیزبی دێموکرات

ڕێژیمی نوێ بۆ نیشاندانی ڕواڵەتێکی دێموکراتیک لەخۆی، ئامادەکاریی بۆ هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمار دەست پێ دەکرد، بەڵام ئەو دێموکراسییەی کۆماری ئیسلامی لە ئەساسدا وەک هیچ نیزامێکی دێموکراتیک نەدەچوو! مەیدانی خۆپاڵاوتنیان تەواو بەرتەسک کردبۆوە، لەلایەک لە ڕێگای یاسای بنەڕەتی مافی خۆپاڵاوتنیان لە بەربژێری کورد ئەستاندبۆوە، لەلایەکی دیکەش لە دەیان پاڵێوراو تەنیا ١١ کەس شیاوبەتییان بۆ چوونە نێو کێبەرکێی هەڵبژاردن پەسەند کرا!

ئەوکات بەهۆی ئەوەیکە مەسعوود ڕەجەوی وەک پاڵێوراوی پۆستی سەرۆک کۆمار لە بەرنامەی خۆیدا ڕایگەیاندبوو کە گەڵاڵەی ٢٦ ماددەیی دەستەی نوێنەرایەتیی کوردی وەکوو بناغەیەک بۆ دانووستان قەبووڵە، حیزبی دێموکرات ڕایگەیاند کە بەشداریی هەڵبژاردنەکان دەکا و دەنگ بە ئاغای ڕەجەوی دەدا.

بەڵام خومەینی کە پێکەوەژیان و دێموکراسی هەر لە زاتیدا نەبوو، بە بڕیاریک مەسعوود ڕەجەویی لە لیستی بەربژێرەکاندا لابرد، هەربۆیەش حیزبی دێموکرات ڕایگەیاند کە بەشداری لەو هەڵبژاردنەدا ناکا.

هەڵبژاردن ڕۆژی ٥ی ڕێبەندانی ١٣٥٨ بەڕێوە چوو و ئەبولحەسەن بەنیسەدر بە سەرۆک کۆمار دیاری کرا، دیارە بەنیسەدر پێشتر لە هەندێ لێدوانی خۆیدا ڕایگەیاندبوو کە باوەڕی بە خودموختاری لە کاروباری نێوخۆییدا هەیە. بە سەرنجدان بەو

پاشخانە فکرییە، حیزبی دێموکرات لەنامەیەکدا بۆ بەنیسەدر ڕایگەیاند کە: "ڕاستە ئێمە لە هەڵبژاردندا بەشدار نەبووین و دەنگمان بە جەنابت نەداوە، بەڵام ڕێز بۆ دەنگی زۆربەی خەڵکی ئێران دادەنێین و جەنابت بە سەرکۆماری هەموو ئێران دەزانین. بۆیە پێمان خۆشە وەختێک دیاری بکەی کە دەستەیەکی نوێنەرایەتیی حیزبی ئێمە بۆ وتووێژ دەربارەی چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد بێنە تاران و چاویان بە جەنابت بکەوێ."

## کۆنگرەی چوارەمی حیزبی دێموکرات

حیزبی دێموکرات لە تەنیشت دانووستان بۆ چارەسەری پرسی کورد لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندی، هەوڵی دەدا کە لە دەرفەتی ئاگربەستدا خۆی ڕێک بخاتەوە و ئامادەکارییەکانی بۆ بەستنی کۆنگرەی چوارەمی خۆی دەست پێ بکا.

٣١٠ نوێنەر کە نوێنەرایەتی ٣٠ هەزار ئەندامیان لە شار و ناوچە جیاجیاکانی کوردستان بە جۆراوجۆری ڕەگەزییەوە دەکرد، ٢٨ی ڕێبەندانی ١٣٥٨ لە مەهاباد کۆبوونەوە و سەلماندیان کە حیزبی دێموکرات لە پانتایی سەراسەری کوردستان و لەنێو هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگای کوردی پێگەی هەیە.

## کۆمەڵێک بڕیار لەو کۆنگرەیە پەسەند کران وەکوو:

- پێداگری لەسەر دێموکراسی بۆ دەستەبەرکردنی بەردەوامیی ژیانی سیاسی و بەهێزبوونی شۆڕش.
- چارەسەری پرسی نەتەوەکانی ئێران بە شێوەی ئینسانی و دادپەروەرانە.
- چارەسەری پرسی کورد و دابینکردنی خودموختاری لە ڕێگای ئاشتییانە.
- سزادان و دادگایی کردنی بەکرێگیراوان و سەپێنەرانی شەڕ بەسەر خەڵکی کوردستاندا.
- سزادانی بکەرانی کارەساتی گوندی قاڕنێ.
- پاککردنەوەی ئەرتەش و دامەزراوەکانی دیکە لە بەکرێگیراو و گرێدراو بە ڕێژیمی پێشوو.
- چارەسەری کەلێنەکانی یاسای بنەڕەتی بە زیادکردنی دەقێکی تەواوکەر.
- ڕەخساندنی کەشێکی دێموکراتیک بەمەبەستی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی شۆڕای میللی.

## سەردانی هەیئەتی حیزب بۆ لای بەنی سەدر بۆ تاران

بەدوای تەواوبوونی کۆنگرەی چوارەم وەڵامی نامەی بەنیسەدر، سەرۆک کۆماری ئێران بۆ حیزبی دێموکرات گەڕایەوە و ڕۆژی



سەرچاوە
Serchawe

٩ی ڕەشەمەی بۆ دیدار لەگەڵ هەیئەتی حیزب دیاری کرا، لەو دانیشتنەدا هەیئەتی دەوڵەت بە سەرپەرەستیی بەنیسەدر داوای گەڵاڵەی پێشنیاریی حیزبی دێموکراتی کرد بۆ چارەسەری پرسی کورد، هەیئەتی حیزب گەڵاڵەیەکی ٦ ماددەیی بە پاشکۆیەکی ٨ ماددەیی ڕادەستی هەیئەتی دەوڵەت دەکەن.

## گەڵاڵەی پێشنیاریی هەیئەتی حیزب کە بە ناوی شەش ئەسڵی خودموختاری ناوی دەرکرد بەم شیوەیە بوو:

- چەسپاندنی مافە نەتەوایەتییەکانی کورد بە شێوەی خودموختاری لە چوارچێوەی ئێراندا و گونجاندنی ئەم مافانە لە پاشکۆی یاسای بنەڕەتیدا. (کە پێیان دەگووت "موتەمیمی قانوونی ئەساسی").
- دیاریکردنی چوارچێوەی جوغرافیای کوردستان بە لەبەرچاوگرتنی هەلومەرجی تاریخی، جوغرافیایی و ئابووری و ویستی زۆربەی دانیشتووان.
- هەڵبژاردنی شوڕایەکی سەرانسەری بۆ کوردستانی خودموختار.
- هەڵبژاردنی هەیئەتی ئیجرایی بۆ کاروباری ئابووری، فەرهەنگی، ئیداری و ئینتزامی لەلایەن شوڕای سەراسەری.
- بەفەرمی ناسینی زمانی کوردی لە کوردستانی خودموختار بۆ نووسینی نامەی ئیداری و هەروەها خوێندنی لە تەنیشت زمانی فارسی.
- کاروباری نێوخۆیی چ ئیداری، چ ئابووری و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی و ئینتیزامی بە ئۆرگانەکانی ناوچەی خودموختار بسپێردرێ.

لەکۆتایی گەڵاڵەکەشدا پێشنیار کرابوو کە بۆ ئاساییکردنەوەی دۆخی کوردستان و سڕینەوەی ئاسەوارەکانی شەڕ، کۆمەڵێک ڕێکار بگیردرێتە بەر کە لە ٨ ماددەی پاشکۆ پێک هاتبوو.

هەیئەتی دەوڵەت ئەم گەڵاڵەیەی ڕادەستی "شوڕای ئینقلاب" کرد و شوڕای ئینقلابیش بێ سێ و دوو گەڵاڵەکەی ڕەت کردبۆوە.

## هەڵبژاردنەکانی مەجلیسی میللی و پێگەی حیزبی دێموکرات

شوڕای ئینقلاب کە پێشتر تێکۆشانی حیزبی دێموکراتی یاساغ کردبوو و دواجاریش بەم شێوەیە وەڵامی گەڵاڵەی پێشینیاریی نوێنەرانی حیزبی دابۆوە، مەیدانەکەیان لە ڕەقیب و نەیاری خۆیان بەتاڵ کردبوو و پێیان وابوو کە جادە تەخت و چۆڵە بۆوەی دەست و پێوەندەکانی خۆیان، کورسییەکانی هەڵبژاردنەکانی مەجلیس مسۆگەر بکەن. بەڵام حیزبی دێموکرات

دەستبەرداری بەشداری لەو هەڵبژاردنە نەبوو، چونکە مەجلیس وەک ناوەندێکی یاسادانان گرنگیی خۆی هەبوو و هەمیش پێگەی جەماوەریی حیزب لەو هەڵبژاردنەدا دەردەکەوت. هەروەها حیزب دەیهەویست بە دەوڵەت بڵێ نوێنەری ڕاستەقینەی خەڵک کێیە و بزانن لەگەڵ کێ تەرەفن و دەبێ لەگەڵ کێ وتوویژ بکەن.

لە دەستەی نوێنەرایەتی کورد ئەو بیرۆکە هاتە گۆڕێ کە سەرجەم بەربژێرەکان بەسەریەکەوە دیاری بکەن و چوار لایەنی بەشدار لە دەستە بە لایەنگرانیان بڵێن دەنگیان پێ بدەن، بەڵام سێ لایەنی دیکەی نێو دەستە ئامادە نەبوون تەنانەت نیوەی بەربژێرەکانیش لەلایەن حیزبی دێموکراتەوە دیاری بکرێن، هەربۆیە حیزبی دێموکرات بە جیا هاتە مەیدان و بەربژێرەکانی خۆی بە خەڵک ناساند.

ئەگەرچی هیچ کام لە بەربژێرەکان ئاماژەیان بە ناوی حیزبەکانیان نەکردبوو، بەڵام هەم خەڵک و هەم دەوڵەتیش دەیزانی کێ بەربژێری کام لایەنە. سەرەنجام ڕۆژی ٢٤ی ڕەشەمە هەڵبژاردنەکانی مەجلیسی میللی دەستی پێ کرد و لە ئاکامدا بەربژێرەکانی حیزبی دێموکرات لە کوردستان، ٥٧% تا ٩٧% دەنگەکانیان مسۆگەر کرد. ئاکامەکانی ئەم هەڵبژاردنە پێگەی حیزبی دێموکراتی بە دۆست و دوژمن نیشان دایەوە.

ڕێژیم کە لە بنەڕەتڕا باوەڕی بە هەڵبژاردنی ئازاد نەبوو و چاوی بە سەرکەوتنی حیزبی دێموکرات هەڵنەدەهات، ئەمجارەش کەوتە خۆ و ئاکامی هەڵبژاردنەکانی لە کوردستان هەڵوەشاندەوە. خومەینی و دەوروبەرەکەی کە سەرمەست لە سەرکەوتن یاساکانی خۆشیان پێشێل دەکرد، نێوەرۆک و واتایان بۆ هەڵبژاردن و دێموکراسی نەهێشتەوە.

## سەرهەڵدانەوەی شەڕ و شەڕی دووهەمی سنە

ڕێژیم ئەو ماوەیە دەرفەتی هێنا و جارێکی دیکە سوپاکەی پۆشتە و پەرداخ کردەوە و لەکۆتاییەکانی ساڵی ١٣٥٨ لەگەڵ ئەوەدا کە کوردستانیان لە ڕووی ئابوورییەوە گەمارۆ دابوو، دیسان هێرشەکانی ڕێژیم لە باکوور و باشووری ڕۆژهەڵاتەوە دەستی پێ کردەوە.

ئەرتەش بە پشتیوانیی دەرەبەگەکان لە ناوچەکانی باکووری ڕۆژهەڵات بە تانک و تۆپ و فانتۆم و هێلیکۆپتێر، هێرشیان کردە سەر جوتیاران و لە ناوچەکانی خوارووی کوردستانیش بە بیانووی مەترسیی هێرشی عێراق، هێزێکی پۆشتە و پەرداخ بەرەو سنە و سەقز و بانە و... وەڕێ کەوت و لافاوی خوێنیان وەڕێ خست. کوردستان لە زۆر ڕووەوە لە لێنینگڕاد دەچوو. دۆخی خەڵک لەوپەڕی خراپیدا بوو، بەڵام هەڵمژینی هەوای پاک و بێگەردی ئازادی، گەمارۆی لەبیر خەڵک بردبۆوە،



سەرچاوە Serchawe

وەی خەڵک بەرز بوو و بە هەمەجۆر یارمەتیی پێشمەرگەیان دەکرد.

کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکرات لەو کاتەدا پەیامێکی ئاراستەی خومەینی کرد. لە پەیامی حیزبی دێموکراتدا لە وشەی "بدخواهان" کەڵک وەرگیرابوو کە جاری پێشوو خومەینی تاوانباری کردبوون بە تێکدانی پێوەندیی نێوان کوردستان و تاران، هەربۆیەش حیزبی دێموکرات لە پەیامەکەیدا ڕوو بە خومەینی ڕایگەیاند: "ئێستاش کە بەدخوازان سەرلەنوێ وەزعی کوردستانیان ئاڵۆز کردوە و هەر ڕۆژەی بە بیانوویەک خەڵکی کوردستان سەرکوت دەکەن، لەلایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە، حیزبێک کە زۆربەی نزیک بە تەواوی خەڵکی کوردستان پشتیوانیەتی، بۆ دواجار هۆشدار دەدەین کە ئەگەر پەلاماری ئەرتەش و ژاندارمێری و پاسداران بۆ سەر بزووتنەوەی کوردستان ڕانەوەستێ و کوشتاری خەڵک درێژەی هەبێ، پێشمەرگەکان بە پشتیوانیی هەموو گەلی کورد بە هەموو هێزیانەوە دیفاع لە خۆیان دەکەن". هەروەها لەو پەیامەدا حیزبی دێموکرات داوای لە خومەینی کرد کە بە ڕازی بوون بە ئەسڵی ٦ ماددەیی خودموختاری، نیازپاکی لە نێوان تاران و کوردستاندا دروست بکا. بەڵام دەوڵەت ملی بۆ ویستی گەلی کورد و حیزبی دێموکرات ڕانەکێشا و ئەمجارە شەڕێکی قورس و دژوار تووشی خەڵکی کوردستان بوو و هێرشەکە لە هەموو لایەک ڕا بۆ سەر کوردستان دەستی پێ کردەوە.

شاری سنە لەو شارانە بوو کە هێزە کوردییەکان بنکە و بارەگایان لێ دانابوو و بە تەبایی بانگەشەیان بۆ خۆیان دەکرد، ئەم پێکەوەهەڵکردنە خەڵکی گەشبین کردبوو، هەر بۆیە بەرگەی گەمارۆی ئابورییان دەگرت و لە بەرامبەر هێرشی سپادا ئامادەی خۆڕاگری و هەرچەشنە فیداکارییەک بوون. ٢٩ی خاکەلێوەی ١٣٥٩ بۆ جاری دووهەم هێرش بۆ سەر سنە دەستی پێ کردەوە و زیاتر لە ٤٠٠ گوللە تۆپ ئاراستەی شار کران. پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات و هێزە کوردییەکانی دیکە لە یەک سەنگەردا ڕووبەڕووی دووژمن وەستانەوە و هێزەکانی ڕێژیمیان ناچار بە پاشەکشێ کرد.

لە ئەنجامی هێرش و بۆردومانی بێ بەزەییانەی ڕێژیمدا، ٢٤٠٠ کەس لە خەڵکی سیڤیل بوونە قوربانی. لە ترسی بۆردوومانی فڕۆکەکانی ئێران، بەشێکی زۆر لە قوربانییەکانی ئەم هێرشە هەر لە حەوشەی ماڵەکانیاندا بەخاک دەسپێردران.

خەڵکی گوند و شار و ناوچەکانی دیکە لە ڕێگای جۆراوجۆرەوە یارمەتییان دەگەیاندە شاری سنە، سوپای ڕێژیم ئابلۆقەی سەر سنەی توندتر کرد و ڕێگای یارمەتیی لە خەڵک بەست. دوای نزیک بە یەک مانگ خۆڕاگری لەکاتێکدا کە سپا نەیتوانیبوو بچێتە نێو شاری سنەوە، هێزە کوردییەکان بڕیاریان دا بۆ پاراستنی گیانی خەڵکی سیڤیل کە لەشار بچنە دەرەوە. دوای چوونە دەرەوەی پێشمەرگە لە شار، سپا چووە نێو شار و وێڕای "پاکسازی" دەستیان بە ڕەشبگیری چالاکانی کورد کرد. ئەوان لە دادگای بەپەلە و سەربازیدا، سزای لەسێدارەدانیان بە سەر خەڵکی مەدەنیدا دەسەپاند و سزاکەیان

جێبەجێ دەکرد.

## بەشی سێهەم

## حیزبی دێموکرات و پێوەندی لەگەڵ موجاهیدینی خەڵق و شوڕای میللی بەرگری

ڕێژیمی تازە بەدەسەڵات گەیشتوو، هەر بەوە ئۆقرەی نەگرت کە کوردستان خەڵتانی خوێن بکا و دەنگی ئازادیخوازنی کوردستان کپ بکا، بەڵکوو لە تارانیش ڕۆژ بە ڕۆژ ئاڵقەی دەسەڵاتی بچووک دەکردەوە و هەر کەس و لایەنێک کە بەجۆریک باسی لە دێموکراسی و سێکۆلاریزم و مافی نەتەوەکان دەکرد، لەلایەن دەسەڵاتی پاوانخوازەوە دەخرایە دەرەوەی بازنەی دەسەڵات.

موجاهیدینی خەڵق یەکێک لەو ڕێکخراوانە بوو کە لە سەرخستنی شۆڕشدا دەوری بەرچاوی گێڕا، بەڵام دواتر کەوتە بەر تیغی غەزەبی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی. موجاهیدینی خەڵق کە ئیتر وەک نەتەوەی کورد ماهییەتی کۆماری ئیسلامی ناسیبوو، لە کۆماری ئیسلامی کەوتە نەبان و دەستی دۆستایەتیی بۆ لای حیزبی دێموکرات درێژ کرد.

مجاهیدین سەرەتا بە دیدارێکی ڕۆژنامەوانی لەگەڵ دوکتور قاسملوو لە ڕۆژنامەی "مجاهد" کە ئۆرگانی ئەو سازمانە بوو، ویست و داخوازییەکانی نەتەوەی کورد و نێوەرۆکی ئاشتیخوازانەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردیان بە نەتەوەکانی دیکەی ئێران ناساند. ئەم چاوپێکەوتنە ڕۆژنامەوانییە پێشی بە زۆر چەواشەکاریی ڕێژیم لەدژی حیزبی دێموکرات و بزووتنەوەی کورد گرت.

هێزە ڕزگاریخوازەکان بۆ وەلانانی ڕێژیمی خومەینی لەسەراسەری ئێران دەبوا لە دەوری یەکتری کۆ ببنەوە، ئەمەش بوو بە هەوێنی دامەزرانی شوڕای میللیی بەرگری.

مەسعودی ڕەجەوی بەمەبەستی بەشداریکردنی حیزبی دێموکرات لەو شوڕایەدا کە دەیویست ببیتە بەدیلی کۆماری ئیسلامی، ڕۆژی ٣ی خەزەڵوەری ١٣٦٠، وێنەیەکی ڕوونووسی بەرنامەی شوڕای میللی بەرگری بۆ حیزبی دێموکرات نارد، حیزبی دێموکرات دوای وتووێژی چڕ لەگەڵ موجاهیدینی خەڵق، ڕۆژی ٥ی خەزەڵوەری ١٣٦٠ وەڵامی نامەکەی دایەوە و بەفەرمی چوونی خۆی بۆ نێو شوڕای میللیی بەرگری ڕاگەیاند.

لە درێژەی هاوکاری و پێوەندی لایەنە ئێرانییەکان و حیزبی دێموکرات لەو شوڕایەدا، ئەندامانی شوڕا لەسەر تەفسیری هەڵە لە بەندێکی پێڕەوی نێوخۆی ئەم شوڕایەدا، لە هەوڵێکی دوور لە ئەساسنامەییدا ئەندامەتی حیزبی دێموکراتیان خستە ژێر پرسیار!

حیزبی دێموکرات وێڕای هەوڵدان بۆ ڕاگرتنی یەکیەتیی نێوان ئەندامانی شوڕا، ئەم هەوڵەی ئەندامانی شوڕای پێ نایاسایی و دوور لە پرەنسیپە پەسەندکراوەکانی شۆڕا دەدی، هەربۆیە لەکۆتاییدا ١٠ی بانەمەڕی ١٣٦٤ کشانەوەی خۆی لە شوڕای میللیی بەرگری ڕاگەیاند.

## تاقمی حەوت کەسی و هەڵوێستی حیزبی دێموکرات

حیزبی دێموکرات لە ڕەوتی خەبات بۆ وەدیهێنانی مافی چارەنووسی کورد، لەلایەک دەبوا ڕوو بە دەوڵەتی ناوەندی قایموقۆڵ ڕابوەستێ و، لەلایەکیش لە کوردستان بەردەوام تووشی تەنگوچەڵەمەی زۆر دەبۆوە و سەرئێشەیان بۆ ئەو حیزبە دروست دەکرد.

حیزبی توودە کە لە نێوەرۆکدا بەتاڵ ببۆوە و خاوەنی تەشکیلاتێکی هەڕۆڵ بوو، کاتێک کە بێهیوا بوو لەوەیکە حیزبی دێموکرات بخاتە ژێر فەرمانی خۆی، دەستی بە ئاژاوەگێڕی و بنکۆڵکردنی حیزب کرد. دوای ڕازیکردن و هەڵخەڵەتاندنی ٧ کەس لە ڕێبەریی حیزبی دێموکرات، بەیاننامەیەکیان پێ بڵاو کردنەوە و حیزبی دێموکراتیان تاوانبار کرد بەوەیکە شەڕخوازە و نایهەوێ پرسی کورد لە ڕێگای ئاشتیانەوە چارەسەر بکا و گرێدراوی دەوڵەتی عێراقە!

تاقمی حەوت کەسی کە پێیان وابوو کلیلی چارەسەری پرسی کورد بەدەست ئەوانە، پاش ڕوونبوونەوەی نێوەرۆکی کۆماری ئیسلامی و دیتنی ئەو هەموو جینایەتەش، بڕیاریان دابوو کە بگەڕێنەوە نێو باوەشی ڕێژیم! لەبەرامبەردا پەیام و تێکۆشانی حیزبی دێموکرات کە لەلایەن خەڵکەوە پشتیوانی لێ دەکرا، زۆر دەقیق و ڕوون بوو. هەر بۆیە کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکرات کردەوەی تاقمی حەوت کەسی بە خیانەت ناوبرد و بڕیاری دا لەقاویان بدا.

خەڵکی مەهاباد لەسەر داوای حیزبی دێموکرات لە چەشنی میتینگی ١١ی ڕەشەمە جارێکی دیکە کۆ بوونەوە. دەرزیت هەڵاویشتبا وەعەرز نەدەکەوت، دوکتور قاسملوو لە سەرشاخان (بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات)ڕا هاتبۆوە نێو شار و وتارێکی پێشکەش کرد کە تێیدا نێورۆکی ئەم تاقمە و سیاسەتەکانی پشت ئەم کارەی بۆ خەڵک شی کردەوە.

شەڕی ئێران و عێراق و هەڵوێستی حیزب بەنیسبەت ئیران، پێوەندی حیزبی دێموکرات لەگەڵ ڕێژیمی عێراق ڕێژیمی تازە بەدەسەڵات گەیشتوو وەها لە خەیاڵپلاوەکانی خۆیدا نغرۆ ببوو کە لەلایەک دەستی لە سەرکوتی نەتەوەکانی ئێران نەدەپاراست و لەلایەکیش دەرگای کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیی بە هێرش بۆ سەر باڵوێزخانەی ئامریکا لەخۆی داخستبوو، ئەمجارەیان پێشنوێژەکانی نوێژی هەینی لە تاران پێیان ئەسپێردرابوو کە لە وتارەکانی نوێژی هەینیدا، باس لە ڕزگارکردنی عێراق بکەن لە دەست بەعس و دەیانگوت کە ڕێگای قودس بە کەربەلا دایە!

دیارە کێشەی نێوان عێراق و ئێران تازە نەبوو و میراتی هەردوو ڕێژیمی پاشایەتیی پاڵەوی و ئەحمەد حەسەن بەکر بوو، هەروەها جوابکردنی خومەینی لە نەجەف لەلایەن دەسەڵاتی ئەوکاتی عێراق بیانوو بوو بۆ پەرەپێدان بەو دوژمنکارییە لەلایەن ئێرانەوە و لە ئەنجامی تۆپباران کردنی پاسگاکانی عێراق لەلایەن ئێرانەوە، سەدام تووڕە بوو و لە بەرچاوی بیروڕای گشتی، ڕێکەوتننامەی ئەلجەزایری دڕاند و ٣١ی خەرمانانی ١٣٥٩، هێرشی بۆسەر خاکی ئێران دەست پێ کرد.

حیزبی دێموکرات ئەوکات وێڕای هەبوونی پەیوەندی لەگەڵ دەوڵەتی عێراق، ڕەزبەری ١٣٥٩ لە پەیامێکدا دەستدرێژیی دەوڵەتی عێراق بۆسەر خاکی ئیرانی مەحکووم کرد و ڕایگەیاند کە ئەگەر دەوڵەتی مەرکەزی داخوازییە بنەڕەتییەکانی خەڵکی کوردستان بە ڕەسمی بناسێ، حیزبی دێموکرات ئامادەیە تەواوی هێزی خۆی بۆ بەرەنگاربوونەوەی پەلاماری ئەرتەشی عێراق وەکار بخا.

یەکێک لەو تایبەتمەندییانەی حیزبی دێموکرات لە ڕەوتی پێوەندی لەگەڵ دەوڵەتی عێراقدا کە بۆ لێفێربوون دەبێ، ئەوەبوو کە بە پێچەوانەی زۆر کەسایەتیی ئێرانی و تەنانەت باشووری کوردستانیش، بەرپرسانی حیزبی دێموکرات هەرگیز هەڵپەی دەرکەوتن لەگەڵ دەسەڵاتدارانی عێراق و هیچ داگیرکەرێکی کوردستانیان نەبووە، هەروەها حیزبی دێموکرات هەرگیز داوای دەوڵەتی عێراقی سەبارەت بە دژایەتیی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی باشوور قەبووڵ نەکردوە. گەورەترین شانازی حیزبی دێموکرات ئەویە کە خاڵی ڕەشی لە کارنامەی پێوەندی لەگەڵ هیچ دەوڵەتێکدا نییە و لەسەر حیسابی تێکدانی خەبات و تێکۆشانی هیچ پارچەیەک، خەباتی خۆی درێژە پێ نەداوە.

مامۆستا عەبدوڵلا حەسەنزادە سیاسەتمەدار و ئەدیبی بەناوبانگی گەلی کورد لە کتێبی "حەقیقەتی مێژوو"دا لەبارەی پێوەندی دوکتور قاسملوو و سەدام حوسێندا دەڵێ: "سەدام حوسێن مرد، قاسملوو حازر نەبوو بیبینێ و لە تەلەفزیۆن دەگەڵی دەرکەوێ. زۆرجار بەیەکەوە دانیشتوون بە تایبەتی لە جەریانی ئەو موفاوەزاتەی کە لە نێوان دەوڵەتی عێراق و یەکیەتیی نیشتمانیدا هەبوو، بەڵام ئامادە نەبوو لە تەلەفزیۆن دەربکەوێ. قاسملوو دەیگوت: "چۆن دەکرێ ئەمن لە تەلەفزیۆن دەربکەوم و کوردی عێراقیش هەموو ڕۆژێ جەنازەی بۆ بێتەوە!؟"

هەروەها دوکتور مەحمود عوسمان، سیاسەتمەداری کوردی باشووری کوردستان، سەبارەت بە ڕابردووی پێوەندی حیزبی دێموکرات و دەوڵەتی عێراق پەردە لەسەر زۆر ڕاستی هەڵدەداتەوە کە لە ئارشیوی موخابەراتی عێراقدا دەست کەوتبوون و بە ئاماژە بە ڕابردووی پاک و بیگەردی حیزبی دێموکرات دەڵێ: "ئەوەی گرنگە شێوازی هەڵسوکەوتی دێموکرات لەگەڵ وڵاتانی داگیرکەری کوردستان بوو، ئەوکاتە ئێمە لە بەر سنوورەکە پێوەندیمان لەگەڵ ئێران هەبوو و ئەوانیش لەگەڵ عێراق بەڵام هیچ وەختێک شتێکیان لەگەڵ حکوومەتی سەدام و عێراق نەکردوە کە زەرەری بۆ کوردی عێراق هەبێ، ئەوە زۆر موهیمە. بیرم دێتەوە دوکتور قاسملوو بەڕەحمەت بێ زۆر ئەهات و ئەچوو دەیانەویست لە بەغدا تەرتیبی چاوپێکەوتنێکی بۆ بکەن لەگەڵ سەدام، چەند جارێک خۆی لێ دزیەوە، نەیدەویست تێکەڵاو بێ و ئەیوت من ئەگەر سەددام ببینم لە تەلەڤیزیون دەرئەچێ و ئەویش ئەیهەوێ مەدحی بکەین، منیش ناتوانم ئەوە بکەم. کەم هەیە سەرکردەی کورد بەو شێوەیە فکر بکاتەوە، ئەو دەیتوانی زیاتر کەڵک وەربگرێ، دەیانتوانی چەک وەربگرن، پارە وەرگرن بەڵام قەت نەیانویست بچنە ئەو خانەیە کە بە زەرەری کوردی عێراق بێ، ئەوە شتێکی گرینگە بە قەناعەتی من لەبەر ئەوە پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ڕژێمی بەعس و لە گەڵ سەددام کەم بوو بچووک ببوو، دەسکەوتی کەم بوو، بەڵام گوێیان نەئەدایە. ئەوە کارێکی نیشتمانپەروەرانە و باشە. حیزبی دێموکرات نەیویستووە دەسکەوتێکیان هەبێ لەسەر حیسابی کوردی پارچەیەکی تر. بمانهەوێ و نەمانهەوێ جوغرافیا وای کردوە کوردی عێراق دەبێ پەیوەندیی بە ئێران و تورکیە هەبێ، کوردی ئێران لەگەڵ عێراقی هەبێ و ئەویتر لەگەڵ ئەوەیتر، جوغرافیاکەمان وایە، بەڵام ئەو پەیوەندییانە دەبێ بە شێوەیەک بێ لەسەر حیسابی کوردی ئەو پارچەیە نەبێ. ئێستا ئێمە پەیوەندی بە ئێرانەوە دەکەین نابێ لەسەر حیسابی کوردی ئێران بێ و زەرەر بە کوردی ئێران بگەیەنین و تورکیەش عەینی شت. حیزبی دێموکرات ڕەچاوی ئەوەیان کردوە و توانیویانە لەو پەیوەندییە کە هەیانە ئەو باڵانسە ڕابگرن. ئەوە گرینگە، حیزبی تر هەبوو لە کوردستانی عێراق ئەو باڵانسەیان ڕانەگرتوە، نەیانتوانیوە ڕایبگرن، لەبەر ئەوە بە ڕەئی من ئەو کارەی حیزبی دێموکرات یەکێکە لە خاڵە گرینگەکان و خاڵە ئەرێنییەکانی ئەو حیزبە، ئەوەش لە خەباتدا جێگای تەقدیرە".

سەرباری ئەمەش حیزبی دێموکرات و دوکتور قاسملوو دەوری باشیان گێڕا لە سەرخستنی موفاوەزاتی نێوان بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی باشوور و دەوڵەتی عێراق.

## مانگی دیفاع لە ئازادی

هێشتا دوو ساڵ بەسەر دەسپێکی شەڕی نگریسی نێوان ئێران و عێراق تێنەپەڕیبوو کە ڕێژیمی تازە بەدەسەڵات گەیشتوو بەردەوام بوو لە هێرش بۆ سەر کوردستان. لەونێوەدا ڕێگای نێوان سەردەشت - پیرانشار بایەخێکیستراتێژیکی هەبوو بۆ گەیاندنی یارمەتی و تەداروکات بۆ هێزی پێشمەرگە، هەربۆیە ڕێژیم دەیهەویست دەستی بەسەردا بگرێ. ئەوکات حیزبی

دێموکرات لەپەیامێکدا بۆ دەفتەری سیاسیی یەکیەتیی نیشتیمانی کوردستان داوای هێزی یارمەتی دەکا بۆ پاراستنی ئەو جادەیە. لەوەڵامی ئەو داوایەی حیزبی دێموکرات یەکیەتیی نیشتمانی ١٥٠٠ پێشمەرگەی خۆی بۆ ئەو ناوچەیە ڕەوانە کرد و لەژێر ناوی هێزی پشتیوان قارەمانەتیی زۆریان نواند.

هێرشەکانی ڕێژیم بۆسەر کوردستان دڕندانە بوو و پێویست بوو کە کۆمەڵانی خەڵک بۆ دیفاع لە ماف و ئازادییەکانیان هەڵوێست بگرن. هەربۆیە دوکتور قاسملوو سکرتێری گشتیی حیزب لەپەیامیکی ڕادیۆییدا ماوەی ٢٠ی خەرمانان تاکوو ٢٠ی ڕەزبەری ١٣٦١ی، وەک "مانگی دیفاع لە ئازادی و مەوجودییەتی گەلی کورد" ڕاگەیاند.

دوکتور قاسملوو داوای لە کۆمەڵانی خەڵک کرد کە لە هەموو ناوچەکان بۆ دیفاع لە ئازادی و شەرەفی خۆیان وەکار کەون و "کچ و کوڕ و ژن و پیاو و گەنج و پیر لەو دیفاعەدا بەشدار بن".

لەو پەیامەدا دوکتور قاسملوو ئەرکەکانی کۆمەڵانی خەڵک، هێزی پێشمەرگەی کوردستان، هێزی بەرگریی میللی و بەرپرسان و ئەندامانی حیزبی بە وردی دەستنیشان کردبوو.

هەر لەو پەیامەدا دوکتور قاسملوو ئەندامانی یەکیەتیی لاوانی ئەرکدار کرد کە پەیوەستی هێزی پێشمەرگە بن و چەکی دیفاع لە خاک و خەڵکی کوردستان هەڵبگرن: "هەموو شتێک بۆ جەبهە، هەموو ئیمکانێک بۆ سەنگەر" ببوو بە دروشمی گشتیی خەڵک لەبەرگری ڕەوادا.

## بەشداری و ئەندامەتی لە ئینتێرناسیۆناڵ سوسیالیستدا

حیزبی دێموکرات وێڕای تێکۆشان بۆ دەستەبەرکردنی مافە نەتەوەییەکانی کورد، بەردەوام هەوڵی دەدا کە کۆڕ و کۆمەڵە نێونەتەوەییەکان لە دۆخی کورد ئاگادار بکاتەوە، لەم پێوەندییەشدا دوکتور قاسملوو بە هەوڵ و تێکۆشانی خۆی و هەروەها بە کەڵکوەرگرتن لە پاشخانی دۆستایەتیی حیزبی دێموکرات لەگەڵ حیزبە سوسیالیست و سۆسیال دێموکراتەکانی ئورووپا، دەرگای ڕێکخراوی جیهانی "ئینتێرناسیۆناڵ سوسیالیست"ی بە ڕووی کورد و حیزبی دێموکراتدا کردەوە و بۆ یەکەم جار دوکتور قاسملوو لە ساڵی ١٣٦٥ وەک نوێنەری حیزبی دێموکرات لە حەڤدەهەمین کۆنگرەی ئینتێرناسیۆناڵ سوسیالیست، لە لیمای پایتختی وڵاتی پێرۆ بەشدار بوو.

لەدرێژەی ئەو هەوڵ و تێکۆشانە و بەشداریی بەردەوامی حیزبی دێموکرات لە کۆڕ و کۆبوونەوەکانی ئەم ڕێکخراوە جیهانییە،

سەرەنجام ساڵی ١٣٧٥ لە بیستەمین کۆنگرەی ئەو ڕێکخراوەدا کە لە بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکان لە نیۆیۆرکی ئامریکا پێکهاتبوو، هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە سەرپەرەستیی مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە بانگهێشت دەکرێن و حیزبی دێموکرات لەو کۆنگرەیەدا بە ئەندامی چاودێر وەردەگیرێ و هەنووکە ئەندامی ئەسڵییە لەو ڕێکخراوە جیهانییە.

بەشداریی حیزبی دێموکرات لە وەها ڕێکخراوێکی جیهانیدا کە حیزب و لایەنە پێشکەوتووخوازەکانی دنیا و بە تایبەت ئورووپای لە خۆیدا کۆکردبۆوە، ئەوکات و ئێستاش پڕبایەخە، بەتایبەت ئێستا کە کورد وەک نەتەوەیەکی بێ دەوڵەت لە نەتەوەیەکگرتووەکان نوێنەری نییە، ئەوا ئینتێرناسیۆناڵ سۆسیالیست باشترین دەرفەت و سەکۆیە بۆ ناساندن و پەیداکردنی دۆست بۆ دۆزی ڕەوای کورد.

## بۆمبارانی شیمیایی هەڵەبجە و هەڵوێستی حیزب

لە گەرمەی تێکۆشانی حیزبی دێموکراتدا کە هەردوو ڕێژیمی ئێران و عێراق لە شەڕدابوون، خاکی کوردستانیان کردبوو بە مەیدانی ئەو شەڕە ماڵوێرانکەرە، کە دەکرێ بڵێین شەڕی ئێران و عێراق لە دوای شەڕی دووهەمی جیهانی بە یەکێک لە پڕخەسارترین شەڕەکان هەژمار دەکرا.

لەکاتێکدا کە بڕیارنامەی ٥٩٨ی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیەکگرتووەکان سەبارەت بە ڕاگیرانی شەڕ دەرچووبوو، بەڵام هەردوو ڕێژیم بەردەوام بوون لە شەڕ و بەکارهێنانی چەکی کۆمەڵکوژ و شیمیایی لە دژی یەکتر. بێ فەرق و جیاوازی، هەردوولا ئەو چەکانەیان بەسەر خەڵکی کورددا دەباراند.

هەڵەبجە و سەردەشت و زەردەی دالاهۆ، ئەو ناوچانەن کە ڕێژیمی عێراق بە چەکی شیمیایی بۆردومانی کردن و هەر ئەوکات حیزبی دێموکرات زۆر بوێرانە و بەڕوونی ئەم کردەوەی ڕێژیمی عێراقی مەحکوم کرد. دوای ئەوەیکە شاری هەڵەبجە لە ڕێکەوتی ٢٥ی ڕەشەمەی ١٣٦٦ لەلایەن دەوڵەتی عێراقەوە کیمیاباران کرا، دوکتور قاسملوو کە تەنیا سەرکردەیەکی کورد بوو کە لەدەرەوەی وڵات دەنگی دەبیسرا دەستبەجێ لە ڕێگای ڕاگەیاندنە نێونەتەوەییەکان و هەروەها لە پریس کۆنفرانسێکدا لە درەوەی وڵات، ئەم جینایەتەی ڕێژیمی عێراقی لەقاو دا و هەروەها زۆر بە توندی ئەم کردەوەی ڕێژیمی مەحکووم کرد.

## ڕاپەڕینی باشووری کوردستان و هەڵوێستی حیزبی دیموکرات

دوای کۆتاییهاتنی شەڕی ئێران و عێراق، دەوڵەتی عێراق هەدادانی نەبوو و لە هێرشێکی کتوپڕدا دەستی بەسەر خاکی

کوێتدا گرت.

ئەو داگیرکارییەی دەوڵەتی سەدام، تووڕەیی نێودەوڵەتی بەدوای خۆیدا هێنا، و شەڕێکی پڕخەسار و ماندووکەری جارێکی دیکە تووشی سپای عێراق کرد و ئەمجارەیان هاوپەیمانی نێودەوڵەتی گورزی سەربازی لەسپای عێراق وەشاند.

ئاکامی ئەو لەشکرکێشییە بوو بە هۆکاری ڕاگەیاندنی ناوچەی دژەفڕین ( هێڵی ٣٦ دەرەجە). ئەمە دەرفەتێک بوو بۆ ئەوەی گەلی کورد لە باشووری کوردستان بە ئاواتەکانی خۆی بگا.

ئەوکات بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی باشوور لە چیاکان دەرفەتێکی مێژوویی چارەنووسسازیان بۆ هەڵکەوت، وەک ڕێبەران و فەرماندەکانی ئەوکاتی شۆڕشی کوردی باشوور دەیگێڕنەوە، بزووتنەوەکەیان لەوپەڕی دەسکورتیدا بوو کە پەنا بۆ حیزبی دێموکرات دەبەن و حیزبی دێموکراتیش سەرجەم سەرمایەی خۆی دەخاتە خزمەتی ڕاپەڕینی باشووری کوردستان.

## تێرۆری ڕێبەرانی حیزب لە ئورووپا و باشووری کوردستان

حیزبی دێموکرات لە ڕەوتی خەباتی خۆیدا هەوراز و نشێوی زۆری دیوە و هەوڵی داوە کە پرسی کورد لە ڕێگای ئاشتییانەوە لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندی چارەسەر بکا، بەڵام مخابن دەوڵەتی ئیسلامیی تاران هەر لە سەرەتای دامەزرانییەوە هەتا ئێستاشی لەگەڵ بێت باوەڕی بە چارەسەری ئاشتییانە نەبووە.

ئەم ڕێژیمە لەسەرەتای شۆڕشی گەلانی ئێرانەوە تا ئێستا وتووێژی وەک دەرفەت بەکارهێناوە هەم بۆ خۆڕێکخستنەوە و هەمیش بۆ زەربە لێدان لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد. ئەم ڕێژیمە بە بیانووی دیالۆگ بۆ چارەسەری پرسی کورد، ساڵی ١٣٦٨ دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانی لەسەر مێزی وتووێژ تێرۆر کرد، ساڵی ١٣٧١ و بۆ جارێکی دیکە دوکتور شەرفکەندی و هاوڕێیانی لە ڕێستورانی میکۆنووسی ئاڵمان تێرۆر کرد. جیا لەوانە تێرۆری دەیان کادر و پێشمەرگە و ڕێبەرایەتی حیزبی دێموکرات لە باشووری کوردستان بە نیازی سڕینەوەی حیزبی دێموکرات، هەمیشە لەبەرنامەی کاری ئەو ڕێژیمەدا بووە.

ئەم ڕێژیمە بێ ئەوەی بۆ جارێک بە خەیاڵیدا بێ ئاوڕێک لە چارەسەری پرسی کورد بداتەوە، تەنیا لەبیری پیلانگێڕی و تێرۆر و سڕینەوەی ئەم حیزبەدا بووە و بەردەوام ڕێبەرانی بزووتنەوەی کردۆتە ئامانج.



سەرچاوە
Serchawe

دوایین جار ١٧ی خەرمانانی ساڵی ١٣٩٧ی هەتاوی، سپای پاسدارانی ڕێژیم بە نییەتی کۆتاییهێنانی یەکجاریی بە ویست و داوا ڕەواکانی کورد، قورسترین چەکی لەدژی حیزبی دێموکرات بەکار هێنا و لە ڕێگای مووشەک و درۆن پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی کردە ئامانج کە بەداخەوە ١٦ تێکۆشەری دڵسۆز شەهید و بەدەیان کەسیش بریندار بوون کە شەش کەس لە شەهیدەکان ئەندامی ڕێبەری حیزب بوون.

لەوەڵامی ئەم جینایەتەی کۆماری ئیسلامیدا، خەڵکی کوردستان ڕۆژی ٢١ی خەرمانانی ١٣٩٧ بە مانگرتنی گشتیی وەک نارەزایەتیی دەربڕین بەم کارەی سپا، جارێکی دیکە بە ڕێژیمیان سەلماند کە حیزبی دێموکرات حیزبی گەلی کوردە و گەلی کورد خاوەندارییەتی لە ڕۆڵەکانی خۆی دەکا.

**لە ڕاستیدا مانگرتنی خەڵکی کوردستان دوای مووشەکبارانی قەڵای دێموکرات، لە نەوعی خۆیدا ڕێفراندۆمێک بوو کە جارێکی دیکەش خەیاڵپڵاویی کۆماری ئیسلامیی بۆ لەناوبردنی حیزبی دێموکرات تاهەتایە لە گۆڕ نا.**

**لەکۆتاییدا ئەوە حیزبی دێموکرات و تێکۆشەرانی ئەو حیزبەن کە بە یەکیەتیی و یەکگرتوویی خۆیان ئەو ڕێژیمە ڕادەماڵن و داهاتوویەکی گەش بونیات دەنێن.**

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد – ڕێکەوتی: ٢٠ی مارچ، ٤ی و ٢٠ ئەپریلی ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe

## "گیاڕەنگ" لووتکەی بەرزی تێکۆشان.




لە دەورانی سەرەتایی مەدرەسەوە کە زانیومە قەزیەی کوردی هەیە و حیزبی دێموکرات خەبات بۆ کورد دەکات، لەگەڵ زۆر ناوی جۆراوجۆر ئاشنا بووم، یەکێک لەو ناوانە گیاڕەنگ بوو کە پێش ئەوەی بزانم ناوی کێوێکە لە ناوچەی خۆم، بیستبووم ناوی هێزێکی پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتە.

ئیتر لەوکاتەوە ناوی گیاڕەنگ بۆ من بوو بە ڕەمز، دواتر کە دنیای مەجازی بەرەوپێش چوو و بوومە خاوەن کامپیوتێر و ئینتێرنێتمان وەسڵ کرد، یەکەمین سایتەکان کە سەردانیم کرد گیاڕەنگ بوو.

گیاڕەنگ لەسەر سایتیش هەر هێزی حیزبی دێموکڕات بوو، پڕ لە وتار و بابەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی کە تا هاتمە ناو ڕیزی پێشمەرگەش هەر وامدەزانی سایتی حیزبە و لەتەنیشت سایتە فەرمییەکانی حیزب سەردانی گیاڕەنگ ببوو بە خوویەکی ڕۆژانەی من و چەند هاوڕێی ترم.

ئەمڕۆژانە کە ساڵیادی دامەزرانی گیاڕەنگە، لەکاروانی ڕاگەیاندنی کوردیدا گیاڕەنگ هەر لوتکە ئەستەمەکەی کوردستان و هێزە لەشکان نەهاتووەکەیە بۆ حیزب و بۆ نەتەوەکەمان.

بەتایبەت کە زانیم ئەم ماڵپەڕە بە ئەوین و خۆشەویستی دوو ئازیزی وەک کاکە حەمەڕەسووڵ و شلێر خانمی خێزانی بەڕێوە دەچێ.

گیارەنگ ئێستاکە خەرمانێک لە وتار و بابەتی جۆراوجۆری وەسەریەک ناوە کە دەکرێ ئارشیڤەکەشی وەک ڕێفرێنس بەکار بهێنرێت.

لێرەوە پیرۆزبایی یادی دامەزرانی گیارەنگ لە ستافی بەڕێز و خوێنەرانی ئازیزی دەکەم، هەر چەند من تا ئێستا هیچم بۆ ئەم سایتە نەنووسیوە، بەڵام خۆیان قەت لێم خافڵ نەبوون و زۆر بابەتی تایبەت بە خۆمیان تێدا ڕووماڵ کردوە کە سپاسیان دەکەم و ئەم تۆمارە بۆ من سەنەدێکی هەمیشەییە.

**بەهیوای بەردەوامی گیارەنگ و بەڕێوەبەرانی**

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٤ی ئەپریلی ٢٠٢٣

## هەڵبژاردنەکانی ئێران؛ لە سڕینەوەی بیری جیاواز هەتا تیروپشکی نێوان مۆرەکانی ڕێژیم




هەڵبژاردنی ئازاد و دێموکراتیک، مێکانیزمێکی بەشداریی خەڵکە لە ئیدارەی وڵات و پرۆسەیەکە کە تێیدا خەڵک ئازادانە و بە شێوەی نهێنی بڕیار لەسەر چارەنووسی خۆیان دەدەن و نوێنەرانی خۆیان بۆ ئەرکی جۆراوجۆر هەڵدەبژێرن تا لە ئیدارەی وڵاتدا نوێنەرایەتییان بکەن. بەڵام لە کۆماری ئیسلامیدا ئەم چەمکە و سەرجەم چەمکە گرێدراوەکان بە دێموکراسی لە واتای ڕاستەقینەیان بەتاڵ کراون.

پاش سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران لە زستانی ساڵی ١٣٥٧، تاقمێکی ئاخندراو بە بیری ئیسلامیی شیعە و بە ڕێبەرایەتیی خومەینی لەژێر ناوی دروستکردنی حکومەتی خوا و ئیسلام، کەڵکاژۆیان لە زێهنییەتی ئایینیی خەڵک وەرگرت و سواری شەپۆلەکانی شۆڕش بوون و دەستیان بەسەر هەموو جومگەکانی حکومڕانیدا گرت. دامەزراندنی حوکمڕانیی ویلایەتی فەقیهـ لە ئێران کە مەبەست لێی نوێنەرایەتیی حوکمی خوا لەسەر زەوی بوو و یاساکانی شەرعی جێبەجێ دەکرد، نەک هەر حوکمڕانی بوو بەسەر کۆمەڵگەی ئێراندا، بەڵکوو گشتاندنی ئەو شۆڕش و حوکمڕانییە بۆ وڵاتانی دەوروبەر (صدور انقلاب) لە بەرنامە سەرەکییەکانی بوو و هەر کەسیش لەگەڵ ئەم سیستمە بەربەرەکانی بکردبایە و بیکات، واتا دژایەتیی خوای کردوە و بە "مفسد فی الارض" دەناسرێت و سزای مەرگی هەیە.

لە تەنیشت ئەم سیستمە ئیسلامییەدا کە دەسەلاتێکی ڕەهای بۆ بەڕێوەبەرەکانی داتاشیبوو، سیستمێکی لە نێوەرۆکدا بێدەسەلات و ڕواڵەتیش دامەزرا کە تێیدا هاوتەریب لەگەڵ وڵاتە پێشکەوتووەکان کابینەی حکومەت و پارلەمان بۆ خاڵینەبوونی عەریزە هەبێ، کە هەنگاو بە هەنگاو ئەو ئۆرگانانەش پاکسازی و خۆیان گوتەنی "خالسسازی" کران و بوونە مەیدانی تەراتێنی مۆرەکانی ویلایەتی فەقیهـ و واتایان بۆ هەڵبژاردن و دێموکراسی نەهێشت.

پاش شۆڕشی گەلانی ئێران سەرجەم بڕیارەکانی تایبەت بە ئیدارەی وڵات دەبوا بچنەوە لای خومەینی و شورای ئینقلاب، چارەنووسی نەتەوەکانی ئێران و داهاتووی حوکمڕانیی ئێران بە کەسێک و شوڕایەک ئەسپێردران کە لەگەڵ مافی ئینسان و مافی نەتەوەکان و مافی ژنان و ئایین و ئایینزاکان نامۆ بوون! هەموو ئامانجیان ئەوە بوو کە بە زووترین کات کۆڵەکەکانی حوکمڕانی ویلایەتی فەقیهـ سەقامگیر بکەن و هەنگاو بە هەنگاو جیابیران و هێزە پێشکەوتوو و دێموکراتەکان لە مەیدانی سیاسی دەرباوێن.

مێهدی بازەرگان دەستنیشانکراوی خومەینی و سەرۆکوەزیری دەوڵەتی کاتی، لە یەکەمین قوربانییەکانی حوکمڕانیی ئیسلامی بوو لە ئاستی باڵادا. بازەرگان کە کەسێکی خوێندەوار و تەکنۆکڕات بوو و دنیای پێشکەوتووی دیبوو، نەیتوانی لەکاتی ڕێفراندۆم بۆ دیاریکردنی جۆری ڕێژیم لەبەرابەر خومەینیدا، تەنانەت پێشگری دێموکراتیک بە ئیسلامییەکەی زیاد بکات و سیستمی کۆماری دێموکراتیکی ئیسلامی بخاتە دەنگدانەوە و، بەتوندی لەلایەن خومەینی بەرپەرچ درایەوە و پێی گوترا کە "کۆماری ئیسلامی" نە یەک وشە زیاد نە یەک وشە کەم!

پاسدار موحسێن ڕەزایی لە وتووێژێکی خۆیدا لەگەڵ مێدیای سپای پاسداراندا دەڵێ: "ئەگەر خومەینی مێهدی بازەرگانی لە دەسەلات دانەنابا ئەوە شۆڕش بە ئاکام نەدەگەیشت. مێهدی بازەرگان گەورەترین کڵاو بوو کە خومەینی لەسەر ئامریکای نا، خومەینی ستافێکی لە ئیدارەی حکوومەت بەکارهێنا کە ئامریکا هەست بە نیگەرانی نەکات!"

دیارە نەتەوەی کورد بە پێشەنگایەتیی حیزبی دێموکرات کە ماهییەتی نادێموکراتیک و دژەئینسانی ڕێژیمی نوێی ناسیبوو، بەتەواوی لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە ئەم ڕێفراندۆمە مەجالی هەڵبژاردنی جۆری حوکمڕانی لە خەڵک ستاندۆتەوە، هەر بۆیە ڕێفراندۆمەکەی بایکۆت کرد.

پاش ئەم ڕێفراندۆمە نادێموکراتیکە، هەڵبژاردنی مەجلیسی خیبرەگان لە هاوینی ١٣٥٨ بوو بە مەیدانێک کە تێیدا خەڵک بتوانێ نوێنەرانی ڕاستەقینەی خۆیان هەڵبژێرن. دیارە مۆرەکانی ڕێژیم هەموو هەوڵی خۆیان دا کە نوێنەرانی کورد بە تایبەت دوکتور قاسملوو لەم هەڵبژاردنەدا دەنگ نەهێننەوە. بەڵام ئاکامی دەنگدان بوو بەوەی دوکتور قاسملوو بە

١١٣،٧٧٣ دەنگ، بە نوێنەری پارێزگای ورمێ بۆ مەجلیسی خیبرەگان هەڵبژێردرا. بە ناسینێک کە دەسەڵاتدارانی تاران لە دوکتور قاسملوو هەیانبوو، دیار بوو تەحەمولی کەسایەتیی سێکولار و دێموکراتی دوکتور قاسملوو ناکەن چونکە لەگەڵ سیستمە ئیسلامییەکەیان ناتەبا بوو، هەربۆیە ویستیان بە پیلانێک پەلکێشی تارانی بکەن و لەبەینی ببەن، بەڵام دوکتور قاسملو نەچوو.

پاش بەڕێوەچوونی یەکەم کۆبوونەوەی مەجلیسی خیبرەگان بەبێ بەشداری دوکتور قاسملوو، خومەینی فتوای جیهادی لە دژی کورد دا و شەڕی بەسەر کوردستاندا سەپاند! ئەگەرچی ئاکامی ئەو شەڕە شکستی کۆماری ئیسلامی و کۆنترۆڵی سەرجەم شار و ناوچەکانی کوردستان بوو لەلایەن هێزی پێشمەرگە و ڕێژیم پاشەکشەی کرد، بەڵام ئەوە هیچی لە ماهییەتی ڕێژیم نەگۆڕی و ڕێژیم خەریکی کات کڕین بوو بۆ ڕێکخستنەوەی هێز.

هەر لەو سەروبەندەدا لە تاران لە ڕەوتی ئامادەکاری بۆ هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماریدا کە قەرار بوو ٥ی ڕێبەندان بەڕێوە بچێ، ڕێگە لە کاندیداتۆریی کوردەکان گیرا و تەنانەت مەسعوودی ڕەجەوییش کە قەناعەتی بە مافی کورد هەبوو کەوتە بەر تیغی حوکمی خومەینی و لە چوونە نێو کێبەرکێی سەرکۆماری دوور خرایەوە، هەربۆیە حیزبی دێموکرات بەشداریکردن لەم دەنگدانەشی بایکۆت کرد و پاشان ئەبولحەسەنی بەنی سەدر بە سەرۆککۆمار هەڵبژێردرا. چارەنووسی بەنی سەدریش وەک هەموو جیابیران و ناخودییەکان، بە دەرهاویشتن لە بازنەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی کۆتایی هات و نەک هەر لە سەرۆک کۆماری دەرکرا، بەڵکوو پەڕیوەی دەرەوەی ئێران بوو.

ئەو سەردەم دوایین دەرفەت بۆ بەشداریی سیاسی لە ئیدارەی وڵات هەڵبژاردنەکانی مەجلیسی میللی بوون. ٢٤ی ڕەشەمەی ١٣٥٨ خەڵکی ئێران و گەلی کورد لە زۆربەی شار و ناوچەکان خۆیان بۆ ئەوە ئامادە دەکرد کە نوێنەرانی ڕاستەقینەیان بۆ مەجلیس بنێرن، بەڵام تێکۆشانی حیزبەکانیان واتا حیزبی دێموکرات و کۆمەڵە یاساغ کرابوو. هەر بۆیە هەرکام لەو حیزبانە کە نوێنەرەکانیان بەڕووی خەڵکەوە ڕوون بوون، لەژێر ناوی کاندیدی سەربەخۆ نوێنەرانی خۆیان بەربژێر کرد.

ئاکامی ئەو هەڵبژاردنە پێگەی حیزبی دێموکراتی بە دۆست و دوژمن نیشان دا و دەریخست کە لە شارە کوردییەکان و ئەو شوێنانەی کە هەڵبژاردن تێیدا بەڕێوە چووبوو، نوێنەرانی حیزبی دێموکرات ڕێژەی لە سەدا ٥٧ تا ٩٧ی دەنگەکانیان مسۆگەر کردوە. هەربۆیەش کۆماری ئیسلامی کە دڵنیابوو لە ڕێگای هەڵبژاردنەکانەوە ناتوانێ دەسەڵاتی کوردستان بەدەستەوە بگرێت، ئاکامی هەڵبژاردنەکانی لە کوردستان هەڵوەشاندەوە و دەستی بە شەڕەنگێزی کرد. ئەمە سەرەتای حوکمڕانی ویلایەتی فەقیه بوو کە دواتر لە ساڵی ١٣٦٨ ئەویش کرا بە ویلایەتی موتڵەقەی فەقیە! شەڕەنگێزیی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ نەتەوەی کورد و نوێنەرانی سیاسی ئەم نەتەوەیە و نەتەوەکانی دیکەش هەر بە شەڕ و کوشتاری خەڵک و



سەرچاوە Serchawe

وێرانکردنی شار و گوندەکان کۆتایی نەهات، تێرۆری ڕێبەرانی سیاسیی کورد و ڕێبەرانی نەتەوەکانی دیکەی ئێران لە دەرەوەی وڵات، نمونەی دیاری ڕێژیمێکی جینایەتکار و خۆسەپێنە، کە لە دەرەوەی سنوورەکانیش تەحەمولی بیری جیاواز و مافخوازانە ناکات.

بە درێژایی مێژووی کۆماری ئیسلامی هەڵبژاردنەکان نەک هەر مەیدانێک نەبوون بۆ هەڵبژاردنی نوێنەرانی ڕاستەقینەی خەڵک، بەڵکوو مەیدانێک بوون بۆ کێبەرکێی مۆرە نزیکەکانی دەسەڵات، تا زیاتر سەرلەپێناویی خۆیان نیشان بدەن. هەستیاری ڕێژیم لە دانانی پۆستە سیاسیی و ئیدارییەکان ئەوەندە ورد بۆتەوە کە شیاوییەتی بەربژێرەکانی سەرۆکایەتیی کۆمار و مەجلیسی خیبرەگان و مەجلیسی شوڕای ئیسلامی تا ئەو ئاستەیە کە سەرۆککۆمارەکانی پێشوو ڕەد دەکرێتەوە و، بەربەرەکانیی نێوان باڵەکانی دەسەڵات گەیشتۆتە شوێنێک ئەوانەش کە لە سەرەتاوە پشتیوانی ویلایەت بوون، ئەمڕۆژانە بە جۆرەها شێواز حەزف کراون.

دەسەڵاتی ویلایەتی موتڵەقەی فەقیهـ، پشتئەستوور بە فەرماندەکانی سپای پاسداران هەنووکە بازنەیەک لە دەسەڵاتیان دروست کردووە کە هەرچەشنە نارەزایەتییەک بە ئاگر و گوللە وەڵام دەدەنەوە؛ نموونەکەشی ڕاپەڕینەکانی ئەمجارەی خەڵکی ئێران و کوردستان بوو کە خەڵکی ئازادیخوازی ئێران و کوردستان دوابەدوای شەهیدکرانی ژینا ئەمینی بە درووشمی ژن ژیان ئازادی هاتنە سەر شەقام، بەڵام وەڵامی ڕێژیم بۆ داخوازی و مافە ڕەواکانی خەڵک بە تایبەتی لە کوردستان ئاگر و باڕووت بوو. بینیمان کە بەسەدان کەس لە پیاوان و ژنان و لاوان شەهید کران و بە هەزارانیش بریندار و دەسبەسەر و ئەشکەنجە کران و هەروەها بنکەی سەرەکی هێزە کوردییەکان بە تایبەت ناوەندی سەرکردایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران چەندین جار لەلایەن سپای پاسدارانەوە مووشەک باران کرا.

## هەڵبژاردنەکانی ئەمجارەی مەجلیسی شۆڕای ئیسلامی و مەجلیسی خێبرەگان

ئەزموونی حوکمڕانیی خۆسەپێن و ملهوڕانە و شانۆگەریی هەڵبژاردنەکان لە ئێران پێمان دەڵێ خەڵکی سەرجەم ناوچەکانی ئێران و کوردستان تا ئەو ئاستە لەم ڕێژیمە بێزار بوون کە هیچ هیوایەکیان بە چاکسازی نییە و دڵنیان کە دۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی لە ئێران تازە باش نابێت و بگرە خراپتر دەبێت. خەڵک تێگەیشتوە کە هەڵبژاردن شانۆگەرییەکی ئەوەندە لەوس و سواوە لە ڕێژیمدا کە ئێتر خەڵک بیر لە بەشداریکردن ناکەنەوە و بۆیان گرینگ نییە ئاخۆ کێ بەربژێرە و کێ ناوی لە سندوقەکانی دەنگدان دێننە دەرێ. پاشخانی نوێنەرانی پێشووی مەجلیس ئەوەندە پیسە کە لە ڕوانگەی خەڵکەوە مەجلیس نەک هەر نوێنەرایەتی ئەوانی نەکردوە، بەڵکوو ئامرازی سەرکوت و تاڵان بووە.

ئەوی ئێستا بۆ خەڵک گرینگە ئەوەیە کە ١١ی ڕەشەمە بـایکۆتی هەڵبژاردنەکـان و نەچوونە دەرەوە لە ماڵەکانیـان بکەنە ڕێفراندۆمێکی دیکەی نا بۆ کۆماری ئیسلامی و، پێویستە کە خەڵک هێزی جەماوەر بە دەسەڵات نیشان بدەن و لە یەکگری و یەکخستنی وزەی شۆڕشگێرانەیاندا چارەنووسی خۆیان و ئەو ڕێژیمە یەکلا بکەنەوە.

سەرچاوە: ماڵپەری کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٦ی ڕەشەمەی ٢٧٢٣

## مێژووی ئاڵا و پێشمەرگە



بە پێی بەڵگەنامە مێژووییەکان ڕۆژی ٢٦ی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٢٣ خەڵکی وەزاڵەهاتووی مەهاباد دەستیان بەسەر شارەوانی ئەو شارەدا گرت و داگیرکەریان وەدەرنا و دەسەڵات لە مەهاباد بەتەواوی کەوتە دەست خەڵکی خۆجێیی.

پاش نزیکەی ساڵێک دواتر ٢٦ی سەرماوەزی ١٣٢٤ بۆ یەکەم جار ئاڵای پیرۆزی کوردستان لە مەیدانی چوارچرای شاری مەهاباد هەڵکرا و هەنگاو بە هەنگاو دامەزرانی کۆماری کوردستان چووە بواری جێبەجێ کردنەوە.

پیرۆزی ئاڵای کوردستان لای پێشەوای کۆماری کوردستان لە شوێنێک دەگاتە لوتکەی پیرۆزی خۆی و لەسوێندەکەیدا، پێشەوا سوێندی بە ئاڵای پیرۆزی کوردستان خوارد کە هەموو هەوڵی خۆی بۆ بەرز ڕاگرتنی ئەو ئاڵایە بدات و بەگیانی خۆی سوێندەکەی بردە سەر، هەربۆیەش لای نەتەوەی کورد و میراتگرانی پێشەوا و کۆمار، ئاڵا ئەو پیرۆزییەی هەرماوە و نەوەکانی پێشەوا خاوەندارییەتی کرداری لە فەلسەفەی دامەزراندنی کۆماری کوردستان دەکەن.

وەک ئاماژەی پێکرا هەنگاو بە هەنگاو دامەزرانی دەوڵەتی کوردی بە داهێنانی ڕەمز و سیمبولی نیشتمانی کەوتبۆ بواری

جێبەجێ کردنەوە. ئەگەرچی پێش دامەزرانی کۆماری کوردستان سپایەکی پۆشتە و پەرداخ ئەرکی پارێزگاری لە ئەستۆ بوو، بەڵام دوای دامەزرانی کۆماری کوردستان زەرورەتی دیاریکردنی ناوێکی خۆماڵی و نەتەوەیی بۆ ئەو سپایە لە هەموو کات زیاتر دەرکەوت، هەر بۆیەش لە کۆبونەوەی دەفتەری سەرۆکایەتی کۆمار و لە کۆبوونەوەی ستادی فەرماندەیی ناوی پێشمەرگە بۆ سپای کوردستان دیاریکرا کە ئەرکی پاراستنی کۆمار و دەسکەوتەکانی لەئەوستۆ بێ . ئەم بڕیارە ڕۆژی ١٥ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ درا و لە ڕۆژنامەی کوردستاندا چاپ و بڵاو کرایەوە.

ئەو سەردەم دەستەواژەیەک لەدایک بوو کە ئەمڕۆ بۆ کورد لەهەموو جیهان بووەتە سیمبولی ئازایەتی و دادپەروەری. دەستەواژەیەک کە ئەگەر پێشووتر تەنیا سیمبولی نەتەوەی کورد بوو ئەوا ئەمڕۆکە لۆگۆی بەرەنگاربوونەوەیە لەگەڵ هێزە تیرۆریست و توندئاژۆکان.

**پێشمەرگەش وەکوو هەموو سیمبولە نەتەوەییەکانی دیکە لە ئامێزی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بەدەستی حیزبی دێموکرات لەدایکبوو، لەکوردستانی گەورە باڵای کرد و لەجیهانیشدا شانازی پێ دەکرێت.**

لە سەرەتای دامەزرانی کۆماری کوردستانەوە تا ئێستا پێشمەرگە و ئاڵا بوونە دوانەیەکی لەیەک دانەبڕاو، هەربۆیەش حیزبی دێموکراتی کوردستان وەکوو حزبێکی میللی دێموکراتیک و مەسئول، سەرماوەزی ساڵی ١٣٦٣ لە پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندی بە سەرپەرەستی شەهید دکتور قاسملوو، ڕۆژی ٢٦-ی سەرماوەز ڕۆژی هەڵکردنی ئاڵای کوردستانی وەکوو ڕۆژی پێشمەرگە دیاریکرد، دیرایەتی ئەم بڕیارەش بۆوە دەگەڕێتەوە کە تەنیا پێشمەرگە پارێزەری ڕاستەقینەی ئاڵای کوردستان و خاکی کوردانە.

جێی خۆیەتی هەموو کوردستان بەگشتی و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەتی ،جارێکیتر لەفەلسەفەی ئاڵا و پێشمەرگە وردبینەوە و بیکەینە هەوێنی یەکگرتوویی و یەکێتی نەتەوەیی، چونکە لای هەموومان ئاشکرایە کە هەر چوراپارچەی کوردستان بە قۆناغێکی هەستیاری نەتەوەییدا تێدەپەڕێت و دەبێ بەها پیرۆزەکانی وەکوو ئاڵا و هەروەها پێشمەرگە وەک پارێزەری ئەو ئاڵایە، سەرەتاییەکی بەهێزی یەکدەنگی کوردان بێت.

وەک دەزانین لە سەردەمی کۆماری کوردستان فەلسەفەی دامەزرانی هێزی پێشمەرگە پارستنی دەسکەوتەکانی کۆمار بووە و هەرگیز هێزێکی شەڕانگێز و داگیرکەر نەبووە، هەر ئەم فەلسەفەیەشە کە بوونی هێزی پێشمەرگەی لەم سەردەمەدا زیاتر لە هەموو کات کردۆتە زەروورەت.



سەرچاوە
Serchawe

ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست کە ناوەندی ململانێ جیهانی و ناوچەییەکانە، ئەمڕۆژانە بە دۆخێکی هەستیاردا تێدەپەڕێت، دۆخێک کە ئەگەر پێشمەرگە پارێزەری نەبێت، ڕەنگە دەرفەتی گۆڕانکارییەکان بەقەیرانێکی گەورە بەسەر کورددا بشکێتەوە. لەلایەکیش نابێ لەبیری کەین کە لۆژیکی دوژمنان و داگیرکەران بەردەوام بەکارهێنانی هێز بووە دژی خواستە ڕەواکانی نەتەوەکەمان، کەواتا مادام هێزەکانی ناوچە بڕیاریانداوە پرسەکان بەهێزی چەکدار چارەسەر بکەن، ئەوا بێگومان ئەگەر بۆ بەرگریکردنیش بێت، پێشمەرگە دەبێ مەیدانداری هاوکێشەکانی ناوچە و کوردستان بێت. بۆیە لاوان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەبێ پێشمەرگە ئاسا بۆ هەموو ئەگەرێکی خوازراو و نەخوازراو لەسەر پێ بن.

لەسەردەمی دیفاعی چەکدارانە لە کوردستان، لاوانی دێموکرات پشکی شێریان بەرکەوتووە و پێشمەرگەی بە ئەمەگی ڕێبازی حیزبی دێموکرات بوون و بەڵێنی نەسرەوتن تا سەرکەوتنیان لەگەڵ خەڵک و خاکی کوردستان دووپات کردۆتەوە و هاوکات خەڵکی کوردستانیش بە پێشوازی و پشتیوانی گەرمیان لە پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات، سەلماندیان کە چارەنووسی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە دەست حیزبی دێموکرات دیاری دەکرێت.

پێشمەرگە و پێشمەرگایەتی ئەگەر سەردەمێک تەنیا لە هەڵگرتنی چەکی پاراستنی نیشتماندا خۆی دەنواند، ئەوا ئێستا زەبر و زەنگی کۆماری ئیسلامی خەڵکی فێر کردووە کە چۆن پێشمەرگە ئاسا تێبکۆشن بۆ پاراستنی شوناسیان.

**لاوانی ڕۆژهەڵات لەم سەردەمەدا دەستیکیان چەکی پێشمەرگایەتییە و دەستەکەی دیکەشیان قەڵەمی کوردایەتی.**

**لاوان لەناوخۆی کوردستان ئەمڕۆکە لەسەر بنەمای ئەو میراتە گرنگەی کە جیهان شانازی پێوەدەکات، لەسەر پێن و پێشمەرگەئاسا لەدژی سیستەم و سیاسەتی کوردقڕانی کۆماری ئیسلامی ئێران وەستاونەتەوە.**

تێکۆشانی سەر شەقام لە جەنگەی شۆڕشی ژینا بۆ داکۆکی لە مافەکانی ژنان لەپێناو ژیان و ئازادی ، درێژەدان بە ژینگەپارێزی، پەرەپێدان بە ئەدەبیاتی کوردی و زمان پارێزی لەناو ئەو سیستەمە زاڵمەدا چەشنێک پێشمەرگایەتییە.

مل نەدان بە سیاسەتی فریودەرانەی کۆماری ئیسلامی و نەچوونە ناو سیستمی کۆیلەکردن و جاشایەتی و هەروەها پاراستنی پێشمەرگە لە پیلانی دووژمن چەشنێک پێشمەرگە بوونە، ئەو لاوانەی کە لەزانکۆکاندا نوێنەری بیری نەتەوەیین، لە کۆلانەکاندا دەنگی کۆماری کوردستانن هەر پێشمەرگەن. هەر بۆیە لاوانی کورد دەبی شانازی بەخۆیانەوە بکەن و بەردەوام بن.

ئێستا کە هەموو جیهان پیشمەرگە و ئاڵای کوردستان وەکوو داینەمۆی ئازادی و دێموکراسی و پارێزەری ئاشتی دەناسن، بۆ خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە لەناخی ئەواندا ئەو سیمبۆلە نەتەوەییانە لەدایک بوون، سەربەرزییەکی گەورەیە. هەر بۆیەش بۆ وەبیرهێنانەوەی ئەو نۆستالۆژیایەش بێت، دەبێ هەموو ماڵێکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئاڵایەکی کوردستانی لێ بێت، چونکە ڕۆژهەڵات خاوەنی ڕاستەقینەی پێشمەرگە و ئاڵای کوردستانە.

دایکان و باوکان لە ڕۆژهەڵات بەرپرسیارییەتی گەورەیان کەوتۆتە سەرشان کە بە هەبوونی ئاڵایەکی کوردستان لە ماڵەکاندا بەردەوام بۆ منداڵەکانیان دیرۆکی نەتەوەکەیان باس بکەن و پێیان بڵێن کە مێژوو و ئێستایان چەندە تەژییە لە حەماسە و سیمبۆلی نەتەوەیی و هەستی نیشتمانی.

ئەرکی چالاکانی سیاسیی و مەدەنی، لاوان و خوێندکاران، مامۆستایان و کارمەندان و کرێکاران و جوتیارانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە کە سەرورییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەناخیاندا بچەقێنن و بەو باوەڕە بژین کە ئەو ئاڵایەی کە دوور لە چاوی دام و دەزگا سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم لە ماڵەکانیاندا دانراوە، ڕۆژێک هەر دێت کە بە بازوو و هیمەتی پێشمەرگە وەک پارێزەرانی کوردستان، هەر دێتە دەرێ و لەسەر بانی ماڵەکان و بنکە و بارەگا حکومەتییەکاندا هەڵدەدرێت.

**٢٦ی سەرماوەز ڕۆژی ئاڵا و پاریزەرانی ئاڵا واتا پێشمەرگەی کوردستان، لەسەرجەم پێشمەرگەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەتایبەت لاوانی پێشمەرگە پیرۆز بێت و بەو هیوایە کە وەکوو هەمیشە لاوان داینەمۆی هەستی نەتەوەیی و هەوێنی ئارامی و ئاسۆی گەیشتنی کوردان بەئاواتە دێرینەکەمان واتا سەربەخۆیی کوردستان بن.**

**سەرچاوە: ماڵپەری کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٢٦ی سەرماوەزی ٢٧٢٣**

# حیزبی دێموکرات و قەڵەمبازێکی مێژوویی بۆ ئامانجێکی لەمێژینە




خەباتی ٧٨ ساڵەی حیزبی دێموکرات بە تێکۆشانی سێ‌ساڵەی کۆمەڵەی ژێ کافیشەوە، خەباتێکی شوناسخوازانە بووە لە پێناو دیاریکردنی مافی چارەنووسی کورد. خەبات بۆ دیاریکردنی مافی چارەنووسی کورد لە قۆناغی جۆراوجۆردا شێوە و شکڵی تایبەتی بەخۆیەوە گرتووە و لەگەڵ ئەمەش نەک هەر شێوازەکانی بەدواداچوونی ئەم حیزبە بۆ دەستەبەرکردنی مافە نەتەوایەتییەکان لەگەڵ یەکتر ناتەبا نەبوون، بگرە هاوتەریب و درێژەی ڕێگایەکن بۆ گەیشتن بە ئامانجە گەورەکە کە سەربەخۆییە.

لەسەردەمێکدا کە خوێندەواری لە ئاستێکی نزمدا بوو، پێشەوا قازی و ڕووناکبیرانی ئەو سەردەم بیری سەربەخۆییخوازی دەهێننە گۆڕێ و ناسیۆنالیزمی کوردی دەبەنە نێو هەناوی کۆمەڵگەی کوردی. دواتریش کۆمارێک دادەمەزرێنن کە ئەگەرچی تەمەنی کورت بوو، بەڵام لەودا سەرجەم توخمە پێکهێنەرەکانی دەوڵەت-نەتەوەیان جێ خست. “ئاڵا، سروودی نەتەوایەتی، کابینەی وەزیران، حوکمڕانیی قانون و دانانی سپای میللی پێشمەرگە کە میرات و بەها و بایەخەکانی کۆمارن و هەتا ئێستاش بۆ کورد شانازین و لە پارچەکانی دیکەش نەهادینە بوون.”

سرووشتی پرسی کورد و دابەشبوونی کوردستان بەسەر چوار داگیرکەری دڕ و پڕچەکدا وایکردووە کە گەلێک جار پرسی



سەرچاوە
Serchawe

سەربەخۆیی لە دوو توێی خودموختاری یان مافی خۆبەڕێوەبەریی لە سیستمی فێدراڵدا خۆ بنوێنێ، کە ئەمەش نەتەنیا پاشەکشە نییە لە ئامانجە سەرەکییەکە، بەڵکوو دیرایەت و چارەسەرێک بووە کە ڕێبەرانی پارچەکانی دیکە و حیزبی دێموکراتیش بەوپەڕی بەرپرسیاریەتی لەهەمبەر نەتەوەی کورد و ئامانجە ڕەواکانیدا و لە پێناو پاراستنی مان و مەوجودییەتی کورد بەکاریان هێناوە.

ئەگەر سەرنجێکی وتار و نووسراوەکانی ڕۆژنامەی "کوردستان"ی سەردەمی کۆمار بدەین بەڕوونی بۆمان دەردەکەوێت کە ویستی سیاسیی کورد سەربەخۆیی کوردستانە و هەنگاو و بڕیارەکانیش هەر لەو ڕاستایەدا بوون، بەڵام کاتێک سۆڤییەت پشتی کۆمار بەردەدات و بەشیک لە عێل و عەشیرەکان لە کۆمار هەڵدەگەڕێنەوە، پێشەوا قازی هەوڵی ئەوە دەدات لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندی لە ڕێگای دیپلۆماسی و دانوستان، ڕێگایەک بۆ پاراستنی خەڵک و دەسکەوتەکانی کۆمار بدۆزێتەوە و هەموو هەوڵی خۆی دەدات کە ئەرتەش نەیەتە نێو مەهاباد و شارەکانی ژێر دەسەڵاتی کۆمار، هەر بۆیە بە هێنانەگۆڕی پرۆژەی ئیدارەی خۆجێیی هەوڵ دەدات فشاری دەوڵەتی ناوەندی لەسەر کۆمار لابدات. تەنانەت ڕەوتی دادگایی پێشەوا قازی و بەرگرییەکانی پێشەوا قازیش بەهیچ جۆر پاشەکشە لە سەربەخۆیی تێدا بەدی ناکرێت، بۆ نموونە ئەو تاوان و تۆمەتانەی کە دادگای ڕێژیمی پاشایەتی ئاراستەی پێشەوا قازی کردبوون یەکیان داڵدەدانی بارزانییەکان بوو کە دادگا بە بێگانە ناوی هێنابوون، یەکێکی دیکە لە تۆمەتەکان هەڵگێڕانەوەی ئاڵای ئێران بوو کە پێشەوا قازی لەوێ لەبری ئەوەی وەک تاوانبار قسە بکە، ڕەوتی دادگای پێچەوانە کردەوە و داکۆکیکارێکی سەرسەختی شوناس و نەتەوەکەی خۆی بوو و، بە فیداکاری خۆی و دانانی گیانی پارێزگاری لە نەتەوەکەی خۆی کرد و نەیهێشت چارەنووسی گەلی ئازاربایجان تووشی کورد بێت.

بە گشتی خوێندنەوە و شیکاریی ڕووداوە مێژووییەکان لە سەردەمە جیاوازەکاندا بە پێودانگی ئێستا ناکرێن، خەملاندن و هەڵسەنگاندنی هەڵوێست و ڕووداوەکانی هەر سەردەمێک پێویستی بە لێکدانەوەی بابەتییانەی دەرفەت و لەمپەر و فاکتەرە جیاوازەکانی ئەو سەردەم هەیە. ئەوەی کە هەنووکە سیاسەت و لێکدانەوەکانی حیزبی دێموکرات درز ناخاتە دیواری سەربەخۆیی کورد ئەوەیە کە باوەڕمەندانی ڕێبازی سەربەخۆیی بەتایبەت لە ڕۆژهەڵات بە باوەڕ و هیواوە دەڕواننە هەنگاوە سیاسییەکانی حیزبی دێموکرات بۆ گەیشتن بە ئازادی و سەربەخۆیی، هەر بۆیە بۆ یەک چرکەش لە بڕیارەکانی ئەم حیزبە دوودڵ نین. ئەمەش وایکردوە حیزبی دێموکرات پاش ٧٨ ساڵ خەبات، لەنێو نەوەیەکدا پێگەی هەبێ کە نێونجی تەمەنیان ١٤ بۆ ١٨ ساڵە.

پاش نسکۆی کۆماری کوردستان و دەسپێکی شۆڕشی گەلانی ئێران، بۆ دووهەمجار لە مێژوودا حیزبی دێموکرات دەرفەتی حوکمڕانی کەوتە دەست و پشت بە هێزی جەماوەر، ڕێژیمی پاشایەتیی لە کوردستان ڕادەماڵێ. لەو کاتە هەستیارەدا



سەرچاوە Serchawe

حیزبی دێموکرات بە ڕێبەرایەتیی دوکتور قاسملوو بە ئاواتی دەستەبەرکردنی مافی نەتەوایەتیی کورد لەگەڵ ڕێژیمی نوێ سیاسەتی دیالۆگ و دانووستانی گرتەبەر.

لەو قۆناغەدا پانتایی سیاسیی ئێران و کوردستان ببوو بە مەیدانی وێککەوتنی ئایدۆلۆژیا جیاوازەکان کە هەرکام بە جۆرێک دەیانویست هێژموونیی خۆیان بەسەر ئێران و کوردستاندا بسەپێنن. هەربۆیە ئیدارەی سیاسەتی حیزبی دێموکرات، پێویستی بە وردبینی و تێبینیی تایبەت هەبوو و دوکتور قاسملوو لەو دۆخە ناهەموارەدا وێڕای پاراستنی سەربەخۆیی سیاسی و تەشکیلاتی، بە نوێگەری و هێنانەگۆڕی بەرنامەی نوێ بۆ خەباتی حیزبی دێموکرات و گەلی کورد؛ بیرۆکەی خودموختاری بۆ کوردستان و دێموکراسی بۆ ئێرانی وەک ڕێگا حەلێک هێنایە گۆڕێ. دوکتور قاسملوو لەسەر بنەمایەکی نوێ و مۆدێرن قەوارە و سیاسەتی حیزبی دێموکرات دادەڕێژێتەوە و کەسایەتی تاکیی سەربەخۆ لە ڕیزی خەباتدا دروست دەکات کە ئێستاکەش ئەم وانەگەلە هەوێنی بەردەوامی خەباتی نەتەوەیەکی مافزەوتکراون.

ئەو سەردەم لەلایەک ڕێژیمی ئیسلامیی تازە بەدەسەڵاتگەیشتوو و لەلایەکی دیکەش هێزە جۆراوجۆرەکانی دیکەی مودەعیی دەسەڵات لە تاران، بە خوێندنەوەی جیاواز لە واقیعی کۆمەڵگەی ئێران و بە چاوپۆشی لە فرەیی نەتەوەیی، دەیانویست شکڵی نوێی حوکمڕانیی ئێران هەر وەک ڕێژیمی پاشایەتی و لە ڕاستای ناسیۆنالیزمی ئێرانی بە بەرگی ئیسلامی بەسەر نەتەوەکانی دیکەی ئێراندا قەڵب بکەن. هەر بۆیەش هێزێکی پێشکەوتنخواز و خاوەنئایدیای وەک حیزبی دێموکراتیان بۆ تەحەمول نەدەکرا و بۆ بردنە پێشی ئامانجە دژێوەکانی خۆیان، بوونی ئەو حیزبەیان بە بەربەست دەزانی.

تەنانەت دوای ئەوەی نوێنەری حیزبی دێموکرات و شەخسی دوکتور قاسملوو لە هەڵبژاردنی مەجلیسی خیبرەگان سەرکەوتنی بەدەست هێنا و هەروەها دوای ئەوەیکە بەربژێرەکانی حیزبی دێموکرات لە هەڵبژاردنەکانی مەجلیسدا دەنگی متمانەی خەڵکیان مسۆگەر کرد، ڕێژیم لە ڕێگای بەکرێگیراوان و دەست و پێوەندییەکانییەوە دەستی بە ئاژاوەنانەوە کرد تاکوو بەو بیانووە هێرش بکاتە سەر کوردستان. بەو حاڵەش دوکتور قاسملوو بە پشتبەستن بە هێزی جەماوەر و بۆ ئەستاندنی مافی نەتەوایەتیی کورد و قەناعەت پێهێنان بە لایەنە جۆراوجۆرەکانی دەسەڵات لە تاران، بە جێخستنی خودموختاری بۆ کوردستان هەوڵی دەدا بە چەشنێک قەوارەیەکی کوردی دروست بکات کە بتوانێ بووژانەوەیەک بێت بۆ خەباتی میللی دێموکراتیکی نەتەوەکەمان.

ئەگەرچی دوکتور قاسملوو قەت نەیشاردۆتەوە کە سەربەخۆیی مافی کوردە و ناکرێ حاشا لە ویستی سەربەخۆیی کورد و جیلی دوای خود موختاری بکرێت، بەڵام لەو قۆناغەدا هەوڵی دەدا بە چەسپاندنی خودموختاری لە چوارچێوەی ئێراندا لانیکەمی مافی دیاریکردنی چارەنووسی کورد لەو بەشەی نیشتمانەکەیدا وەدی بهێنێت.

سەرجەم هەڵوێستەکانی حیزبی دێموکرات و دوکتور قاسملوو لە قۆناغە جیا جیاکاندا هەم شوێندانەر و هەمیش مێژوویی بوون کە دەبێ لە لاپەڕەکانی مێژوودا وەک ناسنامەی سەربەرزی تۆمار بکرێن.

**ئەمانەی خوارەوە بەشێکن لە هەڵوێستە مێژوویی و گرنگەکانی حیزبی دێموکرات:**

١- مەحکومکردنی هێرشی خوێندکارانی پێڕەوی خەتی ئیمام بۆسەر باڵوێزخانەی ئامریکا لە تاران و بەبارامتە گرتنی کارمەندانی باڵوێزخانە لەلایەن بەسیجییەکانی خەتی خومەینی.

٢- پەیامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکرات بۆ لایەنە ئێرانییەکان و خومەینی دوای شەڕی سێ مانگە و پاش شکستی سپا و ڕامالینی هێزی داگیرکەر کە پێداگری لەسەر مافی دیاریکردنی چارەنووسی کورد دەکرد لە شکڵی خودموختاری. ئەم نامەیەی حیزبی دێموکرات کە لە پێگەی هێزەوە بڵاو بۆوە، دۆخی ئەوکاتی گۆڕی و ئەو ئاخوندەی سێ مانگ پێشتر فتوای جیهادی لەدژی کورد دا، ڕۆژی ٢٦ی خەزەڵوەری ١٣٥٨ دانی بە شکستی خۆی دانا و لەپەیامێکدا بەڵێنی دا هەیئەتی دەوڵەت ڕاسپێری کە لەگەڵ نوێنەرانی خەڵکی کوردستان وتووێژ بکەن. ئەوکات لە وەڵامی ئەو پەیامەدا دوکتور قاسملوو لە حزووری جەماوەری سەدان هەزار کەسی لە مەهاباد گوتی ئێمە "لبیک" بەو پەیامە دەڵێین.

٣- هەڵوێستی حیزبی دێموکرات لە شەڕی نێوان ئێران و عێراق هەڵوێستێکی مێژوویی بوو. حیزبی دێموکرات ئەوکات وێڕای هەبوونی پەیوەندی لەگەڵ دەوڵەتی عێراق، ڕەزبەری ١٣٥٩ لە پەیامێکدا دەستدرێژیی دەوڵەتی عێراق بۆ سەر خاکی ئێرانی مەحکووم کرد و ڕایگەیاند کە ئەگەر دەوڵەتی مەرکەزی (ئێران) داخوازییە بنەڕەتییەکانی خەڵکی کوردستان بە ڕەسمی بناسێ، حیزبی دێموکرات ئامادەیە تەواوی هێزی خۆی بۆ بەرەنگاربوونەوەی پەلاماری ئەرتەشی عێراق وەکار بخا. کە ئەم هەڵوێستە لە نەوعی خۆیدا و لەنێو خاکی عێراقدا بوێری و پێداگریی ئەو حیزبەی نیشان دا لەسەر پرەنسیپە نەگۆڕەکانی.

٤- هەڵوێستی حیزبی دێموکرات لە بۆمبارانی شیمیایی هەڵەبجە لەدژی دەوڵەتی عێراقیش لەو دەگمەن هەڵوێستانە بوو کە حیزبی دێموکراتی تووشی کێشەش کرد، دوای ئەوەیکە شاری هەڵەبجە لە ڕێکەوتی ٢٥ی ڕەشەمەی ١٣٦٦ لەلایەن دەوڵەتی عێراقەوە شیمیاباران کرا، دوکتور قاسملوو کە تەنیا سەرکردەیەکی کورد بوو لە دەرەوەی وڵات دەنگی دەبیسترا، دەستبەجێ لە ڕێگای ڕاگەیاندنە گشتییەکان لە درەوەی وڵات ئەم جینایەتەی ڕێژیمی عێراقی لەقاو دا و زۆر بەتوندی مەحکوومی کرد.

٥- پشتیوانیی حیزبی دێموکرات لە ڕاپەڕینی باشووری کوردستان لەو دەگمەن هەڵوێستانەیە لە هەناوی دەوڵەتی عێراقدا



سەرچاوە
Serchawe

بۆ ڕاپەڕینی باشوور هاتە ئاراوە. ڕێبەران و فەرماندەکانی ئەوکاتی شۆڕشی کوردی باشوور دەیگێڕنەوە کە بزووتنەوەکەیان لەوپەڕی دەسکورتیدا بوو کە پەنا بۆ حیزبی دێموکرات دەبەن و حیزبی دێموکراتیش سەرجەم سەرمایەی خۆی دەخاتە خزمەتی ڕاپەڕینی باشووری کوردستان.

جێی خۆیەتی هەڵوێست و وانەکانی حیزبی دێموکرات ببنە سەرلەوحەی خەبات نەک هەر لە ڕۆژهەڵات، بەڵکوو لە سەرجەم پارچەکانی کوردستان. سەربەخۆیی بڕیار و سەربەخۆیی سیاسی و خەبات بۆ جێخستنی مافی دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەیی پێویستە ببێتە ئەسڵی نەگۆڕ بۆ هەموو لایەک.

یەکێکی دیکە لەو تایبەتمەندییانەی حیزبی دێموکرات کە لە حیزب و لایەنە سیاسییەکانی دیکەی جیا دەکاتەوە و بۆ لێفێربوون دەبێ، ئەوەیە بە پێچەوانەی زۆر حیزب و کەسایەتیی سیاسی، بەرپرسانی حیزبی دێموکرات هەرگیز هەڵپەی دەرکەوتن لەگەڵ دەسەڵاتداران و داگیرکەرانی هیچ پارچەیەکی کوردستانیان نەبووە و گەورەترین شانازی حیزبی دێموکرات ئەوەیە کە خاڵی ڕەشی لە کارنامەی پێوەندی لەگەڵ هیچ دەوڵەتێکدا نییە و لەسەر حیسابی تێکدانی خەبات و تێکۆشانی هیچ پارچەیەک، خەباتی خۆی درێژە پێ نەداوە.

ئەم ڕۆژانە کە یەکەمینساڵیادی وەسەریەککەوتنەوەی ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتە، خۆڕاگریی ئەم حیزبە و تێپەڕین لە هێرشی مووشەکیی سپا لە جەنگەی شۆڕش و یەکگرتنەوەدا، دیرایەتی ڕێبەرایەتی و کادر و پێشمەرگە و ئەندامانی ئەو حیزبە دەردەخات. هەروەها زیاتر لە هەموو کات بۆمان دەردەکەوێت دەرکی زەروورەتی یەکگرتن و یەکیەتیی تەشکیلاتی لەلایەن ڕێبەرایەتیی ئەو حیزبەوە تا چ ئاست گرنگ و شوێن دانەر بووە و نیشانی دا کە ئەم حیزبە چارەنووسی بزووتنەوەی کورد دیاری دەکات. لە یەک ڕستەدا یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکرات کاتالیزۆرێک بوو بۆ شۆڕشی "ژن، ژیان، ئازادی" و شەقامەکانی ڕۆژهەڵات کە جمەی دەهات لە درووشمەکانی قاسملوو و حیزبی دێموکرات، سەلمێنەری ئەم قسەن. ئەمەش نەک هەر نابێ ئەم حیزبە و ڕێبەرایەتییەکەی لەخۆبایی بکات، بەڵکوو ئەرک و بەرپرسیاریەتی زیاتر بۆ ئەو حیزبە دروست دەکات و قەڵەمبازی ساڵی ڕابردووی، دەبێ ببێتە هەوێنی سەربەخۆیی و گەیشتنی کورد بە ئامانجە لەمێژینەکەی.

سەرچاوە: ماڵپەری کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٢ی خەرمانانی ٢٧٢٣

## دەنگی لاوانی کورد لە کۆڕ و کۆمەڵە نێونەتەوەییەکان دەبین



**دیمانە: کوردستان**

### ئاماژە:

ڕۆژی ٢٢ی خاکەلێوەی ١٣٢٢ و لە کاتێکدا ڕێکخراوی کۆمەڵەی ژیانەوی کورد (ژ کاف)، وەک ڕێکخراوێکی سیاسی – نەتەوەیی لە شاری مەهابادەوە خەریکی ئاراستەکردنی بیری ناسیۆنالیستیی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو، دامەزرانی "سازمانی جەوانانی کورد"یش لەو شارە ڕاگەیەندرا. "سازمانی جەوانانی کورد" وەک یەکەمین ڕێکخراوی تایبەت بە لاوان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان مێژوویەکی دوور و درێژی لە خەبات و تێکۆشاندا هەیە و، توانیویەتی وەک ڕێکخراوێکی چالاک کاریگەریی بەربڵاوی لەسەر بزووتنەوەی مافخوازیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا هەبێ. دیارە بە درێژایی مێژوو ناوی ئەم ڕێکخراوە ئاڵوگۆڕی بەسەردا هاتووە و لە ئێستادا ناوی "یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان"ە.

"کوردستان" لە ٨٠ یەمینساڵیادی دامەزرانی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان‌دا وتووێژێکی لەگەڵ پێشەوا عەلیپوور، سکرتێری گشتیی ئەو ڕێکخراوەیە پێک هێناوە.

**کوردستان**: یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەک یەکەمین ڕێکخراوی تایبەت بە لاوان لە کوردستان یەکێک لەو ڕێکخراوانەیە کە شوێن‌پەنجەی بە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردی ڕۆژهەڵاتەوە دیارە. با لە زمان خۆتانەوە سەرەتا کورتەمێژوویەکی دامەزرانی یەکیەتیی لاوان ببیستین؟

**پێشەوا عەلیپوور**: یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەک باستان کرد یەکەمین سازمانی تایبەت بە لاوانی کوردە کە لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٣٢١ و سەرەتاکانی ساڵی ١٣٢٢ لەلایەن پۆلێک لاوی ژیر و وریای شاری مەهابادەوە و بە ئیلهاموەرگرتن لە لاوانی کۆمۆنیستی یەکیەتیی سۆڤییەت بەناوی "سازمانی جەوانانی کورد" دامەزرا. سازمانی جەوانان ئەوکات هەوڵی دەدا لاوان لەسەر بنەمای هزری نەتەوەیی پەروەردە بکات و شوێن‌پەنجەی بە ئاڵوگۆڕەکانی ئەوکاتەوە دیار بێت.

دیارە ئەگەر وێنایەکی ئەو سەردەم بکەین دەبینین کە خەڵکی جیهان بە دەست شەڕی دووهەمی جیهانی دەیناڵاند و پڕپنچکەکانی ئەو شەڕە ئێرانیشی بەجۆرێک گرتبۆوە. ئەو سەردەم لە باکوورەوە هێزی سۆڤییەت و لە باشوورەوە هێزەکانی ئامریکا و بریتانیا دەستیان بەسەر خاکی ئێراندا داگرتبوو، هاتوچۆی کادرەکانی کامسۆمۆڵ (یەکیەتیی لاوانی کۆمۆنیستی وڵاتانی سەر بە سۆڤییەت)ی ئەوکات بۆ شاری مەهاباد و دیداریان لەگەڵ لاوانی کورد ئەو فکرەی بۆ لاوانی چالاکی کورد هێنایە گۆڕێ کە خۆیان لە چوارچێوەی ڕێکخراوێکی لاواندا سازمان بدەن و ئەمەش بوو بە ئەو سەرەتا بێ بڕانەوەیە کە تا ئێستاش درێژەی هەیە. هەڵبەت ئەو ئیلهامە هەرگیز نەبوو بە هۆکاری ئەوەیکە سازمانی جەوانانی کورد وەک کامسۆمۆڵ کۆمۆنیستی بیر بکاتەوە، تەنیا بیرۆکەی دامەزران و ڕێکخستنیان لە کامسۆمۆڵ وەرگرت، دەنا بنەمای تێکۆشان لە سازمانی جەوانان "نەتەوەیی و ڕزگاریخوازانە" بوو.

پاشان سازمانی جەوانانی کورد تێکۆشانی خۆی تێکەڵ بە کۆمەڵەی ژێکاف دەکات و ئیتر لەو سەردەم تا ئێستاش بەشێکی دانەبڕاوی تێکۆشانی حیزبی دێموکراتە لەنێو لاواندا و شانبەشانی ئەو حیزبە بۆ ڕزگاری خەبات دەکا و لە جەریانی هێرشەکانی کۆماری ئیسلامی بۆسەر خاک و خەڵکی کوردستان، ئەندامانی ئەم ڕێکخراوەیە داکۆکیکاری خاک و خەڵک بوون و تێچووشیان داوە.

**کوردستان**: لە قۆناغەکانی دوای ژێکاف و کۆماری کوردستان و هەروەها لە سەردەمی کۆماری ئیسلامیدا ئەرکی ڕێکخراوی یەکیەتیی لاوان چی بووە؟

**پێشەوا عەلیپوور**: وەک ئاماژەم پێ کرد تێکۆشانی سازمانی جەوانانی کورد پەیوەست بوو بە کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد و

دواتر بە دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، لاوان وەک پشتیوانێکی هەمیشەیی بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستان لە دەوری حیزب کۆ بوونەوە و لاوی کورد لەگەڵ دوو چەمکی نەتەوەیی و دێموکراسیخوازیدا ئاشنا بوون و خەباتی شوناسخوازانەی لاوانی کورد بەمشێوەیە تا ئێستا بەردەوام بووە.

بە پێی بەڵگەنامەکان لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا ناوی سازمانی جەوانان گۆڕاوە بە "ئیتحادییەی جەوانانی دێموکراتی کوردستان" و بەرەبەرە لە سەرتاسەری کوردستاندا شکڵی گرتووە و بە شێوەیەکی ڕەسمی لە داموو دەزگا ئیدارییەکاندا لاوان نەخشیان گێڕاوە. هەروەها بە دیرایەتی پێشەوا قازی پۆلێک لە لاوان بۆ خویندن و پەروەردەبوون دەنێردرێن بۆ باکۆ لە وڵاتی ئازەربایجان. ئەم دووربینیەی پێشەوا قازی دوای نسکۆی کۆماری کوردستان جێی خۆی دەگرێت و، کاتێک کە ڕێبەرانی کۆمار لەسێدارە دەدرێن، ئەوە لاوانی گۆشکراوی بیری کۆمارن دێن و جارێکی دیکە سازمان و ئۆرگانیزمی حیزبی دێموکرات دروست دەکەنەوە و درێژە بە تێکۆشان دەدەن.

لە سەردەمی دەوڵەتی موسەدیقدا کە کرانەوەیەکی نیسبی سیاسی لە ئێراندا پێکدێت، جارێکی دیکە ئەندامانی ئیتحادییەی جەوانان هەوڵ بۆ ڕێکخستنی خۆیان دەدەن و بۆ ئاگادارکردنەوەی لاوانی جیهان لە دۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتیی ئێران و کوردستان، لە کۆبوونەوەیەکدا لە پارکی میکائیلی مەهاباد بە مەبەستی بەشداری لە فێستیڤاڵی جیهانیی لاوان لە بۆخارێست نوێنەر هەڵدەبژێرن کە کۆبوونەوەیەکەیان خەڵتانی خوێن دەکرێ و بەشێکیان دەستبەسەر دەکرێن کە لە کۆتاییدا بە دەخالەتی سەرۆکوەزیر موسەدیق دۆخەکە لە بەرژەوەندیی ئیتحادییەی جەوانان کۆتایی دێت.

**لە قۆناغێکی دیکەدا هەر لاوانن کە بە وەڕێخستنی بزووتنەوەی چەکدارانەی ٤٦ - ٤٧ فەزای سیاسیی ڕۆژهەڵات لە پاسیڤبوون دەرباز دەکەن و ماوەی ١٨ مانگ گۆمی مەندی ڕۆژهەڵاتی ناڤین دەشڵەقێنن.**

بەدرێژایی تەمەنی کۆماری ئیسلامییش لاوانی کورد لە هەموو سەنگەرەکاندا پێشمەرگانە ڕووبەڕووی کۆماری ئیسلامی وەستاونەتەوە تێکۆشانی ئەندامانی یەکیەتیی لاوان لە دوای شۆڕشی گەلانی ئێران و لە مانگی دیفاع لە ئازادیدا بە پەیامی ڕادیۆیی شەهید دوکتور قاسملوو ڕوو بە ئەندامانی یەکیەتیی لاوان دەچێتە قۆناغێکی نوێوە، کە لە وەڵامی پەیامی دوکتور قاسملوو ئەندامانی یەکیەتیی لاوان پەیوەستی ڕیزی پێشمەرگەی کوردستان دەبن و دەچنە نێو سەنگەری دیفاع لە مان و مەوجودییەتی نەتەوەکەمان، کە لەو قۆناغەشدا پۆلێک ئەندامی ئازای ئەم ڕێکخراوەیە بۆ دیفاع لە گەلەکەمان شەهید بوون.

**کوردستان**: لاوان ئەمڕۆژانە زۆرترین کاریگەرییان لەسەر گۆڕانکارییەکانی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەبووە،



سەرچاوە
Serchawe

**هەڵسەنگاندنی ئێوە چییە بۆ تێکۆشانی ئەم جیلە؟**

**پێشەوا عەلیپوور**: ئەمرۆکە لاوان لە ڕۆژهەڵات توانیویانە بە پێکهێنانی تێکۆشانی جۆراوجۆر لە ئاست سەرکوتی دەسەڵاتی ناوەندگەرا و سانسۆری میدیاییدا بوەستنەوە، هەر لە دەسپێکی شۆڕشی ژینا تا ئێستاکەش ئەوە لاوان بوون کە سینگی خۆیان کردبوو بە قەڵغانی گوللە لەسەر شەقامەکان. لاوان و ژنانی کورد بە تێکۆشانی خۆیان قۆناغێکی نوێیان هێنایە ئاراوە کە بۆ یەکەمین جار لە مێژووی ٤٤ ساڵەی کۆماری ئیسلامی کۆڵەکەکانی ئەو ڕێژیمەیان هەڵتەکاند و هەیمەنەی پووشاڵیی سپای پاسدارانیان تێک شکاند. تێکۆشانی لاوان و ژنان لە دەسپێکی شۆڕشی ژینا هەتاکوو ئێستاش بە شێوەی جۆراوجۆر بەردەوامە و کوشتار و زیندان و ئەشکەنجەش نەیتوانیوە ئەم شۆڕشە نوێیە بوەستێنێت.

**کوردستان**: چ ئاماژەیەکی نوێ لەم شۆڕشەدا بەدی دەکرێ کە هیوا بە داهاتوو زیاتر بکات؟

**پێشەوا عەلیپوور**: شورشی ئەمجارەی ژنان و لاون لە ڕۆژهەڵات هەڵگری کۆمەڵێک تایبەتمەندی خۆیەتی کە دەبێ بەهەموومان بیانپارێزین. یەکگرتوویی نەتەوەیی، سەربەخۆیی سیاسی، یەکسانی و تێکەڵاوی کچان و کوڕان و داکۆکیی هەموو چین و توێژەکان لە مافی ژن کە دیارترین تایبەتمەندیی ئەم شۆڕشەیە و، لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ڕێژیمی گەیاندۆتە بۆنبەست و هێندەی دیکە ڕێژیمی تەریک کردۆتەوە.

درووشمەکانی لاوان و ژنان لەسەر شەقام تەعبیر لە شعووری نەتەوەیی و سەربەخۆییخوازییە و گرێ دراوی خەباتی دەیان ساڵەی هێزە سیاسییەکانە، ئەمەش ترسی خستۆتە دڵی داگیرکەر ، هەر بۆیە بەمەبەستی پاشەکشە بە شەقام، سپای پاسداران و هیزە سەرکوتکەرەکان لەهەموو ڕێگایەک بۆ سرکردنی شەقام و هێزە سیاسییەکان کەڵک وەردەگرن، لەلایەک هێرشی شیمیایی دەکەنە سەر ناوەندەکانی خوێندن، لەلایەکیش بە ڕەشبگیری لاوان دەیناهەوێ شۆڕشەکە بوەستێنن.

**کوردستان**: ئەو جموجۆڵەی لاوانی نیوخۆ لە کۆمەڵگەی نێونەتەوەی چۆن دەبینرێت و ئێوە وەک یەکیەتیی لاوان چۆن ئەرکی خۆتان لەو شۆڕشەدا ڕادەپەڕێنن؟

**پێشەوا عەلیپوور**: هەر لەپەیامی چەند ڕۆژی ڕابردووی بەڕێز سکرتێری گشتیی لاوانی ئینتێرناسیۆناڵدا فورسایی خەباتی لاوانی ڕۆژهەڵات دەردەکەوێت کە ئەمە یەکەمین جارە لە ئاستی بەرزی ڕێکخراوێکی جیهانیدا ڕووبە لاوانی ڕۆژهەڵات و ئەندامانی یەکیەتیی لاوان پەیام بدرێت. نێوەرۆکی پەیامەکە گرنگی تایبەت بەخۆی هەبوو کە تێیدا ئاماژە بە تێکۆشانی لاوان دژی هەردوو ڕێژیمی پاشایەتی و کۆماری ئیسلامی کرابوو و پشتیوانی خۆیان لە لاوان و یەکیەتیی لاوان دوو پات

کردەوە. خەباتی بێ وچانی لاوان و ژنان لە نێوخۆ بێگومان ئەرکی زیاتر دەخاتە سەر شانی ئێمە. دڵنیابن دەبین بە دەنگی لاوانی کورد لە کۆڕ و کۆمەڵە نێونەتەوەییەکاندا و لە مەیدانە گەورەکانی خەباتی لاوانی جیهان، شوێنپەنجەی تێکۆشانی شەقامی ڕۆژهەلات دیار دەبێت و یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە پشتیوانی سەرجەم ڕێکخراوەکانی لاوانی هاوپەیمانمان، پرسی شۆڕشی ژینا و پێشێلکارییەکانی ڕێژیمە لە ڕەوتی ئەم شۆڕشەدا و تەنانەت بیرۆکەی ئیدارەی ئێرانی دوای کۆماری ئیسلامیش تاوتوێ دەکەین و پشتیوانی زیاتری نێو نەتەوەیی بۆ خەباتەکەمان مسۆگەر دەکەین.

**کوردستان**: سپاس بۆ بەشداریتان لەو دیمانە کورتەدا و ئەگەر کۆتا سەرنجێک هەبێت کە بتەوێ ئاماژەی پێ بکەی؟

**پێشەوا عەلیپوور**: لەگەڵ سپاس و ڕێز بۆ ڕۆژنامەی "کوردستان" و بەڕێوەبەرانی، لەکۆتاییدا جارێکی دیکە پیرۆزبایی ٢٢ی خاکەلێوە ساڵڕۆژی دامەزرانی یەکیەتیی لاوان بە سەرجەم لاوانی کورد دەڵێم و هیوای سەرکەوتنیان بۆ دەخوازم، هەموو لایەک دڵنیا دەکەینەوە کە تا گەیشتن بە مافە ڕەواکانمان لەسەنگەری خەباتی شوناسخوازانە ناکشێینەوە و یەکیەتیی لاوان بە هێزێکی زیاترەوە لە پشت سیاسەتەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەوەستێت تا گەیشتن بە مافی چارەنووسی نەتەوەکەمان. بە شانازیی دەزانین کە لەدوای حیزبی دێموکرات گەورەترین ڕێکخراوی جەماوەری و خاوەن مێژووین لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. ئێوە شاد بن و کوردستان ئاوەدان.

سەرچاوە: ماڵپەری کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١ی بانەمەڕی ٢٧٢٣



سەرچاوە
Serchawe

## قرتاندنی باسکەکانی ئۆختاپووسی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و پێشگرتن بە ملهووڕییەکانی



ماوەیەکە بەرپرسانی شیعەی نزیک لە ئێران قۆڵیان لە سەرۆکوەزیرانی عێراق هەڵماڵیوە گۆیا خەتی مۆبایلەکانی بەرپرسانی شیعە بە بڕیاری شیاع سودانی کۆنترۆڵ دەکرێن! گۆیا ئەمە تا لێواری تێکهەڵچوونیش چۆتە پێشێ! سەردانی پزشکیان بۆلای ماڵ بە ماڵ و تایفە بە تایفەی شیعەی عێراق لەپێناو پاراستنی یەکگرتووییان و هێورکردنەوەی توڕەییان لە دژی سوودانی، سەلمێنەری ئەم بابەتەیە! وادیارە قائانیش ئەم ڕۆژانە هەڵگری پەیامێکی لەم چەشنە بووە بۆ هێورکردنەوەی نێو ماڵی شیعەی عێراق، لەکاتێکدا کە ئاگری شەڕی ئیسرائیل سەرجەم لق و پۆپەکانی ئێران لە ناوچەکەدا دەسوتێنێت!

ئێران نایهەوێت دۆخەکەی لەوە زیاتر لە دەست دەربچێت و بە خشکە لە پاشکەشەدایە و لەو دۆخەدا کورد دەبێ لە ئاستی ناوچەکە بیر لە سیاسەتی بەرفرە بکاتەوە، بۆ لە ئاستی ناوچەکەدا؟ چونکە ئێران خۆی عامیلە لە تێکدانی سەقامگیریی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و ئێستاش کۆنترۆڵی دۆخەکەی لەدەست دەرچووە، بۆیە هەرچەشنە گەمەیەکی سیاسی لەگەڵ ئێران، ئۆتوماتیک ڕەهەندێکی بەرفرەی ناوچەیی بەخۆیەوە دەگرێت.



سەرچاوە
Serchawe

بەشداریی سەرۆکوەزیری عێراق لە کۆڕی نەتەوە یەکگرتووەکان بە ئاماژەدان بە هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان ڕوو بە نوێنەرانی وڵاتان، هەڵگری چەند پەیامە کە یەکێکیان بەردەوامیی پرۆسەی دێموکراسییە لە ناوچەیەکی ئاڵۆزی وەک ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بە پێشەنگایەتیی کورد و هەروەها بەشداریی کوردە لە پرسە سیاسییەکان وەک نەتەوەیەک لە هەرێمێکی دانپێدانراو لە عێراقدا، کە ئەمەش ڕوو بە سێ وڵاتی دیکەی داگیرکەری کوردستان قورسایی سیاسیی کورد بۆ ئەوانیش و بۆ جیهانیش دەردەخات.

لەوەها دۆخێکدا کە کورد لە چوار وڵاتی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا دابەش و بڵاوە، یەکگرتوویی کورد بەتایبەتی لەنێو جەرگەی هاڵۆزییەکانی بەغدا دەتوانێ کاریگەریی سیاسیی بەرچاوی لەسەر دۆخی ناوچە و پاشەکشەکردن بە هەندێک سیاسەتی ئێران هەبێ. یەکگرتوویی کورد و دارشتنی سیاسەتێکی تۆکمە ڕوو بە پێتەختی ئەو وڵاتانەی کوردیان بەسەردا دابەش کراوە، دەتوانێ بەشێک لە مافەکانیان و هەروەها سەنگی کوردی باشوور تا ئاستێک مسۆگەر بکات و هاوکات بیانکاتە پشتیوانییەکی جدی بۆ کوردی هەرکام لە بەشەکانی کوردستان، بەبێ نیگەرانی لە هەڕەشەکانی ئێران.

**ئاکامی هەڵەی ستراتێژیک لە خوێندنەوەکانی ئێران بۆ دامەزراندنی بەرەیەکی شەڕ و هاندانی گرووپە میلیشیاکانی لە دژی ئیسرائیل، لەو چەند خاڵەدا بە ڕوونی دەردەکەوێت:**

١- ئێران نەک هەر نەیتوانی بەو هێرشانە ژێرخانی نیزامی و مرۆیی ئیسرائیل لاواز بکات، بەڵکوو حەماسیش وەک یەکێک لە باسکە میلیشیاییەکانی، وەها لاواز بووە کە عەمەلەن پاسیف کرا.

٢- لەبار بردنی پرسی بەرحەقی فەلەستین و وێرانکردنی ژێرخانی مرۆیی و شارستانییەتی غەزە و ئاوارەکردنی هەزاران فەلەستینی لە خاکی خۆیان بۆ وڵاتانی دەوروبەر!

٣- بەهەدەردانی داهاتی زۆر و زەوەندی ئێران لە درووستکردن و پەرەپێدانی پیشەسازیی مووشکیی، لەکاتێکدا کە دۆخی کۆمەڵایەتی و ئابووریی ئێران ڕۆژ لەدوای ڕۆژ بەرەو دارمانی زیاتر دەچێت.

٤- هێرشی ناوە ناوەی ئیسرائیل بۆسەر بنکە و بارەگا نیزامی و کەسایەتییە دیارە میلیشیاییەکانی ئێران لەنێو جەرگەی ئێراندا و، نەبوونی وەڵامی نیزامیی پێویست لەلایەن ئێرانەوە، دەرخەری ئەوەیە ڕێژیم تەنیا لەبەرانبەر وڵاتانی گەشەنەسەندووی نیزامیی ناوچەکە و هێزە شۆڕشگێڕەکانی کورد توانای چەکداریی و مووشەکیی هەیە، نەک دەوڵەتە پێشکەوتووەکان.

٥- لەبارنەچوونی پێوەندییە بنیاتنراوە نوێیەکانی وڵاتانی عەرەبی لەگەڵ ئیسرائیل کە خامنەیی هیوای لەسەر هەڵچنیبوو.

٦- چوونەسەری ڕێژەی خەسارە نیزامی و مرۆییەکانی سپای پاسداران و گرووپەکانی نزیک لە ڕێژیم لە سووریە، کە بەردەوام دەکەونە بەر هێرشی ئاسمانی سپای ئیسرائیل.

٧- تەقینەوەی دۆخی عێراق و لایەنە شیعەکان پاش دەسپێکی قۆناغی نوێی دەستوەشاندنی هێزەکانی هاوپەیمانان بۆسەر هێزەکانی حەشدی شەعبی و هەروەها بەرفراوانبوونی مەیدانی تۆڵەسەندنەوەی ئیسرائیل کە بەرۆکی عێراقیش دەگرێتەوە. ئاشکرایە لەو دۆخەدا هاتنە کایەی جیلێکی نوێی لاوان لە کۆمەڵگەی عەرەبیی عێراق، کە شوناسخوازن و زیاتر بەدوای هەلی کار و ژیانێکی شیاو و سەقامگیردا دەگەڕێن و گیرۆدەی خەونە مەزنیخوازیەکانی شیعەگەریی ئێران نین دەتوانێ دیزاینی سیاسیی عێراق بگۆڕێت.

٨- تێوەگلاندن و شکستی حیزبوڵڵا و گیرۆدەکردنی لوبنان بە شەڕی سایبێری و شەڕێکی نیزامیی ماڵوێرانکەر و ئاوارەکردنی هەزاران لوبنانی، کە پاش کوژرانی حەسەن نەسروڵڵا، بە لەپێ خستنی حیزبوڵڵا لەوانەیە ببڕێتەوە.

٩- بەو چارەنووسەی ئێران تووشی خۆی و بەکرێگیراوەکانی کردوە، ڕوونە کە حوسییەکانیش لە یەمەن بە زووترین کات باجی سەرەڕێگرتن لە کەشتییە بازرگانییەکانی دەریای سوور و هەروەها مووشەکهاوێژیی ناوبەناویان دەبێ بدەن.

کۆی ئەم خاڵانە ناکامیی پڕۆژەیەکی چل ساڵەن لەژێر درووشمیی "ڕێگەی قودس بە کەربەلادایە" کە دواتر بە ناوی "هیلالی شیعە" ناوی دەرکرد و بە نرخی بەفیڕۆدانی سەرجەم سەرمایەکانی سەرزەوی و ژێر زەوی و برسیکردنی خەڵکی ئێران تەواو بووە. خۆگرتنەوەی ئێران لە وەها دۆخێکی هەڵدێردا، پاش ئەو شکستە چەند ڕەهەندییەی تووشی هات (ئەوەش بڵێین کە ڕەهەندی دیکەی کێشە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکانی ئێران فرۆشتنی درۆن و مووشەک بە ڕوسیەیە دژی ئۆکراین و هەروەها نزیکبوونەوە لە قۆناغەکانی کۆتایی پیتاندنی ئورانیۆم و دروستکردنی بۆمبی ناوکییە)، بە نرخی ئاگربەردانی زیاتر لە خەرمانی ئابووریی ئێران و چەوساندنەوەی هەرچی زیاتری نەتەوەکانی ئێران تەواو دەبێت، کە ئاکامەکەی داخرانی زیاتری دەرگا نێودەوڵەتییەکانە بەڕووی ئێران، و پەیام و سیگناڵەکانی پاشەکشەی ئێران لە زمان پزشکیان لە کۆڕی نەتەوە یەکگرتووەکانیش ناتوانێ بەمزوانە دەرگا نێودەوڵەتییەکان بەڕووی ئێراندا بکاتەوە و لە ئاکامدا بەردەوامیی هەڵئاوسانی نرخی شتوومەک و ڕۆچوونی زیاتری خەڵک لە زۆنگاوی دارمانی ئابووری بەدوادا دێت.

کەڵەکەبوونی ئەم کێشە و ئاریشە چارەنووسسازانە لە وڵاتدا، جارێکی دیکە خەڵک هان دەدات بۆ ئەوەی لەسەرشەقام فریای چارەنووسی خۆیان بکەون. ڕاپەڕینی گەلانی ئێران بە هێنانەگۆڕی ویست و داخوازیی ئازادیخوازانە و کۆنکرێت و مرۆڤتەوەرانە، تەنیا چەکێکە کە دەتوانێ خەونی خامنەیی لەمەڕ دروستکردنی کۆرەی شومالیی دووهەم (کە بۆ خەڵکی ئێران و ناوچە و جیهان مۆتەکەیە) لەگۆڕ بنێت.

سەرچاوە: ماڵپەری کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١٦ی رەزبەری ٢٧٢٤

## وەڵامی هاوڕێ پێشەوا عەلی پوور بۆ کارو چالاکییەکانی ڕحمان نەقشی

**ئەوەی لەناو ئێمەی کورددا کەمتر لەسەردەمی مۆدێرنی دنیای مەجازی و تێکنۆلۆژیدا ئاوڕی لێ دەدرێتەوە، ئارشیو و بانکی زانیارییە...**



**رەحمان نەقشی سەربازی ون**

نزیک بە دەساڵە بێ ئەوەی لە نزیکەوە یەکترمان دیبێت ئاشنا بووم بە تێکۆشانی سیاسی و پێشمەرگانەی کاک رەحمان نەقشی، لەو ماوەیەدا ئەوەی زۆر سەرنجی منی راکێشا خولیای جەنابی بوو بۆ کۆکردنەوە و دەستەبەندی کردنی هەواڵ و وتار و بابەتە سیاسیەکان.

ئەوەی لەناو ئێمەی کورددا کەمتر لەسەردەمی مۆدێرنی دنیای مەجازی و تێکنۆلۆژیدا ئاوڕی لێ دەدرێتەوە، ئارشیو و بانکی زانیارییە، ئەوەی کە کاک رەحمان نەقشی دەستی داوەتێ لەو چەند ساڵە، دروست کردنی ئەو بانکەیە کە تێیدا وتار و هەواڵ و چالاکییەکانی کۆکردۆتەوە و دەستبەندی کردوون بە چەشنێک کە ئەگەر بتهەوێ بچی لە تێکۆشانی فلان مانگ و ساڵی رێکخراو یان چالاکییەکی حیزب بکۆڵیەوە، زۆر بە ئاسانی دەتوانی لە نامیلکەکانی کاک رەحمان دەستت بەو شتانە رابگا.

بۆ من کە تا ئێستاش شانازی دیداریانم لەنزیکەوە بەنەسیب نەبوە بەڵام بە تێکۆشانی خۆی هەمیشە سەرنجی راکێشاوم،

جێگەی شانازییە لەو دێڕانەدا سپاسی بکەم بۆ ئەو روحە ماندوو نەناسەی و هیوای تەمەن درێژی و سەرکەوتنی بۆ دەخوازم.

برای بچوکت پێشەوا عەلی پوور

١٥ی مارچی ٢٠١٩



سەرچاوە
Serchawe

## وتار و پەیامەکان:

### پەیامی سکرتێری گشتیی یەکیەتیی لاوان سەبارەت بە مووشەکبارانی قەڵای دێموکرات



**کوردستانیانی ئازیز!**
**لاوانی شۆڕشگێڕ و نیشتمانپەروەری کوردستان!**

هەروەک ئاگادارن سەرلەبەیانی رۆژی شەمە ۱۷ی خەرمانان سپای تێرۆریستی پاسداران هێرشی مووشەکی کردە سەر قەڵای دێموکرات و پلینیۆمی کۆمیتەی مەرکەزی حیزبی کردە ئامانج.

حیزبی دێموکراتی کوردستان بە تەجروبەی زیاتر لە حەوت دەیە تێکۆشان لەگەڵ هەردوو رێژیمی پاشایەتی و ئیسلامی بۆ بەدەستهێنانی مافە رەواکانی کورد فیداکاری زۆری کردوە و زۆر سەرکردەی لەوپێناوەدا لەدەستداوە. کەلتووری فیداکاری لەناو ئێمەدا میراتی پێشەوا قازی و دکتوور قاسملوو و دکتوور شەرەفکەندییە و ئێستاش بە شەهید بوونی هاوڕێیانی رێبەری و کادر و پێشمەرگە دڵسۆزەکانمان، نەتەنیا لە خەبات و تێکۆشان دژی ئەو رێژیمە سارد نابینەوە، بەڵکوو شێلگیرتر لەجاران خەباتی خۆمان دژی رێژیمێک کە باوەڕی بە کۆنوانسیۆنەکانی مافی مرۆڤ و تەنانەت شەڕیش نییە بە

گورتر دەکەین.

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە پەلەقاژەی مەرگدایە و بە تیرۆر و شەڕ دەیهەوێ نارەزایەتییەکانی ناوخۆیی و تەریککەوتنی لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی لەبیرخەڵک بباتەوە، بەڵام خەڵک ئەو ڕێژیمەی ناسیوە و چارەنووسی ئەو ڕێژیمە وەک هەموو ڕێژیمە دیکتاتۆرەکانی دیکە دەبێت و ئەوەی دەمێنێتەوە لە کۆتاییدا، سەرکەوتنی ئیرادەی مافویستانەی میلەتانە.

لەوەها دۆخێکدا کە ڕێژیم گەیشتۆتە بۆنبەسی سیاسی و کۆمەڵایەتی، پێویستە لاوانی کورد بە پشتکردنی هەرچی زیاتر لە بەرنامە و پلانە گڵاوەکانی، ئەو ڕێژیمە بێهیوا بکەن لە داگیرکاری خاکی کوردستان. ئەوانەی کە لەدام و دەزگا سەرکوتکەرەکانی ڕێژیمدا تا ئێستا هاوکاری ڕێژیم بوون کاتی ئەوە هاتوە کە وەخۆیان بێنەوە و بێنەوە باوەشی نەتەوەی خۆیان. ئەوانەش کە خزمەتکردن بە ڕێژیم درێژە دەدەن و خەیانەت بە نەتەوەکەیان دەکەن، بزانن کە ڕاستەوخۆ لەو جەنایەتەدا بەشدار بوون کەبەسەر بنکەی دەفتەری سیاسی حیزبدا هات و تێکۆشەرانی حیزب و خەڵکی مەدەنیش بوونە ئامانج. ئێمە هەموو لایەک دڵنیا دەکەینەوە کە ڕۆڵەکانی دێموکرات ئەو جینایەتە بێ وەڵام ناهێڵن و لە کاتی خۆیدا وەڵامی گورچووبڕیان دەدەینەوە.

لاوانی ڕۆژهەڵات! ئێوە کە هەمیشە لەمەیداندابوون و دژی ئەو ڕێژیمە بە بیانووی جۆراوجۆر خەبات و تێکۆشانتان هەبوە، دڵنیام کە ئەم تاوانەی کۆماری ئیسلامی لەبیر ناکەن و ڕق ئەستوورتر لە جاران بەرەورووی ئەو ڕێژیمە دەبنەوە.

داوام لە لاوانی کورد هەرلەخۆڕاسان و ماکۆ تا کرماشان و ئیلام ئەوەیە کە لەم دۆخە نالەبارە سیاسی و کۆمەڵایەتییەی کە ڕێژیم بەسەرتانی داسەپاندوە، ڕووبکەنە ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و بە پۆشینی بەرگی پیرۆزی پێشمەرگە سەنگەری شەهیدان ئاوەدانتر بکەنەوە.

**سەرکەوتن هەر بۆ ئێمەیە**

**بژی کورد، بژی کوردستان**

**بژی هێزی پێشمەرگە، پارێزەری ماف و کەرامەتی میللەتی کورد**

**خەرمانانی ١٣٩٧ = سێپتەمبەری ٢٠١٨**

## پەیام لەناو جەرگەی "ئامەد"ی باکووری کوردستان لە کۆنگرەی لاوانی هەدەپە




**ئامادەبوانی خۆشەویست!**
**ئەندامانی کۆنگرەی لاوانی هەدەپ!**

ئێمەش لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە هاتووین، پیرۆزبایی بەستنی کۆنگرەکەتان پێ دەڵێین. خۆمان بە خۆشحاڵ دەزانین ئەمڕۆ لەگەڵتانین تاکوو گەنگەشەیەکی دۆخی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لەگەڵ ئێوە بکەین.

لەسەردەمێکدااین کە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بە زۆر کێشەی مەترسیداردا تێپەڕ دەبێ و ئەگەر سەردەمێک کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بە فەلەستین و ئیسرائیل پێناسە دەکران، لەسای قارەمانەتی لاوانی کورد، شەڕڤانان لە ڕۆژئاڤا، گەریلا، پێشمەرگە، لە قارەمانەتیدا دژی هێزێکی تاریکیی وەک داعش توانیان ناسنامەیەکی نوێ بۆ کورد تۆمار بکەن و بۆ کورد ببنە پاسپۆرتی دیپلۆماسی.

**ئازیزان!**

ئەمڕۆکە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بە قۆناغێکی هەستیاردا تێپەڕ دەبێت و لەو قۆناغەدا پێویستە لاوان کاریگەریی پتەویان

هەبێ لەسەر بڕیارە چارەنووس سازەکان.

دەبێ داگیرکەری کوردستان وانەزانێ کە بڕیاری کورد لە تاران و لە دەمێشق و لە ئانکارا و لە بەغداوە دێت، ئێمە لاوانی کورد کۆبوینەتەوە تاکوو بە داگیرکەر بڵێین بڕیاری کورد بۆ کوردە و لە مەهاباد و دیاربەرکر و هەولێر و قامیشلوو دەردەچێ.

**(درووشمی تێکڕای کۆنگرە: "بژی یەکیەتیبا کوردستان، بژی یەکیەتیبا کوردستان، بژی یەکیەتیبا کوردستان)"**

داگیرکەرانی کوردستان لە کۆبوونەوەی لاوانی دێموکراتدا، لە یادکرنەوە و بیرئانینا دوکتور قاسملوو تەقینەوەیان چێ کرد، لە سرووچ دووژمنانی لاوان، دووژمنانی ئازادی لە سرووچ تەقینەوەیان چێ کرد بەڵام ئیرادەی لاوانی کورد لە بن نایەت و خەباتی ئێمە درێژەی دەبێت.

با دووژمنانی کورد وانەزانن (خەیاڵیان خاوە)، ئەگەر بێت و قەڵای دێموکرات و سەرکردەکانی دێموکرات مووشەکباران بکەن، قەڵای کوردان ئۆجەلان لە زیندان بکەن، سەلاحەددین دەمیرتاش لە زیندان بکەن، ئیرادەی لاوانی کورد هەر بە بەرزی دەمێنیتەوە.

لەوەها دۆخێکدا پێویستە ئیمەی لاوانی کورد یەکگرتوو بین و بەدوای پلاتفۆرمێکی هاوبەشی لاوانە و کوردانەدا بگەڕێین و لە کۆتاییدا جارێکی دیکەش پیرۆزبایی بەستنی کۆنگرەکەتان پێ دەڵێین و هەر بژین و سەرکەوتوو بن.

**پێشەوا عەلیپوور**

**٤ی سەرماوەزی ١٣٩٧ = ٢٥ی نۆڤەمبەری ٢٠١٨**



سەرچاوە
Serchawe

## وتاری کرانەوەی یەکەمین دیبەیتی لاوانی کوردستان




**ئامادەبوانی خۆشەویست!**
**ڕێکخراوەکانی لاوانی هەرچواربەشی کوردستان!**

بەخێر بێن بۆ یەکەمین دیبەیتی لاوانی کوردستان ئێمە لە هەلومەرجێکدا لێرە کۆبوینەتەوە کە بەداخەوەی ئەو یەکیەتییەی لە نەتەوەکەمان چاوەڕوان دەکری وەدی نەهاتوە و لاوان دەبی پێشەنگی ئەو یەکیەتییە بن.

ئازیزان! خەباتی کورد لە هەموو پارچەکان هەڵگری کۆمەڵێک چەمکە وەک مافی مرۆڤ، دێموکراسی و پێکەوە ژیانی ئاشتیانە کە ئەگەر سەردەمێک زلهێزە جیهانی و ناوچەییەکان بەپێی بەرژەوەندی خۆیان واتایان بۆ ئەو چەمکانە دادەڕشت، هەنوکە لاوانی کوردن کە لە جیهانی بە ئۆرگانیزەکردنی چەمکەکاندا واتای راستەقینە دەدەن بەو پڕەنسیپانە.

لاوان دەبێ هەمیشە روانگەیەکی رەخنەیی بەڵام بەرپرسیارانەیان بەرامبەر دۆخی هەنوکەیی هەبێ، جا چ سیاسی چ کۆمەلایەتی و چ ئابووری. لاوان نابێ لەسیاسەتکردن سڵ بکەنەوە، بەڵام دەبێ نموونەیەکی نوێ و باشتر بن، دەبێ بە خوێندنەوە و ئاکاریانە نیشان بدەن کە قۆناغی رابردوویان دەربازکردووە، بە پاراستنی ئەوەی هەیە و بەشێوەیەکی

ئایدیالیستی لەداهاتوو بڕوانن، خەونی گەورە دەبێ پێناسەی لاوانی کوردستان بێ و هەنگاوەکانمان دەبێ بۆ گەیشتن بە ئامانجە سەرەکییەکە بێ. واقیعبینی لەسیاسەتدا راستە، بەڵام ملکەچبوونی واقیعەتی سەپێندراوی داگیرکەر بۆ لاوان و نەوەی داهاتوو وەکوو ڤایرۆسێک وایە کە جووڵەت لێ دەبڕێت و ناهێڵێ کرداری گەورەت بۆ خەونی گەورە هەبێ. کەواتا لاوان دەبێ بەهەموو شێوەیەک خۆیان پرچەک بکەن، بە زانست، ئیرادە و کردار و نیشتمانپەروەری.

ڕاستە واقیعی جیاواز و ڕەنگە میکانیزمی جیاواز لە هەر چوارپارچەکەی کوردستان هەبێ، بەڵام لەکۆتاییدا هەموومان لە یەک کەشتیداین، هەموومان یەک خەونمان هەیە، یەک نیگەرانیمان هەیە و یەک ئاواتمیشان هەیە کە ئەوەیش ئازادی و سەربەستییە. دەبێ بەر لەهەموو شتێک لەیەکتر تێبگەین، یەکترمان خۆش بوێ، شارەزایی مێژووی یەکتر بین و بتوانین بە زاراوەی یەکتر قسە بکەین و گوتارێکی هاوبەشی ئایدیالیستیمان بۆ داهاتوو هەبێ.

خەباتی کورد ئێستاکە لە چڵەپۆپە دایە و ئەگەرسەردەمێک کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە ئیسرائیل و فەلەستین پێناسە دەکران ئەوە ئێستا قارەمانەتی پێشمەرگە و شەرڤان و گەریلا واتایەکی تری لەبەرەنگاری تێرۆر بۆ خەباتی کورد داڕشتووە کە بۆتە ناسنامەی کورد لە سەراسەری جیهان.

ئەگەر سەد ساڵی ڕابردوو بخوێنینەوە، بەتایبەتی ئەو ٥ ساڵەی ڕابردوو موتالعە بکەین دەبینین کە ناسیۆنالیزم و نیشتمانپەروەری کلیلی چارەسەری کێشەکانە، نە عەرەب نە فارس و نە تورک و بگرە زلهێزە دێموکراتخوازو ناوەندەکانی مافی مرۆڤیش هەتا کۆتایی لەپشت گەلێکی بێ دەوڵەت نابن، حەز دەکەن پێشمەرگەو شەرڤانێکی باش بین بۆ ئەوەی تیرۆر نەهێڵین، بەڵام نایانهەوێ پارێزەری وڵاتی خۆمان بین، لاوان دەبێ لەو ڕاستییە تێبگەن کە شوناس و هەنگاوی گرێدراو بە پاراستنی ئەو شوناسە زۆر چارەنووسسازە.

لاوان لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست نابێ پاشکۆ بن. لە وڵاتانی ڕۆژئاوایی هەنوکە پارلەمان و وەزارەتخانە هەیە بۆ لاوان، لە سەردەمی کۆماری کوردستانیش ئەو قەزیە بە باشی و بە دیقەتەوە نەهادینە ببوو کە بەداخەوە ئێستاکە ئەو گرنگیەی کە پێویستە بەلاو نادرێت، هەنووکە پێویستە لاوان هووشیار بن و نەهێڵن دەستەمۆی بڕیاری سەپێندراو بن.

ئیختلافی نەسلی بۆتە هۆکاری پەراوێزخرانی لاوان، بۆیە پێویستە لاوان ببنەوە چەقی ئاڵوگۆڕ و داینەمۆی گۆڕانکارییەکان و پێویستە نەسلی شۆڕشگێڕ بەمەیدان دان بەلاوان و نەسلی لاو بە ڕێزگرتن لەخەباتی شۆڕشگێڕان بتوانن دەستاودەستی خەبات و تێکۆشان بکەن بۆ بەجێگەیاندنی ڕەسالەتی مێژوویی بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد.



سەرچاوە
Serchawe

لەکۆتاییدا با لەبیرمان نەچێ دوای ڕێفراندۆم گەلەکۆمەیەکی ئیقلیمی لە کورد کرا و کەرکوک و عەفرین داگیرکران و شارەکانی باکوور خاپور کران و قەڵای دیموکرات و سەرکردەکانی کرانە ئامانج. بێدەنگیمان شەرعیەتدانە بە هێرشی دووژمنان بۆسەرمان.

هەر بژین و سەرکەوتوو بن

١٣ی دێسەمبەری ٢٠١٨



سەرچاوە
Serchawe

## پەیامی پیرۆزبایی و سپاسگوزاری یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ یەکیەتیی نێونەتەوەیی لاوانی سوسیالیست



یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان
اتحادیەی جوانان دمکرات شرق کردستان
اتحاد الشباب الدیمقراطي الشرق کردستان
Democratic Youth Union of East Kurdistan

Nu: S02

Dear Presidium of IUSY
Dear General Secretary of IUSY

We as Democratic Youth Union of East Kurdistan (DYUEK) Congratulate IUSY upon the success in accomplishment of its recent congress. We are delighted to witness that the congress was held in a democratic and socialist environment. In fact, approving a significant declaration regarding the human rights condition in Iran in addition to our acceptance as a full member of IUSY grew a massive pleasure among Socialist and democratic Kurdish youth.

هەروەک لە هەواڵەکانی ڕۆژانی ڕابردوودا ئاماژەمان پێکرد لە ڕۆژانی ٢٨ و ٢٩ی جۆزەردان کۆنگرەی یەکیەتیی نێونەتەوەیی لاوانی سوسیالیست بە بەشدارای چالاکانەی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە پاناما بەڕێوە چوو، ئەمڕۆژانە سکرتێر و بەڕێوەبەریی نوێی ئەم ڕێکخراوە لە ڤییەنی پایتەختی وڵاتی ئۆتریش و لە بارەگای سکرتاریای ئەم ڕێکخراوە دەستیان بە تێکۆشانی فەرمی کرد.

پێشەوا عەلی پوور سکرتێری گشتیی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەم بۆنەوە پەیامێکی پیرۆزبایی و سپاسگوزاری بۆ سکرتاریەتی ئەم ڕێکخراوە نارد، کە ئەمەی خوارەوە دەقەکەیەتی:

**بەڕێزان بەڕێوەبەریی یەکیەتیی نێونەتەوەیی لاوانی سوسیالیست!**
**بەڕێز برۆنۆ گۆنزالێس سکرتێری گشتی!**

وێڕای پیرۆزبایی بەستن و سەرکەوتنی کۆنگرەی ئەمجارەی IUSY، وەکوو لاوانی کوردستان خۆشحاڵین کە کۆنگرە لە کەشێکی دێموکراتیک و بە گڕوتینێکی سوسیالیستی بەڕێوە چوو.

بێگومان پەسەند کردنی بڕیارنامەیەکی تایبەت بە ڕەوشی مافەکانی مرۆڤ لە ئێران و هەروەها وەرگیرانی ڕێکخراوەکەمان وەک ئەندامی هەمیشەییIUSY، مایەی دڵخۆشی سەرجەم لاوانی سوسیالیست و دێموکراتی کوردە.

ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، ئەو شوێنەی کوردستانی لێ هەڵکەوتووە و بەداخەوە لە نێوان ڕێژیمەکانی ئێران و تورکیا و سوریا و عێراقدا دابەش کراوە، مەیدانی وێک کەوتنی بیرە ئایینییەکان و هەروەها مەکتەبە فکرییەکانە. کۆماری ئیسلامی ڕێژیمێکە کە بەدوای هاڵۆز کرنی دۆخەکەدا دەگەڕێ و دەرفەتی بەشداری سیاسی و مەدەنی لە لاوان دەستێنێتەوە و ئایدیاکانی خۆی لەسەرووی هەموو ئایدیاکان دەبینێت. ڕێژیمی ئێران هەنووکە بۆتە مەترسییەکی زۆر جدی لە سەر دێموکراسی و بەها و نۆرمە نوێیەکان.

لە وەها دۆخێکدا ئێمە لاوانی کورد بێ هیوا نین و پێتان ڕادەگەیەنین کە یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هاوپەیمانێکی ئەمینی هەموو لاوانی سوسیالیستە بۆ سەقامگیر کرنی ئازادی و دێموکراسی و مافەکانی مرۆڤ لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و هەروەها لە ئێرانی دوای کۆماری ئیسلامی.

**لە کۆتاییدا پیرۆزبایی لە بەڕێوەبەرانی نوێ و ڕێبەرانی نوێی لاوانی سوسیالیستی جیهان دەکەم بەتایبەت بەڕێز سکرتێری گشتی.**

به هیوای سەرکەوتن

پێشەوا عەلی پوور

سکرتێری گشتیی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

٥ی جوولای ٢٠٢١

---

**Dear Presidium of IUSY**

**Dear General Secretary of IUSY**

**We as Democratic Youth Union of East Kurdistan (DYUEK) Congratulate IUSY upon the success in accomplishment of its recent congress. We are delighted to witness that the congress was held in a democratic and socialist environment.**

**In fact, approving a significant declaration regarding the human rights condition in Iran in addition to our acceptance as a full member of IUSY grew a massive pleasure among Socialist and democratic Kurdish youth.**

**Kurdistan region is located in the Middle East and has been divided among countries of Iran, Turkey, Syria and Iraq. This is the place where various religions and ideologies are interacted. The Islamic Republic of Iran is willing to complicate the stability of the region, and it restricts any opportunity ahead of youth to maintain its ideology upon everything else.**

**Nowadays, Islamic Republic of Iran is the major barrier of developing democracy in the region. Meanwhile, we as Kurdish youth are promising to our values and beliefs, and we continue our work as a strong ally of all IUSY members to achieve the ultimate objective which is developing freedom, democracy and human rights for everyone in the Middle East and Iran.**

**At the end, we congratulate the recently elected leaders and committees in particular the Secretary General of IUSY.**

**Wish you all the best**

**Peshawa Alipour**

**General Secretary of Democratic Youth Union of East Kurdistan (DYUEK)**

**2021/07/05**



سەرچاوە
Serchawe

## پەیامی دوایین فێرگەی حدک و پێشوازی لە یەکگرتنەوە




**ئامادەبوانی خۆشەویست!**
**کادر و پێشمەرگە ئازیزەکان!**

**پێشەکی ٢٥ی گەلاوێژ، ساڵرۆژی دامەزران و هەروەها وەسەریەک کەوتنەوەی بنەماڵەی گەورەی دێموکرات لە ئێوە و لەسەرجەم خەڵکی نیشتمانپەروەری کوردستان و بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان و زیندانیانی سیاسی پیرۆز بێت.**

**بۆ من شانازییەکی گەورەیە کە ئەمڕۆ بەنوێنەرایەتی هەموو لایەک پەیامی پیرۆزبایی و بەخێرهاتن پێشکەش بە هاوڕێیانی سەرکەوتوو لە خولی ......ی سەرەتایی پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات بکەم.**

**بەشدارانی ئازیزی خولی سەرەتایی پێشمەرگە! پۆشینی بەرگی پیشمەرگایەتیتان لێ پیرۆز بێت و ئاواتەخوازم کە بەرپرسیارانە لە ئاست ئەرکی پیرۆزی پێشمەرگایەتی تێبکۆشن.**

**بێگومان ئێوە کە پێشمەرگایەتی لە ڕیزی حیزبی دێموکراتتان هەڵبژاردوە، باش ئەو ڕاستییەتان دەرک کردووە کە ئەم حیزبە نوێنەرایەتی خەباتی نەتەوەیی کورد دەکات لە ڕۆژهەڵات و، بە دامەزراندنی یەکەمین دەوڵەتی مۆدێرنی کوردی واتا کۆماری کوردستان، خەونی بە دەوڵەتبوونی کردە واقیع و ناسیۆنالیزمی کوردیی بردە قۆناغێکی نوێیەوە. حیزبی**



سەرچاوە
Serchawe

دێموکرات بە داهێنانی چەمک و سیمبولی نەتەوەیی ڕوحی متمانە بەخۆیی لەناو تاکی کورددا بەهێز کرد. ئەوە حیزبی دێموکرات و پێشەوای ئەو حیزبە بوو کە بۆ یەکەم جار لەمێژوودا وتی ئێمە کوردین و دەتوانین ببینە خاوەن دەوڵەت و دەشتوانین دەوڵەت ئیدارە بکەین.

پێشمەرگە و پێشمەرگایەتی ئەو چەمکە پیرۆزەن کە لەسەردەمی کۆماری کوردستاندا لەسەر دەستی پێشەوامان قازی محەممەد هاتنە کایەوە و بە درێژایی نزیک بە هەشت دەیە خەباتی حیزبی دێموکرات، ئەوە پێشمەرگەیە کەلەبەرامبەر ڕێژیمە داپڵۆسێنەرەکاندا پارێزگاری لە مان و مەوجودییەتی نەتەوەکەمان دەکات. دڵنیام ئێوەی پێشمەرگەش لە فێرگەی حیزبی دێموکرات باش لە فەلسەفەی خەبات و ئەرکی چەکی شانتان تێگەیشتوون کە چەکی شانی ئێوەی پێشمەرگە بۆ کوشتن و بڕینی هیچ نەتەوەیەک بە ئێوە نەسپێردراوە، مەئموریەتی چەکی شانی ئێوە پاراستنی خاک و خەڵکی کوردستان و سەقامگیرکردنی ئاشتی و ئازادییە لە سەرتاسەری کوردستان، لەم پێناوەشدا پێشمەرگەی کوردستان مافی خۆیەتی بەرگریکارێکی شێلگیر بێت لە بەرامبەر هێرش و داگیرکاریی ڕێژیمی تاران.

هەنووکە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی پاش زیاتر لە چوار دەیە لە دامەزرانی، مەجالی هەناسەکێشانی بۆ گەلانی ئێران نەهێشتۆتەوە، درێژەدان بە سیاسەتی ڕێژیمی پاشایەتی لەهەمبەر تواندنەوەی نەتەوەکان و یەکدەست کردنی جوغرافیا و زمان و ئایین و حکومەت، دیاری ڕێژیمی نوێ بوون کە بە هێرش بۆسەر کوردستان و پاکتاوکردنی شار و گوندەکان دەستی پێکرد. ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی کە لەبنەڕەتدا لەگەڵ چەمکە مۆدێرنەکانی دنیای ئازاد و دێموکراتیک ناتەبا بوو، لەسەرەتای هاتنەسەرکاری پاش دووجار شکستی ئینتخاباتی لە حیزبی دێموکرات بە ڕێبەرایەتی دوکتور قاسملوو، شەڕی بەسەر کوردستاندا سەپاند و گوێی بۆ ویستی دێموکراتیکی خەڵک نەگرت. لەوەها دۆخێکدابوو کە حیزبەکەی خۆتان حیزبی دێموکرات بڕیاری دیفاعی لە خاک و خەڵکی کوردستاندا و، لاوانی کوردستان پۆل پۆل بۆ پاراستنی مان و مەوجودییەتی کورد چەکی پێشمەرگایەتییان لە سەنگەری حیزبی دێموکرات لەشان کرد.

لەوکاتەوە تا ئێستا سیاسەتی قڕکردن و هەڵاواردنی کوردستان لەلایەن ڕێژی کۆماری ئیسلامی ڕۆژبەڕۆژ زیاتر بووە و لەبەرامبەر ئەم سیاسەتە چەوتانەی ڕێژیمدا، لاوانی کورد دەستەوئەژنۆ دانەنیشتون و ئەرک وەخۆگرانە سەنگەری خەباتیان ئاوەدان ڕاگرتووە. پەیوەست بوونی ئێوەی لاوان ئەمڕۆکە بە ڕیزی پێشمەرگەی کوردستان سەلمێنەری ئەو قسەیە.

ئەرکی لاوانی پێشمەرگە هەنووکە لەجاران قورسترە، ئەگەر جاران ئەرکی پێشمەرگایەتی تەنیا دیفاعی چەکدارانە بوو، هەنووکە ئەم ئەرکە فراوانتر بووە و پێویستە پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات بە چەکی زانست خۆی تەیار بکات و چەک قەڵەم بکاتە دوانەی خەباتی ئەم سەردەمە.



سەرچاوە
Serchawe

ئەمڕۆژانە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە ژووره فکرییەکانی خۆی پەیتا پەیتا سیناریۆی مەترسیدار بۆ لاوانی کورد و بزووتنەوەی کورد دادەڕێژێ کە دەبێ ئێوەی پێشمەرگە هوشیاری و ئاگاهی خۆتان بەگەیێنن بەو ئاستە کە ئەم پیلان و سیناریۆیانە پووچەڵ بکەنەوە.

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی کە زەبوونە لە ئیدارەدانی وڵات و بەردەوام خەریکی فروانکردنی بازنەی وڵاتانی نەیاری خۆیەتی، ئەمڕۆژانە دەبینین کە دەستەوەستانە لەبەرامبەر گورزە ئەمنییەکانی ئەم وڵاتانە بۆسەر خۆی و، ئاگایانە هەوڵ دەدات کە تێکۆشانی ئازادیخوازانەی نەتەوەی کورد و گەلانی ئێران بە وڵاتانی نەیاری خۆیەوە بلکێنێ،. ئەمە لەکاتێکدایە کە لاپەڕەکانی مێژوو سەلمێنەری ئەوەن کە ئەم تۆمەتە نەک هەر ناڕەوایە و خەبات و تێکۆشانی کورد لە هەموو سەردەمەکاندا تێکۆشانێکی سەربەخۆ و لەسەرپێی خۆی بووە، بەڵکوو بەڵگەنامەکانی بەرپرسانی هەواڵگری وڵاتان پێمان دەڵێن کە پێچەوانەی ئەو تۆمەتانە ڕاستە و کۆماری ئیسلامی بۆخۆی لە جەنگەی شەڕی ئێران و عێراقدا پێوەندی لەگەڵ ئیسرائیل هەبووە و لەسەر حیسابی خوێنی لاوانی فەلەستین چەکوچۆڵی لە ئیسرائیل کڕیوە. هەرلەو سەردەمەدا ئەوە حیزبی دێموکرات بەڕێبەرایەتی دوکتور قاسملوو بوو کە ئامادەبوو شەڕی دەوڵەتی عێراق بکات بەو مەرجەی کە ڕێژیمی ئێران دان بە مافە ڕەواکانی کورددا بنێت، بەڵام ڕێژیم نەباوەڕی بە مافە ڕەواکانی کورد بوو و نە خۆشی پێ لە گێژاوی شەڕ دەرباز دەبوو.

جا بۆیە ئێوەی پێشمەرگە پێویستە پاراستنی ئەسڵی سەربەخۆیی کە میراتی هەرسێ ڕێبەری نەمرمان قازی و قاسملوو و شەرەفکەندییە، لەهەمبەر دەوڵەتان و حیزبەکانی دیکە و تەنانەت شەخسەکاندا، بکەنە سەردێڕی خەبات و تێکۆشانتان و، پێویستە ئەو سەربەخۆییە لە ئاکاری ڕۆژانە و تێکۆشانی نەتەوەییتاندا ڕەنگ بداتەوە.

سەربەخۆیی لە خەبات و پشت بەستن بە هێزی جەماوەر، سەربەخۆیی نیشتمانەکەمان کوردستان، سەربەخۆیی بڕیار وەک حیزب و، گرنگتر لە هەمووی سەربەخۆیی تاک، کە کەرامەت و متمانەبەخۆیی لە ناخدا بەهێز دەکات.

ئازیزان، چەندە لەسەر پیلان و دوژمنکارییەکانی کۆماری ئیسلامی بڵێین کەممان گوتووە، گیرۆدەکردنی لاوان بە مادەی هۆشبەر، سیستمی جاشایەتی فکری و جەستەیی، هەژاری و بێ کەرامەت کردنی لاوان و پێشێل کردنی مافەکانی ژنان ،ئەو دیاردانەن کە لەسەر لاوانی کورد پەیڕەو دەکرێن و دەبێ هەموومان ئە پیلانانە بەرپەرچ بدەینەوە.

دیاردەی خەیانەت و خاک فرۆشی یان ئەوەی لە ناو کورددا بەناوی جاشەتی ناوبانگی دەرکردوە و کۆماری ئیسلامی ناوی لێناون پێشمەرگەی موسوڵمان "ئەو موسوڵمانانەی کە بێ گوێدانە ئایاتی قوڕئان جاسوسی لەسەر هاوزمانانی خۆیان دەکەن

و بە دووژمنانیان دەفرۆشن" دیاردەیەکی هێندە قێزەونە کە خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا بە ئایەتێک لە سوورەتی حوجەڕاتدا ڕێنوێنیان دەکات و دەفەرمووێ کە جاسوسی لەسەر یەکتر مەکەن. دیارە بۆ سەرجەم خەڵکی کوردستان ڕوونە کە ئەوانە نە پێشمەرگەن و نە موسوڵمانن تەنیا جاش و نیشتمانفرۆشن کە کەسابەتی حەڵاڵ و کەرامەتی ئینسانی ناناسن و فێری نانەزگ بوون کە لە سەروەت و سامانی ئێران هەڵدەلووشن و شوێن پێی پێشمەرگە و کاسبکارانی سەر سنوور هەڵدەگرن.

ئەم ڕێژیمە بۆ بەهەدەردانی سەرمایەکانی ئێران و کوردستان هەر بەمە نەوەستاوەتەوە و تەنانەت بە تەرخانکردنی سەروەت و سامانی سەر زەوی و ژێر زەوی وڵات بۆ کاری تێرۆریستی و شەڕی بەوەکالەت لە ڕێگای گرووپە توندئاژۆکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، هاووڵاتیانی خۆی تووشی هەژاری و بێدەرەتانی کردوە و لەسای ئەم حوکمڕانییە دیکتاتۆرییە سەدان گرووپی مافیای ئابووریی لە ئێران پەیدابوون کە لە پرۆژەکانیاندا کایە بە ژیانی خەڵک دەکەن و، ڕۆژ نییە کە خەڵکی بێتاوان نەبنە قوربانی سیاسەتی مافیاکانی سپای پاسداران و ماڵ و حاڵیان بەسەردا نەڕمێ.

**بەشداربوانی ئازیزی خوولی سەرەتایی پێشمەرگە!**

ئێوە کە هێشتا ئارەقەی ڕێگاتان ویشک نەبۆتەوە، دەبێ هەموو بەیانیان بەو هیوایە لەخەو ڕابن کە تۆڵەی هەموو ئەو بێ دەرەتانی و بێ هیوایی و هەژارییەی کە ئەم ڕێژیمە بەسەر کۆمەڵگای کوردی هێناوە دەستێننەوە. ئێوە خوێن گر و خوێن ئەستێنی گەلێکی چەوساوەن.

لەگەڵ ئەوەیکە ئەمرۆ کۆتا خوولی پەروەردەی سەرەتایی پێشمەرگە بوو لە لایەکی حیزبی دێموکراتدا، ئیتر لێرە بەدواوە هەموومان پێشمەرگەی یەک حیزبی دێموکراتی گەورە دەبین. ئەمڕۆکە ئێوەی لاوانی پێشمەرگە ئەرکی قورستان هاتۆتە سەر شان، ئەویش ئەوەیە کە دەبێ لە ڕیزی یەکەمی پارێزەرانی یەکیەتیی و یکگرتوویی حیزبی دێموکراتی گەوردەدابن. پێویستە هەموو لایەکمان لەپێناو ڕزگاریی یەکجاری خاک و نەتەوەکەماندا بێ وچان هەوڵ بدەین و وزە و تواناکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە یەک حیزبی دێموکراتدا کۆ بکەینەوە و ڕوو بە کۆماری ئیسلامی ئاراستەی بکەین.

جێی خۆیەتی ئەمڕۆکە بەبۆنەی دەسپێکی پێشمەرگایەتیتان پیرۆزبایی بە دایکان و باوکەکانتان بڵێین کە بە دڵفراوانیەوە ئێوەی ناردۆتە ڕیزی خەبات و تێکۆشان.

دڵنیابن کە ئاواتی شەهیدان و تێکۆشەرانی ڕێگای ئازادی وەدی دێت و ئەم کاروانە بە یەکگرتووییمان دەگاتە دوا مەنزڵی

خۆی کە سەربەخۆیی کوردستانە.

ئێوە شاد و سەرکەوتوو بن و کوردستان ئاوەدان

پێشەوا عەلیپوور

٢٧ی گەلاوێژی ١٤٠١ی هەتاوی = ١٨ی ئاگۆستی ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe

## پەیام بەبۆنەی شەوی لەدایکبونی دوکتور قاسملوو لە مەڵبەندی ١ی کوردستان



**ئامادەبوانی خۆشەویست!**
**کادر و پێشمەرگە ئازیزەکان!**

**بەخێربێن بۆ ڕێوڕەسمیی یادی لەدایکبوونی ڕێبەری هەڵکەوتوومان دوکتور قاسملوو**

خەباتی دوکتور قاسملوو لە ڕەهەندی جۆراوجۆرەوە جێگای تێڕامان و لێ فێربوونە، هەر لە تافی لاویەتیدا دێتە ناو گۆڕەپانی خەبات و بەرپرسایەتی ڕێکخراوەیی لە یەکیەتیی لاواندا وەستۆ دەگرێت، دواتر قۆناغ بە قۆناغ بە تێکۆشانی بێ وچان لەپێناو مافە ڕەواکانی نەتەوەی کورددا خەبات دەکات و لەو ڕێیەشدا گیانی دەبەخشێت و شەهید دەکرێت.

دوکتور قاسملوو نمونەی ئەو دەگمەن ڕێبەرانەی جیهان بوو کە ئەو سەردەم خوێندنەوەی وردی بۆ ڕووداو و پێشهاتە سیاسییەکان دەکرد و هەوڵیدەدا کە داوا ڕەواکانی کورد لەگەڵ بەها و نۆرمە جیهانییەکان یەک بخات و هەروەها تێدەکۆشا کە پاراستنی سەربەخۆیی و باوەڕمەندی بە دێموکراسی بکاتە بنەما و، لە ناخی تاکی کورد لە پێشمەرگایەتی و حیزبی دێموکرات لە خەبات و نەتەوەی کورد لەمافخوازیدا نەهادینەیان بکات.



سەرچاوە
Serchawe

بوێری و سەربەخۆیی سیاسی پڕەنسیپێکی نەگۆڕی دوکتور قاسملوو بوو لە خەبات، بۆ نموونە ئەو سەردەم کە بۆ خوێندنی ئاکادێمی دەچێتە فەڕانسە، دێموکراسی و بیری ئازادیخوازی و پاراستنی کەرامەتی ئینسانی دەکاتە سەرلەوحەی تێکۆشانی خۆی و لە پاریس بە وتارێکی ئاگرین لە ئاکسیۆنی ئێعترازیی لاوان و خوێندکارانی ئێرانی لە دژی ڕێژیمی شا، بۆ دیفاع لە ئازادیی ڕۆژنامەگەری و ئازادیی ڕادەربڕین کە بە بیانووی هەوڵی تێرۆری شا بەرتەسک کرابوونەوە- دێتە مەیدان و ئەم هەڵوێستەی دوکتور قاسملوو دەبێتە هۆی ئەوەیکە لە لایەن سەفیری ئێران لە فەڕانسە داوای دەرکردنی بکرێ و بە ناچار بۆ ئیدامەی خوێندن دەچێتە پراگی پێتەختی چێکۆسلۆڤاکی و پاشان هەر لەوێ دەبێتە مامۆستای زانکۆ.

ئەو سەردەم دۆخی سیاسی لە چێکۆسلۆڤاکی ئاڵوگۆڕێکی نوێی بەخۆیەوە دەدی و بزووتنەوەیەکی ئازادیخوازانە و کرانەوەیەکی سیاسی بە دەستپێشخەریی ئەلێکساندێر دۆبچێک، کۆمەڵگەی ئەو وڵاتەی گرتەوە و دەستی حیزبی کۆمۆنیستی لە کۆنترۆڵی کۆمەڵگە کورت کرد و ترسێکی خستە هەناوی سۆڤیەت و وڵاتانی دیکەی کۆمۆنیستی کە لە ئیدارەی کۆمەڵگەکانیاندا ماهییەتێکی تۆتالیتێریان هەبوو. هەر بۆیە تەحەمولیان نەکرد و هێرشیان کردە سەر چێکۆسلۆڤاکی و، ئەوەی لە ساڵی ١٩٦٨ پێی دەگوترا "بەهاری پراگ"یان خستە ژێر غەزەبی زنجیری تانکەکانیان و ئەمەش دوکتور قاسملووی دێموکراتی هان دا کە بە جورئەتەوە ئەم حەرەکەتەی سۆڤیەت مەحکووم بکا. دیارە ئەم هەڵوێستەی دوکتور قاسملوو کە لە سۆنگەی واقعبینی سیاسی و باوەڕمەند بوون بە دێموکراسی و ئازادی گەلان سەرچاوەی دەگرت، بە پێچەوانەی ئەو ڕەوتە ڕۆشنبیرییە کۆمۆنیستییە زاڵەی ئەوکاتی کۆمەڵگەی کوردی بوو.

ئەم بوێرییەی دوکتور قاسملوو لە هەڵوێست و هەروەها پاراستنی ئەسڵی سەربەخۆیی سیاسی، جارێکی تر دوکتور قاسملووی تووشی کێشە کردەوە و لە چێکۆسلۆڤاکیی ژێر دەسەڵاتی سۆڤییەتیش دەر دەکرێ.

**ئازیزان!**

سەربەخۆیی لە تێکۆشانی سیاسی و سەربەخۆیی بڕیار لەناو حیزبی دێموکراتدا میراتی پێشەوا قازی بوو و دوکتور قاسملوو ئیدامەی دا، پێشەوا قازی لە سەردەمێکدا کە هەوڵی دەدا بنەماکانی بە دەوڵەتبوونی نەتەوەکەمان بەقوەت بکات، فشاری زۆری لەسەر بوو کە کۆماری کوردستان بکرێتە لقێک لە جمهوری ئازەربایجان، بەڵام هەرگیز قەبووڵی نەکرد. لەسەردەمی دوکتور قاسملووش کە حیزبی توودە خۆی لە بنەڕەتڕا هەڵوەشابوو بەڵام هەوڵی دەدا سەربەخۆیی تێکۆشانی حیزب بباتە ژێر پرسیار، ئەوە دوکتور قاسملوو بوو کە هێڵی حیزبی دێموکرات و ئیدارەی ئەو حیزبەی لە حیزبی توودە جیا دەکاتەوە، تەنانەت لە سەردەمی دەسەڵاتی بەعس لە عێراقیش هەڵوێست و ڕوانگەکانی دوکتور قاسملوو وحیزبی دێموکرات بە حەدێک جدی و سەربەخۆ بوون کە زۆر جار بەرپرسانی عێراقی تووڕە کردوە و بۆ ئەمەشیان حیزب باجی زۆری داوە. هەوڵدان بۆ



سەرچاوە
Serchawe

سەرخستنی دیالۆگی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی باشوور لەگەڵ دەسەڵاتی بەغدا و مەحکوم کردنی کیمیاباران کردنی هەڵەبجە نموونەی دیاری هەڵوێستی بوێرانە و سەربەخۆی حیزبی دێموکرات و دوکتور قاسملوون.

تایبەتمەندییەکی دیکەی دوکتور قاسملوو کە تا ئێستاش بۆ گەلانی ڕزگاریخواز دەتوانێ ببێتە ئۆلگوو، ئەوەیە کە چەپەرێکی بەدەوری خەباتی کوردی ڕۆژهەڵاتدا کێشا و لە هەموو بزووتنەوە چەکدارییەکانی ناوچەی جیا کردەوە. تێرۆر و بۆمب دانان و فڕۆکە ڕفاندن و مرۆڤ ڕفاندن و بەبارمتەگرتنی مرۆڤی مەحکوم کرد و هەروەها مافی دەیلەکانی لە جەنگەی هێرشی سپای پاسداران بۆسەر کوردستان جێخست، بەمەش شۆڕشێکی لە شۆڕشی کورددا پێک هێنا و فۆڕمێکی پێشکەوتنخوازانەی بە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلەکەمان دا و سنوور بەندییەکی لەنێوان بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد و هێزە چەکدار و میلیشیا و توندئاژۆکانی ئەوکات درووست کرد کە ئێستاکەش ئەمە دەسکەوتێکی ئینسانی و ئەخلاقییە بۆ حیزبی دێموکرات و بزووتنەوەی کورد.

دکتور قاسملوو بە خوێندنەوەی ورد و واقیعی لە فرەیی ڕەهەندەکانی خەبات، پشت ئەستوور بوو بە هێزی جەماوەر و خەڵک، هەربۆیە هەوڵی دەدا کە ویست و داخوازییە ڕەواکانی نەتەوەکەمان لە گوتار و تێکۆشانی حیزبی دێموکراتدا ڕەنگ بداتەوە، تایبەتمەند کردنی خەباتی نەتەوەییمان بەم ئەسڵە وایکرد کە خەڵکی کوردستان بزووتنەوەکە بە هی خۆیان بزانن و تا ئەمڕۆکەش بە دابینکردنی هێزی مرۆیی بۆ پێشمەرگایەتی و خەبات پەرەی پێبدەن.

دوکتور قاسملوودا لە وتارەکانیدا بە ڕوونی ئاماژەی بەوە کردوە کە ڕێکخراو چەکی هەرە گرنگی ئێمەیە، ئەمەش ئەسڵی بە ڕێکخستن کردنی جەماوەرە و لە زۆربەی پەیامە ڕادیۆییەکانیدا ئەرک بۆ ژنان و لاوان و چین و توێژەکانی کوردستان دیاری دەکات و نەفسی ئەم ئەرک دیاریکردنە چوونە ناو بازنەی ڕێکخستنە لە هێڵێکی سیاسییدا. دوکتور قاسملوو لەهەمانکاتدا کە ئەرک بۆ کۆمەڵانی خەڵک دیاری دەکات مافەکانیشیان لەبەرچاو دەگرێت و لەسەر ئەم باوەڕەیە کە مرۆڤ دەبێ ئازاد و سەربەخۆ و خاوەن کەرامەت بێ، هەر بۆیە لەبەرامبەر سوسیالیزمی مەوجوددا کە نادێموکراتیک بوو، بە هێنانە گۆڕی سوسیالیزمی دێموکراتیک و بە خۆماڵی کردن و دێموکراتیزە کردنی سوسیالیزم تێکۆشا سێبەری هەرچەشنە دیکتاتۆریەتێک لەسەر کۆمەڵگا بسڕێتەوە و ئازادی و دێموکراسی تێدا نەهادینە بکات.

### لاوانی شۆڕشگێڕی کوردستان!

میراتی سیاسی و هزریی دوکتوور قاسملوو بۆ ئێمە و نەسلی ئێمە ئەوەندە زۆرە کە دەتوانین شۆڕشێکی گەورەی پێ بەرپا کەین، بە مەرجێک کە ڕێبازداری ڕاستەقینەی ئەم ڕێبەرە شەهیدە بین.

بەخۆشییەوە ئێستاکە لە کۆمەڵگای کوردی ڕۆژهەڵات ڕوانگە و بۆچوونەکانی دوکتور قاسملوو ئەوەندە نەهادینە بوون کە نەسلێکی نوێ لە لاوان بێ ئەوەی دوکتور قاسملوویان بینیبێت، لەسەر شەقامەکان ناو و ڕێبازەکەی وەک درووشم دەڵێنەوە و هەروەها لە تێکۆشانی سیاسی و جەماوەریدا لەسەر هەستن، دژی داگیرکاری و پاکتاوی نەتەوەکەمان خاوەن هەڵوێستن و بە کردەوە بە گژ ناسیۆنالیزمی ئێرانی لە ناوخۆ و دەرەوەدا دەچنەوە.

نەسلی نوێ نەسلێکە کە لەسەربەخۆیی کەمتری ناوێت و ئەوە ئێمەین کە لە دامەزرانی کۆماری کوردستانەوە تا ئێستاش نوێنەرایەتی ئەم بیرە دەکەین. درووشم و نیشانەکانی ڕاپەڕینی ژینا ئەو ڕاستییەی دووپاتکردەوە کە چەندی پاکتاوکردن و تواندەوە لە ناوەندەوە زیاتر بێت، خەبات لە کوردستان لەلایەن ژنان و لاوان بە گوڕتر دەبێت.

ڕێژیم لە ساڵی ڕابردوودا بە جینایەتەکانی سەر شەقامەکان و مووشەکبارانی نوێنەرانی سیاسی خەڵکی ڕۆژهەڵات نەک نەیتوانی پێگەی خۆی لە کوردستان بەهێز بکات، بەڵکوو بە ئاوێتە کردنی ناسیۆنالیزمی ئێرانی و دیکتاتۆریەتی دینی و زاڵکردنی تاقمێکی مافیایی سپای پاسداران، زیاتر لە هەموو کات شەرعیەتی چۆتە ژێر پرسیار و دڵنیاین کە لاوان لە داهاتوویەکی نزیکدا جارێکی دیکە و لە شکڵێکی دیکەدا و لە نزیکترین بەهاردا بە گەردەلولێکی نافەرمانی مەدەنی بناغەکانی ئەو ڕێژیمە جارێکی دیکە هەڵدەتەکێنن و ناچنە ناو هیچ بازییەکی دەوڵەتی بۆ شەرعیەتدان بە کوشتن و بڕینی هاو زمان و هاوخوێنەکانیان.

جێی خۆیەتی هەر لێرەوە سڵاو بنێرین بۆ شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری و هەروەها ئەو پۆلە نەمرەی کە لە یەلدای خوێناوی دێموکراتدا شەهید کران و دڵنیابن کە ئامانجەکانیان وەدی دێ.

**لە کۆتاییدا دەڵێم"**

**بەپیرۆز بەپیرۆز بێ، جەژنی لەدایکبوونت**
**خەبات بە تۆوە خۆشە، کە مانای هەیە بوونت**

**٣٠ی سەرماوەزی ١٤٠٢ی هەتاوی = ٢١ی دێسەمبەری**

## مێژووی دامەزرانی یەکەمین ڕێکخراوەکانی لاوانی جیهان و لاوانی کورد

یەکەمین ڕێکخراوەکانی لاوان لە جیهاندا دوای شۆڕشی پیشەسازی بەمەبەستی پشتیوانی و سەرپەرستیی لاوان لە بازاڕی کار و پیشەسازیدا بونیات نران کە زۆر جار لەگەڵ ڕوانگە ئایینییە باوەکان تێک دەگیران و ئەمیش وایکرد کە ڕێکخراوەکانی لاوان لەبواری ئایینیش دەست بە تێکۆشان بکەن.

لەڕاستیدا مێژووی کاری ڕێکخراوەیی لاوان بەمەبەستی خۆسازماندان و دروستکردنی کاریگەریی سیاسی، دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای سەدەی بیستەم و ساڵی ١٩٠٧ کە ٢٠ نوێنەر لە ١٣ وڵاتی دنیا لە شتوتگارتی ئاڵمان کۆبوونەوە و "ئینتێرناسیۆناڵی لاوانی سوسیالیست"یان وەک ڕێکخراوی لاوانی "ئینتێرناسیۆناڵی دووهەم" دامەزراند، ئەم ڕێکخراوە ئێستاکە لەژێر ناوی "یەکیەتیی نێونەتەوەیی لاوانی سوسیالیست" خەریکی تێکۆشانە و بە پلەی چاودێر ئەندامی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانە، هەنووکە یەکیەتیی لاوانی حیزبی دێموکرات لەم ڕێکخراوەدا ئەندامی کاران.

کامسۆمۆڵ دووهەمین ڕێکخراوی تایبەت بە لاوان و خاوەن کاریگەریی بووە لە ئاستی جیهان، بەتایبەت لەسەر لاوانی کورد. کامسۆمۆڵ یان "یەکیەتیی لاوانی کۆمۆنیست لێنیست" ساڵی ١٩١٨ لە سۆڤیەت دامەزرا و وەک ڕێکخراوی لاوانی حیزبی کۆمۆنیستی یەکیەتیی سۆڤیەت دەستی بە تێکۆشان کرد و ئامانجی ئەوەبوو کە لاوان بەبیری ئیدۆلۆژیی کۆمۆنیزم بۆ سۆڤییەت پەروەردە بکات.



سەرچاوە
Serchawe

وەک غەنی بلووریان لە بیرەوەریەکانیدا ئاماژەی پێدەکات سەرەتای دامەزرانی یەکەمین ڕێکخراوی لاوانی کورد بۆ کۆتاییەکانی ساڵی ١٣٢١ - ١٩٤٢ و سەرەتای ساڵی ١٣٢٢ (١٩٤٣) دەگەڕێتەوە. واتە دوای دامەزرانی کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد لە مەهاباد و لە گەرمەی شەڕی جیهانیی دووهەم، لاوانی کورد لە ڕێگای ڕۆژنامەی "ڕیا تازە" کە لەلایەن ئەفسەرانی سۆڤیەتەوە دەگەیشتە مەهاباد، کامسۆمۆڵیان ناسی و بڕیاریانداوە کە ئەوانیش ڕێکخراوێکی تایبەت بە لاوانی کورد دابمەزرێنن.

بلووریان لە لاپەڕە ٣٣ی کتێبی ئاڵەکۆکدا ئاوا دەنوسێت:" لە دانیشتنێک کە لە باغی میکائیل لە بناری کێوی نورەدین گرتمان، لەوێ هاوڕێیان خۆیان ناساند و لەبارەی چۆنیەتی و بەڕێوەبردنی ڕێکخراو گفتوگۆمان کرد، لەو دانیشتنەدا من(غەنی بلوریان)، عەلی مەولودی، ئەحمەدی ساڵحیان، قادر محمودزادە و عزیز فەرهادی وەک ئەندامانی بەڕێوەبەری ڕێکخراو هەڵبژێردراین و من(غەنی بلوریان) وەک بەرپرسی یەکەم دیاری کرام."

بلووریان هەروەها باس لە دیاری کردنی شوێنێک دەکات بۆ بەڕێوەبردنی ڕێکخراوەکە و دەنوسێت:... بە فکری ئەوەی کەوتینەوە کە ئیدارەیەک بۆ ڕێکخراو پەیدا بکەین و بتوانین تێیدا نیشتەجێ بین هەر بۆیە (عەبدوڵلا حەکیم زادە) مان ڕاسپارد کە شوێنێک پەیدا بکات، دوای گەڕانێکی زۆر سەرەنجام لە بەرامبەر بیمارستانی کۆنی مەهاباد (شێر و خورشید) بینای ساڵحزادەی دەرمان فرۆشمان بەکرێ گرت مانگانە بە ٣٥ تمەن، دوای بۆ تەجهیز کردنی دەست بەکار بووین".

ئەم مێژووە زارەکییە پێمان دەڵێ کە دامەزراندنی یەکیەتیی لاوان دەگەڕێتەوە بۆ پێش کۆماری کوردستان و بە پێی بەڵگەنامەکان ئەندامانی ڕێکخراوی لاوانی کورد (سازمان جوانان کرد) ساڵی ١٣٢٢ لە شاری مەهاباد گەیشتبۆ ١٣٠٠ کەس، کە ئەوکات ١٤٠٠٠ کەسی حەشیمەتی بوو. خەزەڵوەری ١٣٢٣ - ١٩٤٤ تێکۆشانی سازمانی جەوانانی کورد تێکەڵ بە تەشکیلاتی ژ.ک بوو و نێوەکەشی گۆڕا بۆ (تەشکیلاتی لاوانی کۆمەڵەی ژ - ک).

بە دامەزرانی حیزبی دێموکرات و کۆماری کوردستان، سازمانی جەوانان دەرفەتی تێکۆشانی بەرفراوانی لە سەرتاسەری کوردستان بۆ دەڕەخسێ و ناوی بۆ یەکیەتیی لاوان دەگۆڕێ چارەنووسی لە چارەنووسی حیزبی دێموکرات گرێ دەدرێ. سەردەمی کۆماری کوردستان یەکێک لە بەرپرسانی دیاری ئەم ڕێکخراوەیە عەبدولڕەحمانی قاسملوو دەبێت.

لە درێژەی تێکۆشانی یەکیەتیی لاوان نوینەرانی ئەم ڕێکخراوە لەلایەن کامسۆمۆڵەوە چەندین جار بۆ بەشداری لە فێستیواڵی لاوان لە بۆخارێست و مۆسکۆ بانگهێشت کراون.

سیاسەتی دەستێوەردانی سۆڤییەت لە وڵاتان و بەرتەسک کردنەوەی ئازادییەکان و سەپاندنی بیری کۆمۆنیزم بەسەریاندا، کۆمەڵگای جیهانی و نوخبەی کوردی هوشیار کردەوە، هەربۆیە یەکیەتیی لاوانی دێموکرات کامسۆمۆڵی بەجێهێشت و بەرەو لاوانی ئینتێرناسیۆناڵ سوسیالیست هەنگاوی نا کە باوەڕی بە ئازادی و سەربەخۆیی گەلان هەبوو. تا ئێستا یەکیەتیی لاوان لە زۆربەی کۆنگرە جیهانییەکان و کۆنفرانس و چالاکییەکانی ئەم ڕێکخراوەدا بەشدار بووە و نوێنەرایەتی خەباتی لاوانی کوردی کردوە.

یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئەمڕۆکە پاش ٨١ ساڵ لە دامەزرانی، بە پاشخانێکی بەهێزی مێژوویی لە بواری سیاسی، پەروەردە و ڕاگەیاندن و تەشکیلاتدا خەبات دەکات و لە ئاستێکی بەرزی جیهانییدا پێوەندییەکانی بۆ ناساندنی قەزیەی لاوانی کورد، لەنێو ڕێکخراوەکانی دیکەی لاواندا چڕ کردۆتەوە و هەروەها بۆتە سەرچاوەی دابینکردنی هێزی مرۆیی و نەتەوەیی بۆ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد.

٢٢ی خاکەلێوەی ١٤٠٣ = ١٠ی ئەپریلی ٢٠٢٤

---



سەرچاوە
Serchawe

## پەیام بە بۆنەی ڕۆژی جیهانیی لاوان




**لاوانی کوردستان!**
**مەیدانداراەکانی ئەم سەردەمە!**

**وێڕای سڵاوی گەرم و شۆڕشگێڕانە بۆ ئێوەی ئازیز! بەبۆنەی ڕۆژی جیهانیی لاوان گەرمترین پیرۆزباییتان پێشکەش دەکەین. ئاشکرایە کە سەرکەوتنی خەباتی هەر نەتەوەیەک لە جیهاندا گرێدراو بووە بە بەشداریی لاوانی ئەو نەتەوەیە لە خەباتدا. لە ڕەوتی خەباتی نەتەوەیی کوردیش، قۆناغەکانی گەشە و نسکۆی خەبات لە سەردەمە جۆراوجۆرەکاندا گرێدراو بووە بە دۆخی ئەو سەردەم و کاریگەریی ئاڵوگۆڕە ناوچەیی و جیهانییەکان. بەڵام ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە لە هیچ قۆناغێکدا کورد لە ماف و ویستەکانی خۆی پاشگەز نەبۆتەوە و بەهەر شێوەیەک و لە هەر دەرفەتێک بۆ سەلماندنی شوناسی تایبەتیی خۆی و دەربڕینی ماف و داخوازییەکانی کەڵکی وەرگرتووە.**

**جێگای شانازییە کە لاوان وەک هێزێکی کاریگەر لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە هەموو قۆناغەکاندا کۆڵەکە و داینەمۆی ئەو خەباتە بوون و لە سەختترین ساتەکاندا، ئەوە لاوانی کورد بوون کە ئاڵای کوردستان و بزووتنەوەکەیان بە شەکاوەیی لە مەیدانەکاندا ڕاگرت.**

لەسەردەمی کۆماری کوردستان کۆڵەکەی فەرهەنگی و ڕاگەیاندنی ئەو سەردەمن و دوای نسکۆی کۆماری کوردستان ئەوە لاوان بوون کە جارێکی دیکە چەخماخەی خەباتیان لێدا و بە خەبات و تێکۆشانی خۆیان حیزبی دێموکراتیان بنیات نایەوە، دوای باڵکێشانی دۆخی ناهەموار بەسەر بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورددا لە ساڵەکانی ٤٦ و ٤٧، ئەوە دیسان لاوانی گۆشکراو بە بیری پێشەوا و کۆمار بوون کە ڕاپەڕینێکی شکۆداریان دژی ڕێژیمی پاشایەتی وەڕێ خست، لەدوای شۆڕشی گەلانی ئێران و هێرشی سپای خوێنمژی خومەینیش ئەوە دیسان لاوانی کۆمەڵی کوردەواری بوون کە پەیوەستی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بوون و دیفاعیان لە مان و مەوجودییەتی نەتەوەی کورد کرد. لە قۆناغی نوێشدا لاوان لە ڕیزی هێزی پێشمەرگە و هەروەها لە گرو تین بەخشین بە خەباتی مەدەنی: لە چەشنی پاراستنی زمان و کلتووری کوردی و بەڕێوەبردنی بۆنەکانی نەورۆز و چالاکی ژینگەپارێزی و ئەدەبی و هەروەها لە ڕەوتی خۆپیشاندانەکانی ڕاپەڕینی ژینا و بزووتنەوەی ژن-ژیان-ئازادی و، کەمپینەکانی بایکۆتی شانۆگەری هەڵبژاردنەکان، لە سەنگەری پێشەوەی خەباتی شوناسخوازییدا بوون و هەن.

ئەم چەند نموونەیە دەرخەری ئەوەن کە لاوان لە قۆناغە جۆراوجۆرەکاندا هاوتەریب لەگەڵ دۆخی جیهان و ناوچە هەوڵی زیندووڕاگرتنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردییان داوە و بەشێکی سەرەکی و دانەبڕاوی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد بوون و میراتگرێکی بەحەقی خەباتکارانی پێش خۆیان.

### لاوانی خەباتکاری کورد!

هەموو ئەو پێشەکییەی کە ئاماژەی پێکرا لەپێناو ڕۆژی جیهانیی لاوان، تەنیا بۆ ئەوەبوو کە بڵێین ١٢ی ئاگۆست ئەگەر لە وڵاتان بۆ لاوان ڕۆژی جێژن و فێستیڤاڵ و چالاکیی جۆراوجۆرە، لای لاوانی کورد دەرفەتێکی نوێیە بۆ بەرپەرچدانەوەی هەرچەشنە ستەمێکی پاوانخوازانەی تاران و، هەوڵدان لە پێناو مافە زەوتکراوەکانی کورد و گرو تین بەخشین بە خەباتی شوناسخوازانە.

ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان ساڵانە بە پێی دۆخی جیهان، درووشم بۆ ڕۆژی جیهانیی لاوان دیاری دەکات، کە ئەمساڵ درووشمی " بەرەوپێشچوون لە کلیکەکانەوە: ڕێڕەوەکانی دیجیتاڵیی لاوان بۆ گەشەپێدانی سەقامگیر"ی هەڵبژاردووە.

هەڵبژاردنی وەها درووشمیک لە سەردەمی ئێستادا بۆ لاوانی کوردیش گرنگی خۆی هەیە، لە مێژووی مرۆڤایەتییدا گەشەی بیر و زانست و تێکنۆلۆژی لە پێشکەوتنی میللەتان و دەوڵەتان دەوری بەرچاوی گێڕاوە. ئەگەر سەردەمێک ڕۆژنامە و ڕادیۆ و تەلەفزیۆن وەک ڕاگەیاندن لە گەشەی سیاسی و فەرهەنگی دەروی کاریگەرییان دەگێرا و تەنانەت ڕێڕەوێک بوون بۆ پاراستنی زمان و ئەدەبی نەتەوەکان و بڵاوکردنەوەی سیاسەتی دەوڵەتان، ئەوە ئێستا دنیای دیجیتاڵ ئەو دەورە دەگێڕێ کە خۆی لە دنیای مەجازیدا دەبینێتەوە.

بەداخەوە دەستڕاگەیشتنی وڵاتانی نادێموکراتیک و دیکتاتۆر بە زانست و تەکنەلۆژیای سەردەم، ئەم دەرفەتەشیان وەک مەترسی لە دژی گەلانی بێ دەوڵەت بەکار هێناوە. ئەگەر سەردەمێک نەتەوەی کورد لە ڕێگای ڕۆژنامە و ڕادیۆ و تەلەفزیۆن هەبوونی خۆی وەک نەتەوەیەکی جیاواز دەسەلماند، ئەوە هەر زوو دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان زمانی کوردییان یاساغ دەکرد و پێشیان بە چاپ و بڵاوبوونەوەی شوناسی کوردی دەگرت. ئەمڕۆکەش دەبینین کە بە سانسۆر و فیلتێر و پارازیت چۆن کۆماری ئیسلامی و هاوقەتارەکانی پێش بە دەنگ و شوناسی میللەتان دەگرن و ئیزن نادەن دەنگی جیاواز و نەتەوەی جیاواز سەر بەرز بکاتەوە.

لە تەنیشت هەموو ئەو سانسۆڕ و پاڕازیت و فیلتێرینگە دیجیتاڵییەی کە ڕێژیم بەسەر دنیای مەجازیدا سەپاندوویەتی بۆ کپ کردنی دەنگی ئازادیخوازی و سەربەستی نەتەوەکەمان، هەوڵەکانی گەشەی ناتەندرووستی ڕێژیم لە بوارەکانی سایبێری و سەربازیی مۆدێرندا، دوایین پەلەقاژەی ئەو ڕێژیمەیە لە پێناو پاکتاوکردنی نەتەوەکەمان و حیزبە سیاسییەکان.

### لاوانی زانستپەروەری کورد!

لەگەڵ هەموو ئەو مەترسییانەی کە حکومەتە دیکتاتۆڕ و خۆسەپێنەکان لە ڕێگای جۆراوجۆر و بە درێژایی مێژوو خستوویانەتە سەر نەتەوەکەمان، ئەوە لاوانی کوردیش لەمەیدانە جۆراوجۆرەکاندا بەرپەرچی هەرچەشنە هێرش و مەترسییەکییان داوەتەوە.

ئەگەر سەردەمێک ئەدیبان و نووسەران و وەرگێڕەکانی بواری زانست و ئەدەب، زمانی کوردییان بە شەونخونی خۆیان لە لەناوچوون دەپارست، ئەوە ئەمڕۆکە لەسەنگەری دنیای دیجیتاڵ کەم نین ئەو لاوانەی کە بەرهەمەکانی ئەم ئەدیب و هۆنەرانەی کوردییان بە دیجیتاڵی کردوە و زمانی کوردییان خستۆتە ناو ڕێزی زمانە جیهانییەکان لە دنیای پێشکەوتووی ئەم سەردەمە. هەروەها کەم نین ئەو مامۆستا و پسپۆڕانەی بواری ژێری دەسکرد کە لەم سەردەمە دەتوانن خزمەت بە زمان و شوناسی نەتەوەییمان بکەن.

### لاوانی هوشیاری کۆمەڵی کوردەواری!

چەندی لەسەر پیلانە جۆراوجۆرەکانی داگیرکەران بۆ تواندنەوەی نەتەوەکەمان و بەرپەرچدانەوەکانی لاوانی ژیر و شۆڕشگێڕی کورد بدوێین کەممان گوتووە، بەڵام نابێ لەبیری بکەین کە ئەم سەردەمە دیجیتاڵییە بۆ ئێوەی لاوان کەم نییە لە داو و تەپکە و پیلان.

ئەمڕۆژانە کە ئێوە قۆناغی تازەلاوی و لاویەتی تێدا تێپەڕ دەکەن، کۆماری ئیسلامی لە ڕێگای سیاسەتی تایبەت و بەلاڕێدا بردنی خواست و ویستەکانتان، دەیهەوێ ئاستی داخوازییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانتان دابەزێنێت و ناوەرۆک و سرووشتی لاوانەتان ناچالاک بهێڵێتەوە. هەربۆیە ئەو دەرفەتەی لاویەتی لە کیس خۆتان مەدەن و ئەوپەڕی کەڵکی خۆتان لەو قۆناغەی تەمەن وەرگرن، خوو و خدەکانتان تاوتوێ بکەن و بژاردەکانتان هوشیارانە بێت. با ڕوحی پرسیارکەری لاوانەتان گوڵ بکات و بەدواداچوون بۆ ناسینی هەرچی زیاتری هونەرمەندان و نووسەران و ڕووناکبیران و مامۆستایان و سیاسەتمەداران و ڕێبەرانی دەگمەن و مەزنی کورد بکەن و گوێیان بۆ بگرن و بیانکەنە سەرمەشقی خۆتان، ئەوە ڕێک ئەو شتەیە کە دووژمن لێی دەترسێت. ڕێژیم دەیهەوێ ئێوە لە شوناسی کوردی و قارەمان و کەسایەتییەکانی کورد دابماڵێت، بەڵام ئێوە لە خوو گرتن و شانازی کردن بە مێژووی درەوشاوەی کورد و هەنگاونان بۆ داهاتوو، بە ئەزموون وەرگرتن لە هەڵەکانی ڕابردوو سڵ مەکەنەوە.

**ئێمە هەر سەردەکەوین و دەبێ جیلی ئێمە ڕووخانی کۆماری ئیسلامی ببینێت.**
**ئێوە هەر سەرکەوتوو بن و کوردستان ئاوەدان**

**١٢ی ئاگۆستی ٢٠٢٤**



سەرچاوە
Serchawe

## پەیامێک لە دووهەمین ساڵیادی شەهیدکرانی ژینا ئەمینی و پشتیوانی لە مانگرتنی ٢٥ی خەرمانان




٢٥ی خەرمانانی ئەمساڵ، دوو ساڵ بەسەر شەهیدکرانی ژینا ئەمینی بە دەستی بەکرێگیراوانی کۆماری ئیسلامی لە تاران تێپەڕ دەبێ. ئەم جینایەتە وەک قەتڵە حکومەتییەکانی پێشوو بەسەر تاراندا تێنەپەڕی و هەر زوو خەڵکی وەزاڵەهاتووی ناوچە جیاجیاکانی ئێران و کوردستان یەکگرتووانە خاوەنداریەتییان لەم ڕۆڵە بێتاوانەی گەلی کورد کرد و ڕاپەڕینی سەرتاسەری گەلانی ئێران بە ویست و داخوازی سەردەم، پاش زیاتر لە چوار دەیە حوکمڕانی کۆماری ئیسلامی سەری هەڵدا کە ڕیشەی لە مافخوازییەکی بنەڕەتی ئەو گەل و نەتەوانەدا هەبوو.

نەتەوەی کورد لە هەموو چین و توێژەکان بە لاوان، ژنان، خوێندکاران، مامۆستایان و کرێکاران بە دروشمگەلی نەتەوەیی و مۆدێرن کە پێداگرییان لە ڕامالینی داگیرکەر و تێپەڕین لە قۆناغی داگیرکاری دەکرد، سەروەرییەکی نەتەوەیی گەورەیان تۆمار کرد کە لە بیرەوەری نەوەی نوێدا وەک هەرەوەزێکی هاوبەش و یەکگرتوو بە بەرزی دەمێنیتەوە.

**بزووتنەوەی "ژینا" بە دروشمی سەرەکیی "ژن، ژیان، ئازادی" هەڵگری کۆمەڵێک تایبەتمەندی و وانە و دەسکەوتی نوێ بوون کە نابێت لەبیریان بکەین:**

١- لە کاتێکدا کە دەسەڵاتی زاڵ لە تارانەوە سیستماتیک لە هەوڵی سڕینەوەی تایبەتمەندیی نەتەوەییدایە، بزووتنەوەی ژینا ئەو دەرفەتەی خوڵقاندووە کە جارێکی دیکە نەتەوەکانی ئێران بە هاودەنگی و هاوخەباتی خۆیان پرسەکانیان بهێننە گۆڕێ و خەبات بکەن بۆ وەدەستهێنانی مافەکانیان، کە بەداخەوە لەناو ڕیزەکانی ئۆپۆزیسیۆنیشدا کەم نەبوون ئەو لایەنە غەیرە کوردانەی کە بە عەقڵییەتی پاوانخوازانە دەجووڵانەوە و جارێ دووبەرەکی و لێکترازانی هاودەنگییان دەدا و ڕوانینیان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی بۆ پرسی نەتەوەکان هەر وەک یەک بوو.

٢- خۆڕسکبوون و خۆماڵێبوون و پشتئەستووربوونی بزووتنەوەکە بە هێزی جەماوەر، ئەو چەکە بوو کە کۆماری ئیسلامی لێی دەترسا، هەر بۆیەش هەوڵی دەدا بە پڕوپاگەندەی درۆیین خەباتی نەتەوەی کورد بە وڵاتانی بێگانەوە بلکێنێت کە ئەمەش ئەسڵ و ئەساسی نەبووە و نییە.

٣- ئاشنابوونی جیلێکی نوێ لە لاوانی کۆمەڵگا بە نێوەڕۆکی کۆماری ئیسلامی و تێگەیشتنیان سەبارەت بە زەوتکرانی ماف و ئازادییەکانیان و ئاوێتەبوونیان لەگەڵ ڕۆحی نەتەوەییی سەردەم، دەرفەتێکی نوێی خوڵقاندووە بۆ ڕاماڵینی داگیرکەر.

٤- بەرچاوبوونی دروشمی نەتەوەیی و شوناسخوازانە کە ڕیشەیان لە هەناوی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کورددا بوو، پێمان دەڵێت کە کۆمەڵگای کوردی داگیرکاریی هزری ڕەت کردۆتەوە و لە پێشوو شوناسخوازترن.

٥- پێشەنگایەتی توێژی ژنان و بەرچاوبوونی دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی" توانی دەسەڵاتی کۆنەپەرەستی ئیسلامیی ئێران وەلەرزە بخات و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بهێنێتە سەرخەت و دەرفەتی بەشداریی سیاسی زیاتر بۆ ژنان دابین بکات.

٦- شکستی ڕەفتاری تاکڕەوانەی هەندێک لایەن و کەوتنە پاڵ بازنەیەکی چەقبەستووتر و چاونەزێرتر لە کۆماری ئیسلامی بە نیسبەت پرسی کورد لە نێو ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی، وێڕای هەموو زیانەکانی بەڵام تێگەیشتن و بایەخی نوێ لە پرسی نەتەوەیی دروست کرد، ئەویش سزای گەل و چوونەسەرەوەی باجی لادان لە پرەنسیپە نەتەوەیییەکان بوو لە نێو کۆمەڵگای کوردی.

٧- دەسەڵاتی هەرۆڵی کۆماری ئیسلامی زیاتر لە جاران نێوەڕۆکی پووشاڵی خۆی دەرخست و هێزی جەماوەر سەلماندی کە دەتوانێت قەڵای زۆرداری تاران هەڵتەکێنێ و زەبروزەنگ کاریگەریی لەسەر دەربڕینی ناڕەزایەتی و ویست و داخوازییەکانیان نییە.



سەرچاوە
Serchawe

٨- خاوەنداریەتی کۆمەڵگا لە حیزبە کوردییەکان بەتایبەت حیزبی دامەزرێنەری کۆماری کوردستان چ پاش مووشەکباران و چ لە ڕەوتی خۆپیشاندانەکاندا ڕەوایی و بەردەوامیی لە خەباتی سیاسی و پێشمەرگانە چەندهێندە کرد.

٩- پێشەنگایەتی بنەماڵەی شەهیدان لە بەردەوامیی و گڕوتین بەخشین بە خەبات و بزووتنەوەکە شایانی ڕێزە و ئەرکی هەموو لایەک قورستر دەکات کە ڕێبوارێکی بەئەمەگی ڕێبازی ڕزگاریخوازیی ڕۆڵەکانیان بین و خەونی شەهیدەکانیان وەدی بێنین.

١٠- دروستبوونی بەستێنێکی نوێی خەباتی جەماوەری و بەرهەڵستیی مەدەنی کە لە درێژەی بزووتنەوەی ژینادا و لە شانۆگەری هەڵبژاردنەکانی ڕێژیم بەشێوەی هەرەوەزیی بایکۆت خۆی نیشان دا.

**هاونیشتمانیانی خۆشەویست!**

لەسەر یەک ئەزموون و وانە و دەسکەوتەکانی ئەم بزووتنەوەیە پاش دوو ساڵ دەکرێ هاندەر بن بۆ بەردەوامیمان لە خەبات تا ڕامالێنی داگیرکەر و ئەمەش بە بەشداریی هەمەلایەنەی چین و توێژەکانی کۆمەڵگا و پشتئەستوور بە جموجووڵە خۆماڵییەکان دەکرێت.

ئێمە ڕێکخراوە جەماوەری و مافپارێزەکانی کوردستان لە دووهەمینساڵیادی راپەڕینی پڕشکۆی ژینادا، سەری ڕێز و وەفا بۆ شەهیدان و بنەماڵە سەربەرزەکانیان دادەنەوێنین و پشتیوانیی خۆمان لە بانگەوازی حیزبی دێموکرات و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ بۆ مانگرتنی گشتی لە ڕۆژی ٢٥ی خەرمانان دووپات دەکەینەوە و داواکارین هەموو لایەک لەم ڕۆژەدا بە داخستنی دووکان و بازاڕەکان "نا"یەکی دیکە بە کۆماری ئیسلامی بڵێنەوە و درێژە بە بزووتنەوەی حەقخوازانەی خۆتان بدەن.

٢٣ی خەرمانانی ٢٧٢٤ی کوردی = ٢٣ی شەهریوەری ١٤٠٣ی هەتاوی

١٣ی سپتامبری ٢٠٢٤ی زایینی



سەرچاوە
Serchawe




**کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی**

**خەزەڵوەری ٢٧٢٤ی کوردی = نۆڤەمبەری ٢٠٢٤ی زایینی**



# سپاس و پێزانین

**بۆ هاوڕێ پێشەوا عەلیپوور بۆ نووسین و ئامادەکردنی دیمانە و وتارەکان.**

**دەستتان خۆش و هەروا قەڵەم ڕەنگین بن بۆ گەل و نیشتمان.**

**ڕەحمان نەقشی**

